حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا

نامەیەکە
بەدرخان سلێمان عەلی

پێشکەشی ئە نجومەنی سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ( دکتۆرای فەلسەفە ) لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت
پ. د. طالب حسين على

٢٧١٥ کوردی ٢٠١٥ زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردی لەبواری (پراگماتیک)دا.

ناو : پ.د. طالب حسين علي

بەروار/ ١ / ٧/ ٢٠١٥

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی. د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار/ / ٧/ ٢٠١٥

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی(                ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ د. وریا عومەر ئەمین
سەرۆکی لیژنە
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

ناو: پ.ی. د. سەباح ڕەشید قادر
ئەندام
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

ناو: پ.ی د. عومەر مەحموود کەریم
ئەندام
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

ناو: پ.ی. د. ئازاد ئەحمەد مەحموود
ئەندام
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

ناو: پ.ی. د. شەهاب طیب طاهر
ئەندام
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

ناو: پ. د. طالب حسین علي
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: ٢٧/ ٨/ ٢٠١٥

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو:
سەرۆکی سکوڵی زمان
بەروار:   /  / ٢٠١٥

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

دایك و باوکی خۆشەویستم

**هاوژینی** خۆشەویستم، جگەرگۆشەکانم (**هۆنیا** ، **نوا** ، **میلا** )

خوشك و برا ئازیزەکانم

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانیم بۆ:

١- بەشی کوردیی سکوڵی زمان کە هەلی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندین.

٢- مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز (پ. د. تاڵیب حوسێن عەلی) کە بەوپەڕی دڵسۆزیو لەخۆبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ، بە تێبینییە ورد و بەسوودەکانی ڕێنمایی کردم و تاکۆتایی هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوو.

٣- خێزانەکەم کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، یارمەتیدەرم بوو لە تەواوکردنی ئەم نامەیەدا.

٤- هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی، کە بەیەك وشەش یارمەتییانداوم.

# ناوەرۆك


**لاپەڕە** **بابەت**

**پێشەكی ........................................................ ١**

٠/ ١ ناونیشان و بواری نامەكە ........................................ ١

٠/٢ هەڵبژاردنی بابەتەكە ........................................ ١

٠/٣ كەرەستە و سنووری نامەكە ........................................ ١

٠/ ٤ ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە ........................................ ٢

٠/ ٥ ناوەڕۆك و بەشەكانی نامەكە ........................................ ٣

**بەشی یەكەم: زمان و پرۆسەی پەیوەندیكردن .................... ٤ – ٤٢**

١-١ پرۆسەی پەیوەندیكردن ........................................ ٤

١-١-١ تەوەرەكانی پەیوەندیكردن ........................................ ٥

١-١-١-١: پەیوەندی گوتەیی ........................................ ٦

١-١-١-٢: پەیوەندی ناگوتەیی ........................................ ٨

١-١-٢: ڕەگەزەكانی پەیوەندیكردن ........................................ ٨

١-١-٣ پەیوەندیكردن بە گوێرەی بەشداربووان ........................................ ١٥

١-١-٤ جێبەجێكردنی پرۆسەی پەیوەندیكردن لە زماندا ........................ ١٦

١-١-٥ خاسیەتەكانی پەیوەندیكردن ........................................ ١٧

١-١-٦ ئەركی پەیوەندیكردن ........................................ ١٨

١-٢ دەوروبەر ........................................................ ٢١

١-٢-١ دەوروبەری زمانی ........................................................ ٢٢

١-٢-٢ دەوروبەری نازمانی ........................................................ ٢٤

١-٢-٢-١ دەوروبەری سۆزداری ........................................................ ٢٥

١-٢-٢-٢ دەوروبەری هەڵوێست (فیزیکی) ........................................................ ٢٦

١-٢-٢-٣ دەوروبەری کەلتورری ........................................................ ٢٧

١-٢-٢-٤ دەوربەری کۆمەڵایەتی ........................................................ ٢٨

١-٣ ئاخاوتن ........................................................ ٢٨

١-٣-١ یاساکانی ئاخاوتن ........................................................ ٣١

١-٣-٢ ڕەگەزە هاوشانە زمانییانەکان ........................................................ ٣٢

١-٣-٢-١ ڕەگەزە هاوشانە زمانییە ناوەکییەکان ........................................................ ٣٢

١-٣-٢-٢ ڕەگەزە هاوشانە زمانییە دەرەکییەکان ........................................................ ٣٥

١-٣-٣ شیکردنەوەی ئاخاوتن ........................................................ ٣٦

١-٣-٣-١ قۆناغەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن ........................................................ ٣٦

١-٣-٣-٢ شێوازەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن ........................................................ ٣٧

**بەشی دووەم : کردەی ئاخاوتەیی و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان ... ٤٣- ٨٧**

٢-١ کردەی ئاخاوتن ........................................................ ٤٣

٢-٢ لێکەوتەی ئاخاوتەیی ........................................................ ٥٣

٢-٢-١ جۆرەکانی لێکەوتە ........................................ ٥٧

٢-٢-١-١ لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی ................................ ٥٨

٢-٢-١-٢ لێکەوتەی ئاخاوتەی نانەریتی ................................ ٦٠

٢-٢-١-٣ لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی ................................ ٦١

٢-٢-١-٤ لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی ................................ ٦١

٢-٢-١-٥ لێکەوتەی ئاخاوتەیی پێوانەیی ................................ ٦٢

٢-٢-١-٦ لێکەوتەی ئاخاوتەیی ستاندارد ................................ ٦٢

٢-٣ بنەمای هاریکاری ........................................ ٦٣

٢-٤ بنەمای ڕێزگرتن ........................................ ٦٨

٢-٤-١ مەگزیمەکان و بنەماکانی ڕێزگرتنی لیچ ................................ ٧١

٢-٥ بەزاندنی بنەمای هاریکاری ........................................ ٧٨

٢-٦ لێکەوتەو میتافۆر ........................................ ٨٥

**بەشی سێیەم: دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان ٨٨- ١٤١**

٣-١ کەسایەتی نووسەر ........................................ ٨٨

٣-٢ پوختەی ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند) ........................................ ٨٩

٣-٣ دیاریکردنی نموونەکان ........................................ ٩١

٣-٤ بەزاندنی بنەماکان و دەرهێنانی لێکەوتەکان ........................................ ٩٢

**ئەنجام ........................................ ١٤١- ١٤٢**

**سەرچاوەکان ........................................ ١٤٣**

**خلاصة الدراسة** ........................................................ ١٥١

**Abstract** ............................................................ ١٥٣

# پێشەکی

# پێشەکی

## ٠/ ١ ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە ( لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا)، ڕۆمانی( تەمی سەرخەرەند)ی شێرزاد حەسەن وەك نموونە وەرگیراوە. بەمەش بواری نامەکە لە ئاستی پراگماتیکدایە، کە لێکدانەوەی پراگماتیکییانەی دەقەکانی ناو ڕۆمانەکە لەخۆ دەگرێ.

## ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

ئەگەرچی بابەتی لێکەوتەی ئاخاوتن لەچەند لایەنێکەوە باس و توێژنەوەی لەسەر کراوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم بابەتە لەسەر دەقی ڕۆماندا، وەکو دەقێکی ئاڵۆز و تێکچرژاو جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش زیاتر بووە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە.

## ٣/٠ کەرەستە و سنووری نامەکە :

کەرەستەی نامەکە بریتییە لەو دەق و گوتنانەی کە لەناو ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا هەیە، کە لەشێوەی ئێستایی ئاخێوەرانی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ شێوازی نووسین و دەربڕینی ئەدەبی نووسەر کە لەڕۆمانەکەدا خراوەتە ڕوو. هەروەها هەوڵدراوە زۆربەی نموونەکانی نێو دەقەکانی ڕۆمانەکە وەربگرین، کە لێکەوتەکانی ئاخاوتن و بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لای گرایس لەخۆ دەگرن.

## ٠/ ٤ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

بەوپێیەی توێژینەوەکە لەئاستی پراگماتیکدایە، کە پەیوەستە بە ڕاڤەکردنی پراگماتکییانەی دەقەکانی ناو ڕۆمانەکە، نامەکە بە گشتی لە لێکدانەوەی نموونەی دەقەکاندا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفیی شیکاری کردووەو پشتی بە تیۆرەکەی گرایس بەستووە لە هەڵێنجاندنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان.

## ٠/ ٥ ناوەرۆك و بەشەکانی نامەکە :

دوای ئەم پێشەکییە کورتە، ئەم نامەیە لە سێ بەش و ئەنجام پێکدێ:

بەشی یەکەم: لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێ، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پرۆسەی پەیوەندیکردن کراوە، کە تیایدا جۆر و ئەرك و چۆنیەتی جێبەجێکردن و خاسیەت و ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن ڕوونکراوەتەوە، لە تەوەری دووەمدا باسی دەوروبەر و جۆرەکانی دەوروبەر کراوە، تەوەری سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئاخاوتن و یاساکان و شیکردنەوەی ئاخاوتن و قۆناغەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن، دواتر تیشك خراوتە سەر ئەو ڕەگەزە زمانییە ناوەکی و دەرەکییانەی بەشداری لە ئاخاوتندا دەکەن، هەروەها ئاماژە بە شێوازەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتنیش کراوە.

بەشی دووەم: چەند تەوەرێکی سەرەکی لەخۆ دەگرێ، سەرەتا بابەتی کردەی ئاخاوتن خراوەتە ڕوو، پاشان تیشك خراوتە سەر لێکەوتە و جۆرەکانی لێکەوتەو بنەمای هاریکاری و بنەمای ڕێزگرتن، دواتریش چۆنییەتی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری بەنموونەوە ڕوونکراوەتەوە، لەکۆتایی بەشەکەشدا، ئاماژە بە پەیوەندی نێوان میتافۆر و لێکەوتەی ئاخاوتەیی کراوە.

بەشی سێیەم: بەشێکی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، لە تەوەری یەکەم تیشک خراوەتە سەر کەسایەتی ڕۆماننووس و لەتەوەری دووەمدا پوختەی ڕۆمانەکە ڕوونکراوەتەوە، لە تەوەری سێیەمیش چۆنییەتی دیاریکردنی نموونەکان ڕوون کراوەتەوە، تەوەری چوارەمیش بۆ بەزاندن و لادان لە بنەماکانی هاریکاری گرایس تەرخان کراوە، کە لە هەر نموونەی دەقێکی وەرگیراو لە ڕۆمانەکەدا جۆری بەزاندنەکان دەستنیشانکراون، لەگەڵ ئەو لێکەوتە ئاخاوتەییانەی کە لەئەنجامی بەزاندنی بنەماکانەوە بەدیدەکرێن، هەڵێنجراون و لێکدانەوەیان بۆکراوە. دواتر بە گرنگترین ئەنجامەکان و ڕیزکردنی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بە نامەکە دێ.

# بەشی یەکەم

## زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

# بەشی یەکەم

## زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

### ١-١ پرۆسەی پەیوەندیکردن

گرنگی پەیوەندیکردن لەوەدایە مەرجێکی گرنگی بەردەوامبوونی ژیانە لە هەموو بوونەوەرێکدا، بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لە لەناوچووندا، هەروەها دابەشکردنی کارو ئەرکەکانە لەنێوان یەکتریدا. مرۆڤیش کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن پەیوەندییە، زۆر دەمێکە هەستی بەوە کردووە ناتوانێ بەبێ پەیوەندی بەردەوامی بەژیان بدا، ئەم پەیوەندییەش لە تاکەوە دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵ (نایف خرما: ٢٠١٣: ٢٦٧).

زمانی سروشتی هۆکارێکی سەرەکییە کە مرۆڤ بتوانێ پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵەکەی دروست بکا، بۆیە لە ڕێگای جۆرەکانی پەیوەندیکردنەوە (زمانی و نازمانی) مرۆڤ توانیویەتی بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵایەتی بدا، هەر لە ڕێگای جۆرەکانی پەیوەندییەوە کۆمەڵگە جیاوازەکان توانیویانە شارەزای کەلتوری یەکتر بن و ئاگاداری مێژووی مرۆڤایەتی بن.

مرۆڤ دوو جۆر ڕێگای بۆ پەیوەندیکردن بەکارهێناوە ئەویش پەیوەندی زمانی و پەیوەندی نازمانییە، لە هەریەکێکیان چەند بەشێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بەشداری لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەکەن، هەردووکیشیان پێویستن بۆ مرۆڤ و تەواوکەری یەکترن.

زمان و پەیوەندی وەك بازنەیەکی گرێدراو تەواوکەری یەکترن، مەبەست لە پەیوەندیکردن گۆڕینەوەو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیر و هزر و ڕاستی و هەست و سۆز و وێناکردنەکانە، کە بەهۆی پەیوەندیکردنەوە لەنێوان تاکەکان ئەنجام دەدرێ. ئامانجی سەرەکیش لە پرۆسەی پەیوەندیکردن ناردن و گەیاندنی پەیامە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا ئەنجام دەدرێ( طالب حسین: ٢٠١٤: ٢٢٠)، بەواتایەکی دیکە پەیوەندی کردن ئەوەیە لایەنێك پەیامێکی هاوبەش ئاراستەدەکا، لایەنی دووەم پێشوازی لێدەکا، ئەمە مەرجی سەرەکی پەیوەندیکردنە، بەبێ پەیام و پێشوازیکردن، پەیوەندیکردن

دروست نابیٚ، ئەمە لە ڕووی پەیوەندیکردنی تەسکەوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندیکردن وەربگرین، ئەوا جگە لە (زمانی قسەکردن– زمانی نووسین– زمانی کەڕوڵاڵ) ئەو پەیوەندیکردنە چەند لایەنێکی دیکەش دەگرێتەوە، بۆنموونە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاژەڵ یان لەنێوان سیستەمە زانستی و تەکنیکییەکان، یان پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئامێر کە پێی دەوترێ( پەیوەندی میکانیکی مرۆیی) و سیستەمی پەیوەندی هێمایی سەر ڕێگاکان و ڕاگەیاندن و ژمارەی ئۆتۆمبێل و ژووری ئوتێل (عبدالله ابراهیم : ١٩٩٦: ٨٧)و چەندین جۆری دیکەی پەیوەندیکردن [١] هەموویان دەچنە ناو پرۆسەی پەیوەندیکردنەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو پەیوەندییە ئاساییەیە کە لەنێوان خودی مرۆڤ دروست دەبیٚ، ئنجا ئەم پەیوەندییە، بەهەر جۆرێك لە ڕێگاکانی پەیوەندیکردن بیٚ.

## ١-١-١ تەوەرەکانی پەیوەندیکردن:

بەپێی تێڕوانینی سیمۆلۆجی (simiology)، زانستی زمان بەشێکە لە سیستەمی هێماکان، هێمای پەیوەندیش دوو تەوەر لەخۆ دەگریٚ ئەوانیش پەیوەندی و نیشانەکانن، هەریەك لەمانەش چەند لقێکیان لیٚ دەبێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە بیٚ تەوەرەکانی پەیوەندییە کە دوو بەشە( پەیوەندی گوتەیی و پەیوەندی ناگوتەیی).

[١] جگە لەم پەیوەندییانەی باسمان کردن چەندین جۆری دیکەی پەیوەندی هەن وەکو پەیوەندی لەڕێگای هەستەکانەوە وەك پەیوەندی بۆن کردن و دەست لێدان، کە ئەوەی دووەمیان لەلایەن نابینایانەوە ئێستا لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا بەکاردیٚ ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (برهان شاوی:٢٠٠٣ : ١٢)

### ١-١-١-١: پەیوەندی گوتەیی:

تەنیا ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام دەدرێ بەهۆی کردە ئاخاوتەییەکانەوە، ئاڵوگۆڕی قسەکردنە لەنێوان ئاخێوەر کە دەربڕاوێك بەرهەمدەهێنێ و ئاراستەی ئاخێوەری دووەم یان گوێگرانی دەکا (محمد نظیف:٢٠١٠: ٢٢)، ئاخێوەر دەتوانێ ویست و ئامانجی خۆی بگەینێتە بەرانبەر و وەریبگرێ، لەبەرانبەریشدا گوێگر کە وەرگری پەیامەکەیە، بەپێی زانیاری و تێگەیشتنی خۆی لەم کردە ئاخاوتەییانە کاریگەر دەبێ وەلاَمی ئاخاوتنەکە دەداتەوە (عبدالله ابراهیم: ١٩٩٦: ٨٧).

لە پەیوەندی گوتەییدا دەتوانین میکانیزمەکانی پەیوەندی پۆلبکەین، کە لەڕێگای گوتنەوە ئەنجامدەدرێ وەکو یەکەیەکی پراگماتیکی، ئەوانیش:

١- ئاخاوتن: لە تەوەری سێیەم بەدرێژی لێی دواوین بڕوانە ل ٢٨.

٢- دیالۆگ: وەکو یەکەیەکی پەیوەندی گوتەیی بەمەبەستی لێك نزیککردنەوی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکانە لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا، واتە بەمەبەستی باوەڕپێهێنان یان ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر و لایەنگیرانی ئەو بۆچوونە جیاوازەیەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، کەچی لە ئاخاوتن ئەم مەبەستە نییە، کە خاڵی جیاوازی نێوان ئاخاوتن و دیالۆگە هەروەها لە دیالۆگ ئەو ئازادییە بەدی ناکرێ و بابەت دیاریکراوە و نابێ لەبابەتی دیاری کراو لابدەن (خلیفة المیساوی:٢٠١٢: ٥٣).

٣- دیبەیت (المناظرة): بریتییە لە گفتوگۆی نێوان دوو تیم لەبارەی بابەتێکی دیاریکراودا، کە هەریەکەیان بۆچوونی جیاوازییان هەیە لەبارەیەوە، لێرەدا هەوڵدەدرێ یەکێك لە بۆچوونە جیاوازەکە بەتاڵ بکرێتەوە، لە ڕێگای پێشکەشکردن و خستنە ڕووی ڕاستییەکان و سەلماندنی ئەو ڕاستییە و دانپێدانانییەوە، لەلایەن یەکێك لە تیمە بەشداربووەکانەوەو سەرخستن و نیشاندانی ڕاستی و دروستی بۆچوونی بەرانبەر(نورالدین اجعیط: ٢٠١٢: ١١٧).

کەواتە دیبەیت گفتوگۆیەکی جەدەلییە لەبارەی بۆچوونە جیاوازەکانی سەر بابەتێکی دیاریکراو، دەشێ ئەم بابەتە بابەتی ئایینی، سیاسی، پەروەردەیی ...تاد، بێ. سەرکەوتن و بەڕێوەچوونی دیبەیتەکەش لە ڕێگای چەند یاساو ڕێسایەکە، کە بەشداربووان پێیەوە پابەند دەبن.

٤- چاوپێکەوتن/ لێپرسینەوە(المقابلة/الاستجواب): ئەم جۆرە پەیوەندییە گوتەییە زیاتر پەیوەندی بە بواری پیشەییەوە هەیە، کە تیایدا بەشداربووان ڕەچاوی هەندێ بنەما دەکەن، کە بەشێوەی پرسیار و وەڵام دەبێ، هەورەها چاوپێکەوتن و دیداری تەلەفزیۆنیش، بەهەمان شێوە پابەند دەبن بەکات و بابەتەوە، نێرەر پرسیار لە بەشداربووەکە دەکا، بوار بە وەڵامدەرەوە نادا لەبابەت دەربچێ، پرسیارەکان پێشتر ئامادەکراون. هەروەها بەشێکی دیکەی ئەم جۆرە پەیوەندییە گوتەییە لێپرسینەوەیە، واتە پەیوەندییەکە لەشێوەی پرسیار و وەڵام دەبێ، سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو، ئنجا بابەتەکە دادوەری بێ یانیش کێشەیەکی کۆمەڵایەتی... تاد (خليفة الميساوي:٢٠١٢: ٥٤).

٥- سیمینار: توێژینەوەیەکی بچووکە لەبارەی کێشە یان بابەتێکی دیاریکراو، کە پێشکەشکار نمایشی کێشەیەك بۆ ئامادەبووان دەکا، لەلایەن ئامادەبووانیشەوە پرسیار لەبارەی بابەتەکە دەکرێ پێشکەشکار وەڵامیاندەداتەوە، لە شێوازی پێشکەشکردندا دەشێ پێشکەشکار، شێوازێکی وا بەکاربهێنێ کە بەشداربووان هەست بە بێزاربوون نەکەن(حسن بدوح:٢٠١٢: ٩٣).

٦- کۆبوونەوە- الاجتماع: ئەو کۆبوونەوە دیاریکراوانە دەگرێتەوە، کە تایبەتە بۆ تاوتوێ و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو یان بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکەدا، ئەم کۆبوونەوەیەش لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە ئەنجام دەدرێ. ئەمەش ئەو کۆبوونەوانە دەگرێتەوە کەلەلایەن دام و دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵە و پارت و لایەنە سیاسییەکان یان دام و دەزگا فەرمییەکانەوە ئەنجام دەدرێ، لە کۆبوونەوەکەدا یەکێك دەبێتە لێپرسراوی کۆبوونەوەکە و بابەتەکان دەخاتە ڕوو لەلایەن بریاردەرێکیش کۆبوونەوەکە ڕێکدەخرێ. لە کۆبوونەوەدا بەشداربووان مافیان هەیە بە ئازادانە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن لەسەر بابەتە دیاریکراوەکەدا (حسن بدوح:٢٠١٢: ٩٣).

### ١-١-١-٢: پەیوەندی ناگوتەیی:

بویسنیس ئەم جۆرە پەیوەندییە بە پەیوەندییە نائاساییەکان ناو دەبا، بەپێی سێ پێوەر دابەشیان دەکا: پێوەری ڕێکخەری نیشانەکان، کە هێماکانیان چەسپاو و هەمیشەیین، وەکو بازنەو لاکێشەو سێگۆشە و هێماکانی هاتوچۆ، کە پۆلێکی زۆر دیاریکراو لە نیشانەکان پێکدەهێنن. دووەمیش پێوەری نیشانە ناڕێکخراوەکان، کە هێماکانیان چەسپاو و هەمیشەیی نین، وەکو پۆستەرەکانی ڕێکلامکردن، ڕەنگ و شێوەکانیان جیاوازن، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی بەرکاربەر بۆ جۆرێك لە کالأکان. سێیەمیش پێوەری هێماییە، کە نیشانە واتاییەکەی پەیوەندییەکی پتەوی بە شێوەکەیەوە هەیە، وەکو ئەو دروشمە بچووکانەی کە لەسەر چەتری بەردەم مارکێتەکان وێنەیان دەکێشرێ، ئاماژەن بۆ هەبوونی ئەم جۆرە کالأیانە (عبدالله ابراهیم : ١٩٩٦: ٩٢).

هەرچەندە پەیوەندی زمانی پێشکەوتوتر و سەرکەوتووترە بۆ پەیوەندیکردن، لەپاڵ ئەمەشدا مرۆڤ دەستبەرداری پەیوەندی نازمانی نابێ ـ ئەگەر بەسەرەتای پەیوەندیکردنی دابنێین ـ لەخزمەتی پەیوەندی زمان ماوەتەوە کە لە هەندێ دۆخدا، پێویستن و مرۆڤ پەنای دەباتە بەر بۆ تەواوکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن بەتایبەتی لەزمانی قسەکردندا.

### ١-١-٢ ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن:

پەیوەندی لە ڕووی زاراوەوە ئەو پرۆسەیە کە کەسێك لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ئەنجامی دەدا بۆ گواستنەوەی ئەو پەیامەی کە زانیاری هەڵگرتووە، یان گواستنەوەی هەستێك بۆ کەسی بەرانبەر بە هەر مەبەستێك بێ، ئەمەش لە ڕێگای هێماو وێنە و نیشانەکان دەبێ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ژاوەژاوەی کە لەسەر پەیوەندیکردنەکە دروست دەبێ. بەردەوامی پرۆسەکە بە گەیشتنی زانیارییەکانە بۆ گوێگر، بۆیە ئەگەر تێگەیشتن لە پەیوەندیدا دروست نەبێ واتە گەیاندنەکە دروست نییە، ئەم نەگەیاندنەش، مەرج نییە پەیوەست بە گوێگرەوە بێ، چونکە کۆمەڵێك ڕەگەزی تر بەشداری لەو پرۆسەیە دەکەن، بۆیە لەوانەیە گرفت لە یەکێك لەو ڕەگەزانە هەبێ، لە شیکردنەوەی ئاخاوتن، دەبێ ئاماژەی پێبکرێ، بۆیە زمانناسان هەوڵیانداوە، ئەو ڕەگەزانە دەستنیشان بکەن، لەمبارەیەوە چەندین دابەشکردن بۆ ئەو

ڕەگەزانە کراوە، بەڵام دابەشکردنەکەی (ڕۆمان یاکۆبسن) بە شیاو دەزانین، بۆ دیاریکردنی ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن**(67:** Jakobson:1987) . ئەوانیش بریتین لە:

١- نێرەر (ئاخێوەر) (speaker/ sender):

یەکێکە لە دانەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، ئەمەیان دەشێ کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی (دەزگاو دامەزراوەکان)بێ، ئەو لایەنەیە کە پێشنیازی پەیوەندیکردنەکە دەکاو پەیامەکەی ئاراستەی کەسێك یان چەند کەسێك دەکا. ئەو ئەندامە لە بازنەی کردەی پەیوەندیکردندا خاڵی دەستپێکە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو جۆرە پەیوەندییەك نێرەر سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندییەکە بێ وەکو (ڕیکلامەکان) پەیام سەرەتای دەستپێکردنە، چونکە ئەگەر بیرێك یان زانیارییەك نەبێ، ئەوا نێرەر بۆ وەرگری نانێرێ (سروه فیصل:٢٠١٠ :١٥). نێرەر بەسەرچاوەی پەیوەندییەکە دادەنرێ و بەبێ ئەو، ئاخاوتنەکە دروست نابێ، ئەو گوتنەکان ئاراستەی لایەنی بەرانبەر دەکا، بۆ ئەوەی بازنەکە تەواو بێ، نێرەر ئەو کۆدانە دەستنیشان دەکا کە لەگەڵ پلە و پایەی وەرگر دەگونجێ، نێرەر دەبێ شارەزای زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکە بێ، بۆ ئەوەی کۆدەکان بەشێوەیەکی دروست دەربڕی ئەو بیرە بن، کە لە مێشکیدایە و بەشێوەیەکی وا دایان بڕێژێت، چونکە نێرەر تەنیا مەبەستی گۆڕینی ناوەڕۆکی بیرەکە نییە بۆ هێما زمانییەکان بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدا دەربڕینەکانی بەشێوەیەکی ئەدەبی بێ و لەگەڵ یاساکانی زمانەکەو یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان و کۆمەڵگاکە بگونجێ و شیاوبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ (دارا حەمید:٢٠١٢: ٦٠).

٢- پەیام massage :

مەبەست لەو زانیاری و ڕاو بۆچوون هەست و ئاراستانەیە کە نێرەر مەبەستیەتی بیگەیەنێتە کەسانی دیکە لە ڕێگای هێما دەنگییەکانەوە کە قسەکردنە- یانیش نووسین یانیش نیشانەکانن، یان جوڵەیی بن وەکو نیشانەکان، یانیش تێکەڵەیەك لە هەموویان بێ، لە ڕێگای کەناڵی پەیوەندیکردنەوە بۆ وەرگری دەنێرێ (سحر کاظم:٢٠٠٢: ١١٥)، پێویستیش ناکا واتای ئەو پەیامەی وەرگر و نێرەر

ئاراستەی یەکتری دەکەن وەك یەك بن، چونکە تاکەکان لە زانیارییەکان دەگەن و بە ڕێگای تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنن، بەڵام بۆ سەرکەوتنی پەیوەندییەکە دەبێ ئەو هێمایانە لەلایەن نێرەر و وەرگرەوە ناسراو بن، بەشێوەیەك بن کە شیاوی گواستنەوە بن، کاریگەری تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیوەندییەکە دەوەستێتە سەر قەبارەی زانیارییەکان و ئاستی زانیارییەکان لەڕووی سادەیی و ئاڵۆزییەوە، هەروەها ئەگەر زانیارییەکان بەپێی پێویستی بابەتەکە نەبوو وەرگر بەتەواوی لە مەبەستەکە ناگا و پەیوەندییەکە شێوەیەکی دروست وەرناگرێ یان هەر دروست نابێ، بە پێچەوانەوەش ئەگەر زانیارییەکان زیاتر بوون لە پێویستی بابەتەکە ئەوا دیسان وەرگر ناتوانێ شییان بکاتەوە و بگاتە مەبەستە دروستەکەی نێرەر (سروە فیصل: ٢٠١٠: ١٥). پێگەی نێرەر و وەرگر کاریگەری لەسەر دیاریکردنی بابەتی پەیام هەیە، بە پێچەوانەوەش پەیام دەوری هەیە لە دیاریکردنی ئاستی نێرەر و وەرگر و زانیارییان لەبارەوە ڕووندەکاتەوە، هەر لەم ڕێگایەوە جۆری پەیوەندی و تەمەن و ڕەگەز و بیرو ڕا و شوێن و پێگەی هەردوو لایەن دەزانرێت. لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەبێ گوێگر و قسەکەر سێ شت لە یەکەکانی پەیامەکە بزانن، ئەوانیش وشەو واتاکانیان، کۆدەکانیان، بەکارهێنانیانە.( لە شێوەی نووسین لە گوتاری نووسراودا، ئاماژە و جوڵەکان لە پێڕەوی نازمانی و، کۆدەکان لە پێڕەوی گەیاندندا، ڕووخساری دەرەوەی پەیام دەنوێنن و بابەتیش ناوەرۆکی پەیامەکەیە، دەکرێ زاراوەی پەیام لە چیرۆك و ڕۆماندا بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

پەیام: ڕۆمانەکەیە.

شێوەی پەیامەکە: پیت و وشە و یاساکانی ڕیزکردنیانە.

ناوەرۆکی نامەکە: ئەو زانیارییانەی دەگاتە خوێنەر و لێیان تێدەگا.

کۆدی نامەکە: ئەو زمانەیە پێی نووسراوە)(بێری یاسین:٢٠١٢: ٤٢).

٣- گوێگر( وەرگر) (hearer/ recever ):

مەبەست لەو کەسەیە کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێ و وەریدەگرێ، ئنجا وەرگرەکە دەشێ تاك بێ یانیش دامەزراوە و دەستە بێ، یانیش جەماوەرێك بێ یان جەماوەرێکی فراوان بێ، ئەو ئامانجی پەیامەکەیە، گوێگر پێوەرە بۆ زانینی ئاستی کاریگەری پەیامەکە چونکە پێویستە پەیامەکە کاریگەری خۆی لەسەر وەرگر بنوێنێ ، لێکتێگەیشتن دروست بکات ئەویش لە ڕێگای شیکردنەوەی کۆدەکان دوای گەیشتنی پەیامەکە، بەلاّم ئەگەر کۆدەکان نەناسراو بن ئەوا پەیامەکە ئامانجەکەی ناپێکێ و پێویست بە دووبارەکردنەوەی بازنەی ئاخاوتنەکە دەکات، بەگوێرەی پێویستی پەیامەکەش وەرگر و نێرەر دەور دەگۆڕنەوە، وەرگر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە ئاراستەکردنی نێرەر لە هەڵبژاردنی هێماو گەلاّڵەکردنی پەیامەکەی، چونکە بەردەست نەبوونی پەیوەندی لەلایەن وەرگرەوە وادەخوازێ. لەپەیوەندی کەسیشدا دوو جۆر گوێگر هەیە، یەکێکیان هەڕەمەکی گوێی لە پەیامەکە دەبێ و دەشێ وەلاّمی هەبێ، ئەم جۆرە گوێگرە، بە گوێهەڵخەر ناودەبرێ، هەرچەندە مافی وەلاّمدانەوەشی نەبێ، جاری وا هەیە، وەلاّمی دەبێ، زۆرجاریش ئاخێوەر ڕووی لە گوێگری مەبەست نییە (الطاهر بومزبر:٢٠٠٧: ٢٥)، بەلاّم مەبەستیەتی پەیامەکەی ئاراستەی ئەو بکات، ئەمانە دەچنە چوارچێوەی توانج و بەوێڵ قسەکردنەوە، گوێگری دووەمیش گوێگری مەبەستە. زۆرجار گوێگر چاوەڕوانی ئەو جۆرە پەیامە ناکا کە لەلایەن ئاخێوەرەوە ئاراستەی دەکرێ، بۆیە لەبری وەلاّمدانەوە جۆرە پەیامێك ئاراستەی ئاخێوەر دەکاتەوە، کە ئەم جۆرە پەیامە شیاوی ئەوە نەبوو یان چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ئەم جۆرە پەیامەی ئاراستە بکرێ. (شیلان عوسمان: ٢٠٠٩: ٥١)

گوێگر بە سێ قۆناغ کۆدەکان شیدەکاتەوە:

١) لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان.

٢) گونجاندنی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تیا وتراوە.

٣) لەکاتی دەستەبەرنەبوونی واتای مەبەست و مەبەستی پەیامەکە، ئەوا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاری کەسی و کەلتوری (عەبدولواحێد موشیر: ٢٠٠٩: ٤٠).

٤– کۆد code:

کۆد زاراوەیەکی زانستی هێما و هێمادانانە، نێرەر واتاو بیرەکەی دەکا بەفۆرم و دەینێرێ بۆ وەرگر، وەرگریش کۆدەکە شیدەکاتەوە و لێکی دەداتەوە (محەمەد مەحوی:٢٠٠٩: ١٣٨)، وەکو پێڕەوێکی هێمایی هاوبەشە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا، کە واتاو زانیارییەکانی هەڵگرتووە، بۆیە ئاخێوەر بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکەی پێویستی بەو کۆدانە هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی وەربگێڕێتە سەر شێوەی ئەو کۆدانەی کە لەگەڵ گوێگرەکەدا هاوبەشە، بەشێوەیەك بێ گوێگر بتوانێ تێیان بگا، دوای وەرگێڕانی پەیامەکە بۆسەر کۆد، هەمان ئەو زانیاری و مەبەستەی ئاخێوەر کە لەچوارچێوەی کۆدەکەدا ڕێکی خستوون، دەگاتە گوێگر. بەبێ کۆد پەیامەکە ناگاتە گوێگر و لێکنادرێتەوە، هەر لە ڕێگای کۆدیشەوە مەبەستی ئاخێوەر لای گوێگر ئاشکرا دەبێ و یارمەتی گەیاندنی زانیارییەکان دەدا، بۆ تێگەیشتنی گوێگر لەو پەیامەی کە ئاخێوەر مەبەستییەتی بیگەیەنێ، سەرکەوتنی پرۆسەکەش بە ڕێژەی سەرەکی پشت بەو پێڕەوە هاوبەشەی نێوان هاوبەشەکانی پەیوەندییەکە دەبەستێ، ئەم کۆدانەش پەیوەندی گوتەیی و ناگوتەییدا دەگرێتەوە، ئەگەر پەیوەندییەکە زارەکی بێ، کۆدەکان دانە زمانییە هاوبەشەکانی نێوان هەردووکیان دەبێ کەلەناو کۆمەڵەکەدا لەسەری ڕێك کەوتوون، چ زمانی ستاندەر بێ یان زاری پیشەیی و کۆمەڵایەتی.... بێ، ئەگەر پەیوەندییەکەش نازارەکی( هێمایی) بێ ئەوا کۆدەکان ئەو هێماو ئاماژەو پەرەزمانیانەن، کە دەبێ هەردوو لایەکە شارەزای بن. هەر لادانێکیش لەبەکارهێنانی کۆدەکان لادانی واتایی دروست دەکا، ئەمەش دیاردەیەکی بڵاوەو کۆدەکان بە واتای خۆیان بەکارناهێنرێن، زۆرجار ئاخێوەر بەمەبەست ئەم لادانە ئەنجام دەدا، بۆیە بۆ گەیاندنی پەیام مەرج نییە هاوبەشەکان تەنیا شارەزای واتای فەرهەنگی دەربڕاوەکان بن، بەڵکو دەبێ شارەزای سەرجەم یاسا کۆمەڵایەتیەکان و یاساکانی ئاخاوتن بن ، لە شیکردنەوی کۆدەکانیشدا، دەبێ زۆر ورد بن و پێشبینی ئەو لێکەوتانە بکەن کە لە ئاخاوتنێکدا دێتە کایەوە. کەواتە مەرج نییە کۆدەکان لە زمانێکی دیاریکراو لەپرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیدا چەسپاو بن هەمان واتای فەرهەنگیان هەبێ، بۆیە گەر گوێگر تەنیا پشت بە کۆدە نەگۆڕاوەکان ببەستێ ئەستەمە بتوانێ شیکردنەوەیەکی

سەرکەوتوو بەدەست بێنێ، هەرئەمەشە وایکردووە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا گرفت و دووبارەکردنەوەی پەیام و هەڵوەستەکردن دروستبێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش بە ڕێژەیەك دەوروبەر گرفتەکە دەڕەوێنێتەوە، کە گوێگر دەبێ پشتی پێ ببەستێ لە شیکردنەوەی کۆدەکاندا. پەیام و کۆد دەتوانین بە (زمان و گوتن) لای سۆسێر و (توانست و چالاکی) لای چۆمسکی دابنێین (برهان شاوی:٢٠٠٣ : ٨)


٥- کەناڵی گەیاندن channel:

ئەم کەناڵە بە بنەمایەکی گرنگی پرۆسەکە دادەنرێ، بەهۆی ئەوەی بازنەی بەیەك گەیاندنی نێرەرو گوێگرە لە پرۆسەکەدا، ئەم بەیەك گەیاندنەش جۆراو جۆرن بەپێی جۆری پرۆسەی پەیوەندیکردن، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پرۆسەی پەیوەندیکردن جۆراو جۆرە، ئەو جۆراوجۆرەش بەهۆی جۆراوجۆری کەناڵەکانی گەیاندنەوەیە، بەشێکی ئەم پرۆسەیە کە ئاخێوەر و گوێگر مەبەستیان لێك نزیك بوونە و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانیان بێ، ئەوا دەشێ لەبری ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ کە ڕووبەڕوو لە ڕێگای زمانی ئاخاوتن و هێماکانەوە ئەنجام دەدرێ، چەند کەناڵێکی دیکە ببن بە بریتی ئەنجامدانی پەیوەندییەکە وەکو( تەلەفۆن، ئەنتەرنێت، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، نامەی ئەلیکترۆنی)، هەروەها بۆ پەیوەندی ناڕاستەوخۆش لە ڕێگای کەناڵەکانی(ڕۆژنامە ، گۆڤار، ڕۆژنامە، نەخشە، وێنە...)(لطفي بو قربة: ٢٠٠٣: ٢٢) ئەنجام بدەن، لە پەیوەندی بە کۆمەڵ و جەماوەری و ناوەندیشدا، چەند کەناڵێکی دیکە هۆکاری گواستنەوەی پەیامەکە دەبن، وەکو(دەنگ بەرزکەرەوە، مایك، داتاشۆ).

٦- دەوروبەر context :

ئەم دانەیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بەتایبەتیش لە پرۆسەی ئاخاوتندا، دەوری لە دانەکانی دیکەی پەیوەندی کردندا کەمتر نییە، چونکە، بەپێی تیۆری دەوروبەر، وشە و ڕستە لە پرۆسەی ئاخاوتندا، بەبێ لێکدانەوەی دەوروبەر واتای دروست نابێ، چونکە دەوروبەر بەشێك لە واتای ئاخاوتن ڕووندەکاتەوەو تەواو دەکا، لەبەرئەوەی واتای گوتن یەکسانە بە واتای ڕستە لەگەڵ دەوروبەردا، وەکو لە تەوەرەی دەوروبەر ڕوونمان کردۆتەوە، دوو جۆر دەوروبەر هەیە، دەوروبەری زمانی و دەوروبەری

نازمانی، دەوروبەری زمانی پەیوەندی بە واتای ڕستە، فرێز و دەق و نووسینەوە هەیە، هەرچی دەوروبەری نازمانیشە، پەیوەستە بە پرۆسەی ئاخاوتنەوە، کەدەوروبەری( کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، هەڵوێست) دەگرێتەوەو بەپێی ئەو دەوربەرانە لە واتای پەیامەکە دەگەین و کۆدەکان شیدەکرێنەوە، بەلەبەرچاونەگرتنی دەوربەریش کۆدەکان جۆرە واتایەکی دیکە هەڵدەگرن( الطاهر بومزبر:٢٠٠٧ :٣٠).




**هێڵکاری ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنی گوتەیی**

یاکۆبسن پێی وایە هەریەکێك لەم ڕەگەزانە کە وەکو هۆکارێکی پەیوەندیکردنن، یەکێك لە ئەرکەکانی پەیوەندیکردن دیاری دەکەن، کە بەمشێوەیە بەرانبەر یەکتر داینلون (رومان جاکوبسن: ٢٠٠٨: ٢٠).

ئاماژەیی(دەوروبەر)

شیعری(پەیام)

دەربڕین (نێرەر) .................................. تێگەیشتن (وەرگر)

کەناڵ(ئاگادارکردنەوە)

پەرەزمانی(کۆد)

### ١-١-٣: پەیوەندیكردن بە گوێرەی بەشداربووان:

١- پەیوەندی خودی (monologue):

كاتێ مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی یان لەبەر خۆیەوە قسەدەكا، كە حاڵەتێكی دەروونییە وەكو بەبیرهێنانەوە یان پەشیمان بوونەوە، یان ئەو وڕێنانەی كە مرۆڤ لە بێئاگایی لەبەر خۆیەوە دەیكا، یانیش حاڵەتێكی جوانی كاتێ مرۆڤ لەبەرخۆیە گۆرانی دەڵێ یانیش ئاوازێكی بێ وشە دەچڕێ.

٢- پەیوەندی كەسی Personal Communication :

ئەمە ئەو گفتوگۆ و قسەكردنەیە كە لەنێوان دوو كەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێ، ئەمەش زارەكی بێ یان نازارەكی، پێویستی بە دوو كەس یان زیاتر هەیە، كە پێیان دەوترێ هاوبەشەكانی ئاخاوتن.(برهان شاوی:٢٠٠٣ :٧)

یەكێك لە خاسیەتەكانی ئەم جۆرە پەیوەندییە ئەوەیە هاوبەشەكان بەئارەزووی خۆیان بەشداری پەیوەندیكردنەكە دەبن و پشت بە فیدباك دەبەسترێ، پێشتر خۆیان بۆ ئەو پەیوەندییە ئامادە نەكردووە، هەروەها هاوبەشەكان یەكێكیان دەبن بە نێرەر و ئەویتریش دەبێ بە وەرگر، مەرجێكی دیكەی پرۆسەی پەیوەندیكردن ئەوەیە دەبێ دەورەكانیان بگۆڕنەوە، واتە نێرەر ببێتە وەرگر و وەرگریش ببێتە نێرەر، واتە پەیوەندی كارلێكی لەسەر بنەمای قسەكردنی ئاڵوگۆڕ بنیات دەنرێ. هەروەها یەكێكی دیكە لە خاسیەتەكانی ئەم جۆرە پەیوەندیكردنە ئەوەیە یارمەتی داهێنان و دروستبوونی مشتومڕ دەدا( حسن بدوح: ٢٠١٢: ٣١٠)

ئەم جۆرە پەیوەندیكردنە كە لەنێوان هاوبەشەكانیدا دروست دەبێ، دەشێ هاوبەشەكان لێك نزیك بن یان لێكدی دووربن، بەڵام واباشە تێبینی ئەوە بكەین لەم جۆرە پەیوەندییەدا پێویستە هەردوو هاوبەشەكە سەر بە هەمان زمان و كەلتور بن، ئەگەر نا ناتوانین ئەم جۆرە پەیوەندییە ببەستین(شیلان عوسمان: ٢٠٠٩: ٣٦)

هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن لای کەسێك پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن بە کەسەکەی دیکەوە، واتە هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردن لەلایەن گوێگر پابەندە بە هەڵسوکەوتی قسەکەرەوە، بەپێچەوانەوەش.

پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی پەیام دروست دەبێ، کە بە هۆی کۆدی پەیوەندیکردن و ئاماژە و جوڵە دەنوێنرێ بۆ ئەوەی دڵنیابین هەردوو هاوبەش لەمەبەستی یەکتر دەگەن، چونکە ئەو ئاماژانە پەیامی مەبەستدار دەگوازنەوە، لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا دەشێ هەموو هەستەکان بەشداربن تیایدا، و ئاماژەی گوتەیی و ناگوتەیی بەکاربێ.

ئەو یاسا زمانییانەی کە لە پەیوەندی (جەماوەری و ناوەندی) پێویستە ڕەچاو بکرێ پەیوەندی کەسی پابەند نییە پێیانەوە، بۆیە لە پەیوەندی کەسی دەشێ بە زمانی ستاندارد یان زمانی (ناوچەیی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی) یان زمانی بازاڕ پەیامەکە بگەیەنرێ (عصام سليمان : ١٩٩٧: ٥١)

٣- پەیوەندی جەماوەری Public Communication

لە پرۆسەی پەیوەندی جەماوەریدا ژمارەی وەرگرەکان زیاترن و پەیامەکان لە ڕێگای ئامرازە(ڕۆژنامە، کتێب، ڕادیۆن تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت....تاد)وە پێیان دەگات، (شێرزاد سەبری: ٢٠١٣ :٢٥) پەیوەندییەکە تاڕادەیەك ناڕاستەوخۆترە، بەڵام یەکە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی پەیوەندی بەردەوام ڕۆڵی خۆیان هەیە. (ڕەحیم سورخی: ٢٠٠٨: ١٣) ئەمەش بەزۆری لەلایەن دەستەو دامەزراوەکان لە ڕێگای پەیامی جەماوەرییەوە ئەنجام دەدرێ (لطفي بوقربە:٢٠٠٢ :٣٣)

### ١-١-٤ جێبەجێکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە زماندا :

پرۆسەی پەیوەندیکردن بە دوو ڕێگە جێبەجێدەکرێ:

١- زارەکی:

ڕێگای زارەکی بە ڕێگەی سەرەکی پەیوەندیکردنی زمانی دادەنرێ، چونکە پەیوەندی زارەکی لە ڕووی مێژووییشەوە پێش زمانی نووسین دەکەوێ، جگە لەوەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و واقیعیانەیە، هەروەها گەیاندنی پەیامی زمانی بەتەنیا لە ڕێگەی کەرەسەکانی وەك ڕستە و پاڕستەو فرێز لێکنادرێتەوە، بەڵکو نێرەر بیرۆکەی پەیامەکەی لە چوارچێوەی گوتنێکدا دەردەبڕێت، مەرج نییە واتاکەی لە بەسەریەکەوەبوونی هێماکانەوە وەربگیرێت، بەڵکو هێماکان پەیوەست بەدەوروبەرەوە لێکدەدرێنەوە، هەندێ جار پەرەزمانی و فۆنیمە ناکەرتییەکانیش دەور دەبینن لە گەیاندنی پەیامەکەدا.( تاڵیب: ٢٠١٤: ٢٢٠)

٢- نووسین:

ئەمەش ڕێگایەکی دیکەی پەیوەندیکردنە و جۆرێکە لە پەیوەندی زمانی چونکە شێوەی زمانی ئاخاوتنە، لە هەندێ دۆخدا، مرۆڤ پەنای بۆ دەبا، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم جۆرە پەیوەندییە گەشەی سەندووە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەست بەم بوارەوە.ئەویش بەهۆی( نووسینی ڕاستەوخۆ، یان ڕاپۆرت و گازاندەو گلەیی ، سکالاَ، یاداشت، بلاَوکراوە، ...تاد)(لطفي بوقربە:٢٠٠٣ :٣٧)، هەروەها بەرهەمە ئەدەبییەکان بەتایبەتی چیرۆك و ڕۆمان بەشێکن لە پرۆسەی پەیوەندیکردن، هەروەك ڕۆنانکارەکان باوەڕیان وایە ئەرکی کرۆکی زمان پەیوەندیکردنە، ڕۆمانیش بەرلە هەموو شتێك دیاردەیەکی زمانییە، کەواتە ئەرکی سەرەکی ڕۆمان پەیوەندیکردنە.(اسماء معيكل: ٢٠١٠: ٢٢)

### ١-١-٥ خاسیەتەکانی پەیوەندیکردن:

١- هەردوو لایان زانیاری وەردەگرن.

٢- پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و هاوتا دەبێ بۆ هەردووکیان، هەمان گرنگی و بەهایان هەیە.

٣- لەنێوان وەرگرو نێرەر پەیام و ناوەرۆك ئاڵوگۆڕ دەکرێ.

٤- مەرج نییە ڕووبەڕوو بێ بەڵکو دەشێ لە ڕێگای کەناڵی دیکەوە بێ.

٥- نێرەر و وەرگر دەور دەگۆڕنەوە.

٦- کاریگەری یەکێکە لە ئامانجی پەیوەندیکردن.

٧- یەکێکە لەلایەنی سیستەمی کۆمەلآیەتی کەلتوری.

٨- هەردووکیان ئەو سیستەم و هێماو نیشانانە بەکاردەهێنن کە لە کۆمەڵگاکەدا بوونی هەیە.

(برهان شاوی:٢٠٠٣ : ١٨)

## ١-١-٦ ئەرکی پەیوەندیکردن The Function of communication:

پرۆسەی پەیوەندیکردن بەپێی ئەو جۆرە جیاوازانەی باسمانکردن، ئەرکەکانیان لەیەکتر جیاوازن، بەلآم ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باسیان بکەین لەیەکتر نزیکن، وەك:

### ١- ئەرکی دەربڕین[٢] The Expressive ("emotive" or "affective") Function:

دەربڕین هەموو جۆرە بارە دەروونییە خۆش و ناخۆشەکانی نێو تاك و نێوان تاك دەگرێتەوە، چ بە دەربڕینی هەست و خۆشەویستی یان دەربڕینی ڕق و کینە بێ، واتە قسەکەر لەم پێوەندییەدا خۆشەویستی و ڕق و کینەی خۆی دەردەبڕێت ، کە هەندێ وشە بۆ هەندێ کەس دەبێتە هەڵچوون کاتێ نێرەر هەوڵدەدا ئەزموونی ژیانی خۆی و هەست و هەڵچوونەکانی لە ڕێگای پەیامەکەیەوە دەرببڕێ، ئەم دەربڕینانە بۆ هەندێ کەسیش ئاساییە و نابێتە مایەی هەڵچوون، زمان و شێوازی دەربڕین و دووریو نزیکی نێوان نێرەر و وەرگر بارودۆخی قسەکردن کاریگەری دەبێ لە دروستکردن و دیاریکردنی ئاراستەی پەیوەندیکردن، لەم حاڵەتەدا دەبێ ڕەچاوی باری دەروونی و ژینگەی کۆمەلآیەتی وەرگر بکرێ، یاداشتی کەسی و نامەگۆڕینەوە و گوتاردانی سیاسی یەکێکن لەم ئەرکانە.(سحر کاظم:٢٠٠٢: ٨٨) کەواتە ئەم پێوەندییە پەیوەست بە پەیام و بارودۆخی نێرەرەکەیەو

---

[2] https://en.wikipedia.org/wiki/Jakobson's_functions_of_language

جەخت لەسەر نێرەر دەكرێتەوە، بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەڵویستی نێرەر دەدەبڕێ، دەربڕینەكەش دەشێ ڕاستگۆبێ یان هەڵخەڵەتێن بێ. (رومان ياكبسون:١٩٨٨: ٢٧)

## ٢- ئەركی تێگەیشتن The Conative Function :

ئەم ئەركە زیاتر جەخت دەكاتە سەر ڕەگەزی وەرگر، كە هەوڵی ئاگاداركردنەوە بدا یان داواكاری و فەرماندان بە كارێك بكا، هەروەها هەوڵی دیاریكردنی پەیوەندی نێوان پەیام و وەرگرەكە دەدات بەمەبەستی گەیشتن بە كاردانەوە لای وەرگر، بۆنموونە نێرەر بانگی وەرگر دەكا بۆ نانخواردن، ئەم ئەركەش پەیوەندی بە وەرگرەوە هەیە كە كۆدەكان شیدەكاتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە واتاو ناوەرۆكی پەیامەكە.( محند الركيك:٢٠٠٥: ٧٢)

## ٣- ئەركی دروستكردنی پەیوەندی (ئاگاداركردنەوە) The Phatic Function:

ئەم ئەركە لەو پەیامانە دەردەكەوێ كە زمان دروستی دەكا بۆ دروستكردنی پەیوەندی و بەردەوامیدان یان بڕینی پەیوەندییەكە، ئەم ئەركە پشت بەم وشانە دەبەستێ كە ڕێ بە نێرەر دەدا بەردەوام بێ لە پەیوەندی یان پەیوەندییەكە كۆتایی پێ بهێنێ، لەم ئەركەدا جەخت لەسەر كەناڵەكە دەكرێتەوە چونكە ئەو ستوونی بەردەوامی و پچڕانی پەیوەندیەكەیە، هەروەها هەندێ وشە و دەربڕین بەكاردەهێنرێ لەلایەن نێرەر بۆ ئەوەی بزانێ وەرگر لەپەیوەندیی ماوە لەگەڵیدا یان دابڕاوە، (یاكۆبسن: ١٩٨٨: ٣٠) بەتایبەتیش لەكاتی گێڕانەوەدا، هەروەها لایەنێكی دیكەی ئەم ئەركە بریتی دەبێ لە هەواڵ پرسین، كە مەبەست تیایدا پتەوكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە، كلیلێكیشە بۆكردنەوەی گفتوگۆو دەستپێكردنی گفتوگۆ، زمان لە پێناو دروستكردنی پەیوەندیدایە، ئەركی ئاگاداركردنەوە لە سلاو و وتوێژكردن لەباری كەش و هەوا بەتایبەتی لەگەڵ كەسی نامۆ، دەرگایەگە بۆ كردنەوەی گفتوگۆ یان داخستنی، پێوەرێكیشە بۆ زانینی لەباری و نالەباری پەیوەندی نێوان كەسەكان، بۆ نموونە نەبوونی كاردانەوە یان وەڵام لەلایەن گوێگرەوە، ڕێژەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكەی نێوان كەسەكان دیاری دەكا، ئەمەش ئەركێكی گرنگی زمانە لە سنووردانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا.(شیلان عوسمان:٢٠٠٩: ٣٧) ئەم جۆرە ئەركە لە زۆر شێوەكانی

پەیوەندیکردندا بەدی دەکرێ لەنێو کۆمەڵگادا و ئەرکێکی بەرچاو بەجێدەهێنێ، وەك لە ڕێوڕەسمەکانی ئاهانگ و لەدایك بوون و مارەیی و گفتوگۆدا پشت بە هاوبەشەکانی پەیوەندی دەبەستێ.

## ٤- ئەرکی ئاماژە The Referential Function :

ئەم ئەرکە جەخت لەسەر سەرچاوەی هاوبەش لە نێوان هاوبەشە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردندا دەکاتەوە، یان ئەوشتانەی هاوبەشن لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئەمەش پاساوێکە بۆ پرۆسەی پەیوەندی چونکە کاتێ ئێمە بە مەبەستی ئاماژەدان بە ناوەرۆکێکی دیاریکراو قسە دەکەین، حەزدەکەین بیگەیەنینە کەسانی دیکەو ڕاوبۆچوونی خۆمانی لەبارەیەوە بگۆڕینەوە، ئەو سەرچاوەیەش لە دەروبەردا بۆ شتێك دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی گوتاری ئەدەبیش ئەو سەرچاوانە جۆراوجۆر دەبن کە دەشێ سەرچاوەی کۆمەلأیەتی و فەلسەفی بێ یان پاشخانی کەلتوری و سروشتی بێ، یانیش پەیوەندی خودی و بابەتی بێ، یان بنەمای قولْ و ڕووکەشانەبێ،(محند الركيك:٢٠٠٥: ٧٠) ئەمەش بیرجیرۆ جەختی لێکردۆتەوە چونکە بە بنەمای هەموو پەیوەندییەکی دادەنێ ، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان پەیام و ئەو بابەتەی لێی دەدوێ دیاری دەکا، چونکە هەندێ جار مەبەستی بابەتە سەرەکییەکە لە پەیامەکە بەدەرناکەوێ، کە دەشێ تێبینی بکرێو وردبینی لە مەبەستەکە دروستبکرێ.(بیرجیرۆ: ١٩٨٨: ٣٠ )

## ٥- ئەرکی پەرەزمانی (ڕەنگدانەوە) The Metalingual ("metalinguistic" or "reflexive") Function

لۆجیکناسە هاوچەرخەکان جیاوازییان لە نێوان هەردوو ئاستی سەرەکی زمان کردووە کە زمان و بابەتن، واتە زمان قسە لەسەر شتەکان و خودی زمانیش دەکا، واتە زمان لەبارەی خۆیەوە دەدوێ، بەلأم ئەو زمانە شیکەرەوەیە تەنیا ئامرازی پرۆسەیەکە لە خزمەتی لۆجیك و زماناسەکاندا، ئەرکێکی گرنگی لە زمانی ڕۆژانەدا هەیە، کاتێ دوو کەس بیانەوێ دروستی بەکارهێنانی هێمایەك پشتڕاستبکەنەوە، ئەوا گفتوگۆکە جەخت لە هێماکە دەکاتەوەو سەرگەرمی ئەرکی ڕاڤەکردنی هێماکە دەبن، ئەمە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە پەیامی پەیوەندییەکە خودی زمان ببێتـە تەوەرە، کەواتە ئەم ئەرکە زیاتر جەخت لە کۆدی نێو

پەیوەندییەکە دەکاتەوە چونکە دەبێتە بابەتی گفتوگۆ و سەرچاوەی پەیامی هاوبەشەکان. (محند الرکیك:٢٠٠٥: ٧٠)

### ٦- ئەرکی شیعری The Poetic Function:

ئەو ئەرکە لەو پەیامانە دەردەکەوێ کە زمان لە پەیامەکە دەدوێ، دەیکاتە ڕەگەزێکی سەرەکی، واتە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان پەیامەکە و خودی پەیامەکە هەیە، ئەمەش ئەرکێکی جوانیناسییە، لێرەدا جەخت لەسەر پەیامەکە دەکرێتەوە و بۆیە پەیامەکە وەك کارێکی هونەری دەبینرێ، ئەویش ئەو کاتەیە کە پەیامەکە ئەرکێکی ئەدەبی گەیاندووە، چونکە جەخت کردنەوەو بەئامانجکردنی پەیام ئەرکی شیعریی زمانە، (الطاهر بن حسین بومزبر: ٢٠٠٧: ٥٢) ئەگەر هاتوو کێشەکە هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هۆکاری زاڵبوون لە زمانی ئەدەبی شێوەی پەیامەکەیە، ئەو کات هەست بە سیفەتی وشەکە دەکەین، لەکاتێکدا زمانی شیعری شێوەی پەیام لە هەموویان گرنگتر دادەنێ، وشە لەو پەیامەدا وەکو وشە سەیر دەکرێ، ئەمەش یاکۆبسن ویستویەتی بیسەلمێنێ کە ئەرکی شیعری تەنیا تاکە ئەرکی هونەری زمان نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە لەوانی دیکە زاڵ ترە.(رضوان القضماني:٢٠٠٧: ١٤٤)

## ١-٢ دەوروبەر:

قوتابخانەی کۆمەڵایەتی جەختی لە ڕۆڵی دەوروبەر لە دیاریکردنی واتا کردۆتەوە، واتە وشە واتاکەی لەمیانی دەوربەردا روون دەبێتەوە و دیاری دەکرێت، لەبەرئەوەی وشە بەپێی دەرووبەر چەند واتایەکی جیاوازی هەیە، هەر دەوربەرێکیش یەکێك لەو واتایانەی دیاری دەکات، هەروەك لودفینج فتجنشتاین فەیلەسوفی نەمسایی وتویەتی واتای وشە لە بەکارهێنانەکەیەتی هەروەها وتووشیەتی بەدوای وشەدا مەگەڕێ بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکەی بگەڕێ (Janet dean :1997:19)، مەبەست لەم جۆرە بەکارهێنانە ئەوەیەکە واتای وشە لەسەر ئەو سیاقە دەوەستێت کە ئێمە ڕاهاتووین وشەکەی تێدا بەکاربهێنین، واتا لێرەدا جۆرە ڕێککەوتنێکی ناوەوە هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو جۆرە وشەیە لەو جۆرە سیاقەدا و بەو جۆرە واتایە پاشان لە واتای وشەکە دەگەین، چونکە شارەزای هەموو بەکارهێنانەکانی دەبین و دەیزانین."(طالب حسین:٢٠٠٥: ٢١٠) بۆ یەکەم جار فێرس بیرۆکەی دەوربەری باس کردووە و تێبینی ئەوەی کردووە کە نابێ قسە بەتەواوی لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی

دابڕدرێ تاوەکو ئەرکەکەی جێبەجێ دەکا، (فرانثیسکو یوس: ٢٠١٤: ٤٤) هەروەها دەوروبەری بۆ دوو جۆر دابەش کردووە:[٣]

## ١-٢-٢ دەوروبەری زمانی:

بەگوێرەی دەوربەری زمانی وشە واتاکەی لە ڕەگەزە زمانیەکان وەردەگرێ، هەروەها واتاکەی لەمیانی پەیوەندی بە وشەکانی دەوروبەرییەوە وەردەگرێ کە بەیەکەوە هاوڕێیەتیان هەیە و بەیەکەوە لە ڕستەیەکدا هەڵبژێردراون، واتە هەر یەکەیەکی ئاخاوتن ( وشە یان ڕستە) بەپێی دەوروبەرە زمانییەکە واتاکەی دەستنیشان دەکرێ، کەیەکە ئاخاوتنەکەی تیادا دەردەکەوێ، بەوەی واتاکەی دەبێتە بەشێك لە واتای گشتی دەوروبەرەکەی، بەپێی ئەو کەرەستانەی کە لە دەروبەرەکەیەوە بەکارهاتوون (تالَیب:٢٠١١: ٤٥) بۆ نموونە واتای وشەی خواردن بەپێی ئەو دەوروبەرە زمانییە واتاکەی دەگۆڕێ، کە هاوڕێیەتیان لەگەڵدا دەکا. بۆنموونە خواردن لەگەڵ نان، بە واتای خورادن دێت، بەڵام لە ڕستانەی خوارەوە، واتای خورادن نادا، بەم شێوەیە:

١)دەترسم گورگ بیخوات.

٢)ماڵی کەس ناخۆم.

٣) سوێند دەخۆم.

٤)شەکرت خوارد.

لە ڕستەی (١) خواردن بەمانای دڕندەیی هاتووە لە ڕستەی (٢) خواردن بەمانای ماڵی حەرام دێ و جۆرە سیفەتێکە بۆ مرۆڤ لە ڕستەی( ٣) واتای لەگەڵ ڕستەی یەکەم جیاوازە لێرەدا، بەڵێن و دڵنیایی دانە بەکەسی بەرانبەر. لە ڕستەی(٤) مەبەستی خواردنی شەکر نییە بەڵکو ڕەتکردنەوەی وتەکەیەتی.

---

[٣] زۆر لە زمانەوان باسیان لە تیۆری دەوربەرو دابەشکردنی دەورەبەرەکان کردووە بۆ نموونە فێرس و یاکۆبسن و سوسێر و لاینز و فندرس و بلۆمفیلد و ... هتد.

یان وشەی چاو بەهۆی ئەو  دانە زمانیانەی بەشدار دەبن لەگەڵیدا بۆ پێکهێنانی ڕستەیەك واتاکەی دەگۆڕێ ئەو دەوروبەر زمانیە واتای پێدەبەخشێ وەك ( چاو) واتایەکەی فەرهەنگی هەیە و یەکێکە لە ئەندامەکانی لەش، بەڵام هەمان وشە لە بەکارهێنانی جیاوازدا واتای دیکە لەخۆ دەگرێ وەك:

(چاوی دەوڵەت:دەزگای ئاسایش، چاوی شەقام: ڕاگەیاندن، چاوی لەسەرە: هیوای پێیەو، چاوی لێیە: دەیپارێزێ، لەسەرچاومی دادەنێم: ئاگالێبوون، چاوی لێدا: حەسودی پێبرد(بەچاوی برد)، چاوم پێکەوت: یەکتردیتن، چاوم دەرهات: ئارام لێبڕان، ئاوی چاوم هات: زۆر چاوەڕوانکردن ، چاو بەچاو دەکەوێ: دونیا هەر ئەمڕۆ نییە ،چاوم چەقاندە چاوی: ڕووبەڕووبوونەوە، چاوی هەڵنایە بەرانبەرم: شەرمەزاری، چاوم بەرایی نادا: دڵنەهاتن، چاوم شەقی برد: زۆر چاوەڕوانکردن، چاولەڕێ: بە ئومێد و هیوا)

لێرەدا واتای وشەی چاو لە هیچ یەکێك لەم ڕستەو فرێزانە دووبارە نییە و واتایەکی دیکە دەگەیەنن بەهۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەری جیاوازدا، چاو وەکو واتای فەرهەنگی یەك واتای هەیە، بەڵام بەکارهێنانەکەی وای کردووە چاو واتای جیاواز بگەیەنێ، چونکە ئەو ڕەگەزە زمانیانەی بەشداری دەکەن لەگەڵ وشەی چاودا لێك جیاوازن.

هەروەها لە دەوروبەری زمانیدا هاوڕێیەتی وشە (collocation) ڕۆڵی هەیە لە ڕوونکردنەوەی واتادا، کە فێرس و هاوڕێکانی ئاماژەیان پێکردووە بەوەی کۆمەڵە وشە ئاستێکی تەکنشینی هەیە و لە واتای دانە دانەی وشە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو بەشێك لە واتای وشەکەت لە ڕێگای بەیەکەوە هاتنیەوە پێدەدا(بیستون حەسەن :٢٠١٢: ٦٠)، وەك وشەی ئەنجومەن، هاورێیەتی لەگەڵ ئەم وشانە پەیدا دەکا، لە هەر دەوروبەرێکی زمانیش لەم دەستەواژانە واتایەکی جیاواز دەبەخشێ و پەیوەستە بەو دانە فەرهەنگییەی کە هاوڕێیەتی لەگەڵدا دروستکردووە( أحمد مختار:١٩٨٢: ٧٤)، (ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی کۆلێژ، ئەنجومەنی گوند،ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنی زانکۆ،ئەنجومەنی کارگێڕی، ئەنجومەنی گەل، ئەنجومەنی پارێزگا...تاد. لێرەدا گرنگی دەوری دەوروبەر زۆر بەڕوونی دەردەکەوێ لە دیاریکردنی تێگەیشتنی واتادا.

## ١-٢-٢ دەوروبەری نازمانی:

دەوروبەری نازمانی ئەو بارودۆخ و هەڵوێستانە دەگرێتەوە کە ئاخاوتنەکەی تیا وتراوە فێرس ناوی لێناوە دەوروبەری هەڵوێست، بەوە پێناسەی کردووە( ئەو کۆمەڵە توخمەی کە هەڵوێستێکی زمانی پێك دەهێنن، ئەو توخمانەش کەسایەتی قسەکەر و گوێگر، هەروەها باری کەلتوورییان هەروەها ئەو کەسانی تری ئامادەبوو لە ئاخاوتنەکە ئەگەر هەبوو، هۆکار و دیاردەی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندییان بە ڕەفتاری زمانی ئەو کەسانەوە هەیە کە بەشداری لە ئاخاوتنێکدا دەکەن وەکو باری کات و کەش و هەواو باری سیاسی ، شوێنی ئاخاوتنەکە)(محمود السعران:١٩٦٢ : ٣١١)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەوربەری نازمانی چەند دەوربەرێك لەخۆی دەگرێ وەکو دەوربەری سۆزداری و دەروونی، دەوروبەری ڕۆشنبیری (کەلتوری) دەوربەری هەڵوێست، هەریەك لەم دەوربەرانە واتای ئاخاوتنەکە دیاری دەکەن، پلەی هەڵچوون و بەهێزی و لاوازی لە ئاخاوتن، کاریگەری لە سەر دیاریکردنی واتادا هەیە، بەهێزی هەڵچوون، واتای تووڕەبوون و یان دڵخۆشی گەورە- یانیش مانای غەمباری دەگەیەنێ، هەروەها دەوربەری ڕۆشنبیری دەوری هەیە لە دیاریکردنی واتادا ، بۆنموونە وشەی ڕەگ لای جوتیارێك جیاوازە لەگەڵ زمانەوانێك هەروەها لای ماتماتیك ناسێك بەمانایەکی دیکە دێ ، هەروەها وشەی دەستدرێژی کردن واتاکەی لای زمانەوانێك و پیاوانی پۆلیس و دادگا جیاوازن، لایەنەکانی ئاخاوتنێك کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی واتادا هەیە، بۆنموونە پرسیاری مامۆستایەك لە خوێندکارەکانی بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە، بەڵام پرسیاری خوێندکار لە مامۆستاکەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاترە، لابردنی نەزانییەکەیەتی، هەروەها ئەو شوێنەی کە ئاخاوتنەکەی تیا دەکرێ، دەوری هەیە لە دیاریکردنی واتادا، بۆنموونە وشەی سەلاموعەلەیکوم سلاوێکە لای موسڵمانان، بەلام هەمان دەستەواژە مانای تووڕەبوون و پێبڕینی ئاخاوتن دەدا، کاتێ دوو کەس لە مشتومڕ و گفتوگۆدا ناگەنە یەکتر و یەکێکیان هەوڵی ئیقناعکردنی ئەو دەدا، کاتێ کەسی تووڕەبوو دەڵێ سەلاموعەلەیکوم مەبەستی سلاو کردن نییە بەڵکو پێبڕینە، هەروەها وشەی بەخێر بێیتەوە بە واتای بەخێرهاتنەوە دێ، بەلام کاتێ بەڕێوەبەرێك بە فەمانبەرێکی دەڵێ لەکاتی دواکەوتنیدا، بەمانای لۆمەکردن دێت. دۆزینەوەی دەوروبەری نازمانی لە ئاخاوتنی نووسراودا بەهۆی ئەو بارودۆخ و شوێنانە دەبێ کە لەگەڵ دەقەکەدا هەیە، هەروەها ئەگەر ئاخاوتنێك دابڕابوو لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی پێویستە دەوروبەرەکەی بۆ بدۆزرێتەوە.

### ١-٢-٢-١ دەورووبەری سۆزداری:

ئەم جۆرە دەوروبەرە پابەندە بە پلەی ڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێ و بوونی بۆ دانانرێ، ئەگەر بێتوو لایەنێکی دەروونی لە پشت ئەو هێمازمانییەوە نەبێ ئەمەش دەستنیشانی پێش قسە و پاش گوتنەکە دەکا( سازان ڕەزا: ٢٠٠٥ :٦٦).

تاکەکان دەکەونە ژێر کاریگەری دەروونی و هەڵچوون و دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و هەڵوێستی جیاواز لەکاتی ئاخاوتندا، بۆیە بەپێی ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە قسەکەر تێیدابێ واتای وشەکە دیاری دەکرێ، چونکە واتای وشەیەك بەپێی پەیوەندی دەوربەری دەروونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەو کاریگەرە دەروونییەی کە لەسەر وشەیەك هەیە لە کەسێکی دیاریکراودا هەمان کاریگەری نییە لای کەسێکی دیکە، چونکە ئەم وشەیە پەیوەندی بە یادگەی ئەو کەسانەوە هەیە کەلەگەڵ ئەو گوتنەدا پاشخانێکی دەروونییان هەیە، ئەو پاشخانە دەروونییە هەندێ جاری بابەتی سۆزدارییە یان هەڵچوونی، هەندێ جار کاریگەری دەروونی دروست دەکا بەهۆی بیرهاتنەوەی ئەو وشەیە و هەمان کاریگەری پێشووی دەبێ کە بەهۆی ڕووداوی پشت ئەم گوتنە کاریگەر بووە بەسەریدا، بۆنموونە وشەی( سەرەتان، تامپۆن) ئەم وشانە واتای ئاساییان هەیە، بەڵام لەدەروبەرێکی دەروونیدا لای ئەو کەسەی کەسێکی بەم دوو کارەساتە لەدەستدابێ کاریگەری دەروونی هەیە و واتاکەی جیاواز دەبێ لای یەکێکی دیکە. (فندریس: ١٩٥٠: ٢٣٥)

هەروەها وشەی (تووڕەبوون ) جیا لەگەڵ وشەی (ڕق لێبوونەوە) (احمد مختار:١٩٨٢: ٧١ ) کە دەخرێنە ناو ڕستەوە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەرییان جیاوازە، بێگومان دەوروبەری سۆزداری پەیوەستە بە دەوروبەری دەروونییەوە و ئاماژەکردن بۆ ئەو واتا دەروونییانە دەرەخسێنێ کە قسەکەر دەیەوێ لای گوێگر بیوروژێنێ ( ئارام عەبدولواحێد: ٢١٨:٢٠١٣)، دەروبەری سۆزداری هەموو ئەو هەڵچوونە دەروونییانەش دەگرێتەوە کە قسەکەر تیایدا قسەکەی دەردەبڕێ لەبەرانبەریشدا گوێگر چۆن داتاکان شیدەکاتەوەو مەبەستەکانیش بەپێی ئەو بارە دەروونییەی، کە خۆی و قسەکەرەکە تێیدایە جیادەکاتەوە( عەبدولواحێد موشیردزەیی: ٢٠٠٩: ٢٥) بۆنموونە وشەی (دەمانچە) ئەگەر لای هەر یەکێك لەمانەی خوارەوە وردبینەوە کاریگەرییەکەی بەهایەکی دەروونی و سۆزی هەیە (محەمەد مەعروف:٢٠١١: ٢٠٨):

لای منداڵێك وەك یارییەك سەیر دەکرێ.

لای ژنێك وەك سەرچاوەی مەترسی.

لای پیاوێکی ئاسایی سەرچاوەی نائارامییە.

لای پیاوێکی دوژمندار سەرچاوەی هێز و ئارامییە.

### ١-٢-٢-٢ دەوروبەری هەڵوێست (فیزیکی):

دەوروبەری هەڵویست ئەو کات و شوێنە دەگرێتەوە کە قسەکەی تیا دەوترێ، مەبەست لەم دەوروبەرە ئەوەیە گفتوگۆیەگە لە چ شوێنێك ئەنجامدراوە و بەرەو کوێ دەچێ ، هەروەها ئەو کەرەستانەی لەو دەوربەرەدا بوونیان هەیە چین؟ ( سازان رەزا:٢٠٠٥: ٦٧)، هەروەها ئەو کاتەی گوتنەکەی تیا وتراوە دەوری دەبێ لە ڕوونکردنەوەی واتەکەدا، واتە ئاماژە بە پەیوەندییە کاتی و شوێنیەکان دەکا کە ئاخاوتنی تیا ئەنجام دەدرێ، بەوپێیەی کاتێ کردەی ئاخاوتن لەنێوان قسەکەر و گوێگر دەست پێ دەکا و بەردەوامی وەردەگرێ لە کات و شوێنێکی دیاریکراودایە و ئەو ڕووداوەی کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە، شیاوی شوێن و کاتی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجان و نەگونجانیان لە ڕووی نەریتە تایبەتی و گشتییەکانەوە دەخاتە ڕووو، بۆنموونە ئەگەر خاوەنماڵێك بە میوانەکەی بڵێت:

- جگەرە کێشان قەدەغەیە.

ئەمە جۆرێك لە ڕووشکێنی تیایە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەرە فیزیکییەکەی، وەك ئەوەی لەسەر شوێنێکی گشتی وەك نەخۆشخانە، بەنزینخانە، کتێبخانە.... تاد، نووسرابێ ئەوا جۆرێك لە کردەی ڕستەیی جێبەجێ دەبێ و ئاساییە (ئارام عەبدولواحێد:٢٠١٣: ٢١٩)

بۆنموونە ئەگەر تێبینی ئەم ڕستانە بکەین:

١-ئەم کۆڵانە دەرناچێت.

٢- بە پێڵاوەوە سەرمەکەوە.

٣-بەیانیت باش.

٤-لە دوێنێوە خەریکی خوێندنەوەیە.

بەپێی چوارچێوەی فیزیکی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕستەی یەکەم بۆ ڕێبوارێکە کە شارەزای کۆلانێك نەبێ، ڕستەی دووەمیش بە دیواری دەستشۆری مزگەوتێکدا نووسراوە، ڕستەی سێیەمیش ئەم گوتنە تەنیا بۆ بەیانیان ڕوودەدا، ڕستەی چوارەم کاتی قسەکردنەکەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

**١-٢-٢-٣ دەوروبەری کەلتووری:**

باری ڕۆشنبیری و کەلتوری ئاخێوەران کار لە واتای وشە گۆکراوەکان دەکا بەپێی ئەو دەوروبەرەی قسەکەی تیا دەوترێ (مراد حاج محند: ٢٠١٢: ٣٦)، مەبەست لە دەوربەری کەلتوری، ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کەس و ژینگەی ژیاری و پیشە و پاشخانی زانیاری و دنیابینی تاکەکان بۆ دەوربەر و کەسەکان، هەڵویستی جیاواز لایان دروست دەکا و کاریگەری بەسەر واتای دەربڕاوەکان دەبێ، واتای ئەو وشەیەی تیایدا دەگوترێ ڕووندەکاتەوە، واتە بەپێی کەس و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئەو ژینگەیەی کە وشەکانی تیا دەگوترێ ڕوون دەبێتەوە وشەو ڕستەکان پەیوەست دەبن بە باری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، بۆنموونە وشەی (ژن) بەپێی بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی چینەکانی ناو کۆمەڵ دەستنیشان دەکا، وەك:

ژنی جوتیار کارەکەری ماڵی ئاغا بوو.

ئەم بەکارهێنانەی وشەی(ژن) ئاماژەیە بۆ چینی هەژار.

خانمی وەسمان پاشای جاف.

خانم کە بەمانای ژن دێ ئاماژەیە بۆ چینێکی پایەبەرزی ناو کۆمەڵ ( دارا حەمید: ٢٠١٠: ٥٥)، هەروەها ئەم وشانە کە هاوواتای یەکترن لە دەوروبەرێکی کەلتووری جیاواز بەکاردێن (ژن- خانم- مادام -

هاوسەر– دایکی منداڵان – خێزان– منداڵەکانم) دەوروبەرە کەلتوورییەکە واتای ئەم وشانە ڕووندەکەنەوە(شێروان حوسێن :٢٠١١: ٥٢ ).

**١–٢–٢–٤ دەوربەری کۆمەڵایەتی:**

کۆمەڵ دەوری لە گۆڕانی واتای وشە هەیە، بۆیە بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەربڕاوەکان دەکرێت و واتاکەی دەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی زمان خۆی هەڵقولاوی کۆمەڵە و کۆمەڵی کۆمەڵایەتی جیاوازیش ڕۆل لە دیاریکردنی واتا دەبینن، ئەم دەروبەرە ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر ، ئایا لەچ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدان، لەڕووی پیشەوە لێك نزیکن یان لەڕووی تەمەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە( هاوەڵ ، نەناس، برا، ئامۆزا، کوڕ و باوك، ژن و مێرد، ناسیاو خوشك و برا،... تاد) بەمەش پەیوەندی و ئاستی نێوان قسەکەرو گوێگر جۆری ئەو وشەو دەستەواژانە دیاری دەکا کە لەنێوانیاندا بەکاردێ، بۆ نموونە ئاخاوتنی نێوان مامۆستاو خوێندکارێك یان کوڕ و باوکێك، هەروەها ئاستی کۆمەڵایەتی و تەمەنیش جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە و وشەدا ( بییر باولو:٢٠٠٧: ٢٤٧).

## ١–٣ ئاخاوتن:

مەبەست لە ئاخاوتن ئەو چالاکییە قسەییەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەنێوان خۆیاندا پیادەی دەکەن، جۆرێکە لە جۆرەکانی کارلێکە زارەکییەکان، کە لە ئاستی ژیانی مرۆیی جیاواز بەردەوامە و لە ژیانی ڕۆژانەماندا پەنای بۆ دەبەین، ئاخاوتنیش یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەبێ لەنێوان هاوبەشەکاندا، یان بە ڕێگای ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە(مۆبایل، تەلفزیۆن، ئینتەرنێت ...)دەبێ (دارا حەمید: ٢٠١٢: ٥٩)، لە پەیوەندی ئاسایی ڕۆژانەی کارەکییماندا، لیڤنسن دەڵی ئاخاوتن قسەیەکە لە نێوان دوو هاوبەش یان زیاتر کە بەئازادی بەڕێوەدەچێ (Levinson:1983:284) بۆگۆڕینەوەی قسە، ئەم قسەکردنەش بەپێی میکانیزمی نۆرەکاری و دەورگۆڕینەوە دەبێ، لەپێناو دروستبوونی

پەیوەندی کاریگەریدا، ئەم نۆرەکاری و دەورگۆڕینەوەش پەیوەستە بە پاراستن و سیستەمی ئاخاوتن، بەلأم کاتێك یەکێك بەبێ وەستان قسە دەکا، دەبێتە هۆی دروستبوونی ژاوەژاو و لەباربردنی ئەو یاسایانەی بۆ ئاخاوتن دانراون، وەك ( بڕینی قسە پێش تەواوبوون)، کەواتە دیالۆگ و ئاخاوتن دەقێکی بەرهەمهاتووی بەشێوەی کۆمەڵێکی بەیەکەوە بەستراوە، بەلأم ئەگەر دەورگۆڕینەوەی تێدانەبێ هەڵە لەئاخاوتندا ڕوودەدا، کە پشت بە یاسای ڕێکی و گونجان و یەکدژنەبوون (اتساق و انسجام) دەبەستێ، ئەویش سیستەمێکە بۆ یاسای زنجیرەی پێکهاتە واتایی و پراگماتییکییەکان.

دەتوانرێ پارێزگاری لە نۆرەکاری و دەورگۆڕینەوە بکرێ لە ڕێگای هەندێ لەو ڕێکارانەی کە یارمەتی ئالۆگۆڕی قسە دەدەن، لەنێوان هاوبەشەکاندا (خلیفە المیساوی :٢٠١٢: ٥٧).

هەروەها کۆمەڵێك ئاماژە هەن، کە هێمان بۆ کۆتایی هاتنی ڕۆڵی هاوبەشی یەکەم و هاتنی ڕۆڵی هاوبەشی دووەم، ئەم ئاماژانەش شێوەیەکی زارەکییان هەیە، کە پشت بە هەندێ کردەی جێبەجێکردن دەبەستێ ، بۆ نموونە هەندێ دەربڕاوی وەك (بەڵێ ، نا، ئەی تۆ....) یان جۆرێك لە تەماشاکردن کە ئاماژەی دەورگۆڕینەوە دەگەیەنێ ،یانیش لە ڕێگای هێواشکردنەوە یان نزمکردنەوەی دەنگی ئاخاوتنو وەستان و خاوبوونەوە لەدەربڕین و گۆکردندا، یانیش لە ڕێگای سەرلەقاندن و ئەبرۆهەڵتەکاندن و تەماشاکردنی بەرانبەر کە ئاماژەن بۆ هاتنی دەوری ئەو لە ئاخاوتندا، یانیش بۆ بەردەوام بوونی لە قسەدا، بەلأم ئەگەر تێنەگەیشتن لەم ئاماژانە لەنێوان هاوبەشەکان ڕوویدا، ئەمە کێشە لە تێگەیشتن و کاریگەری ئاخاوتنی نێوان هاوبەشەکان دروست دەبێ، بۆنموونە وەستان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن نێرەرەوە کە ئاماژەیە بۆ کۆتایی هاتنی قسەکەی، بەلأم وەکو ڕێزگرتنێك، گەر قسەپێبڕین لەناو ئاخاوتندا هەبوو، وەرگر بواری نێرەر دەدا قسەکەی تەواو بکا، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی پێبڕین و دەستپێکردنی لایەنی دووەم بە ئاخاوتن ئەوەیە چاوەڕێی بکا، تا کەسەکە قسەی تەواو بکا، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تەواو هەبێ و بەشێوەیەکی هەڵە لێکدانەوە بۆ قسەکە نەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێبڕین شتێکی ئاساییە، بەلأم بەمەرجێك نەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری خراپ لەسەر ئاخاوتنەکە و کاردانەوەی خراپی لێنەکەوێتەوە، ڕەوشی ئاسایی قسەکردنەکە نەشێوێنێ (حسن بدوح:٢٠١٢: ٨٢).
هاوبەشەکانی ئاخاوتن وەکو یەکێك لە ڕەگەزە کاریگەرەکانی لە پرۆسەی لێکدانەوەی

دەربڕاوەکان(گوتنەکان) پشت بە دەوروبەر دەبەستن، هەروەها گرنگی ڕەگەزە زمانییە تایبەتەکان لە پرۆسەی گوتندا وەکو (جێناوەکان، نیشانەکان و یەکە زمانییە سەرووسەگمێنتەکان، مەحەکە زمانییەکان) ڕۆڵی گرنگییان هەیە لە بنیاتنانی میکانیزمی ئاخاوتندا، هەروەها لەئاخاوتندا جگە لە ڕەگەزە زمانییەکان ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و دەروونی و لایەنی جوڵە چ بەشێوەی نەرێنی یان ئەرێنی بێ، کاریگەرییان بەسەر پرۆسەی ئاخاوتن هەیە، هەروەها دەوریان لە بەردەوامی دان بە ئاخاوتن و لەسەر ئارەزووی بەشداربووواندا هەیە.

لە ئاخاوتندا هاوبەشەکان یەکسانن لەئەرك و مافدا، بەپێچەوانەی پرسیار و وەڵام، کە کەسی وەڵامدەرەوە دەخاتە ژێر فەرمانی پرسیارکەرەکە و بەسەریدا زاڵدەبێ و بەشداری کارا لە کاریگەری ئاخاوتنەکە ناکات، بەڵام مافی ئەوەی هەیە بڕیار بدا یان ڕای خۆی دەربڕێ، هەروەها پرسیارکەر حوکم بەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە و ئاڵوگۆڕکراوەکە دەکا، ئەمەش ناهاوسەنگی لە دەورەکان دروست دەکا.

هەموو ئاخاوتنێك بە ئاخاوتن دانانرێ، بەهۆی ئەوەی مەرجی ئاخاوتن بەئازادی بەڕێوەچوونە، بۆیە قسەکانی ناو کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکانی وەکو مزگەوت و ژووری دادگا و پۆل....تاد، هەروەها لەبەرخۆ خوێندنەوەی نووسراوێکی وەك گۆڤار، ڕۆژنامە....تاد دێتەکایەوە، چونکە ئەمانە لەسەر بنەمای نۆبەگرتن بەڕێوەناچن. قسەکەر لەم جۆرە چالاکییەدا، مافی ئەوەی نییە بەشداری بکا، ئەگەر بەشداریش بێ ئازادی تیا نییە (عەبدولواحێد موشیر:٢٠١١: ٣٣).

ئاخاوتن لەڕێگای گوتنەکانەوە ئەنجامدەدرێ، بۆیە دەچنە ناو خانەی پەیوەندی گوتەیی interaction verbal، هەر پەیوەندییەك لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی گوتەییەوە بێ، پێی دەوترێ پەیوەندی گوتەیی. لێرەوە دەتوانین جیاوازی لە نێوان چەند جۆرێکی پەیوەندی بکەین:

١- پەیوەندی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی نائاڵوگۆڕ، چ لە پەیوەندی گوتن بێ لە پەیوەندی ناگوتن بێ.

٢- پەیوەندی جوڵەیی تەواو.

٣- پەیوەندی جوڵەیی گوتن(ئاخاوتن).

٤- پەیوەندی گوتنی تەواو( پەیوەندی تەلەفۆنی).

نزمترین یەکەی ئاخاوتن وەکو پەیوەندی گوتەیی ئاڵوگۆڕ پێکدێ لە وروژێنەری گوتەیی stimulus verbal و وەڵامدانەوەی گوتەیی response verbal کە پشت بە جوڵە ببەستن یان نەبەستن.

بەشێوەیەکی گشتی ئاخاوتن (گفتوگۆ) بەم خالآنە لە جۆرەکانی دیکەی پەیوەندیکردن جیادەبێتەوە:

١- یەکەیەکی زمانییە .

٢- پەیوەندییەکی کاریگەرییە چ گوتەیی تەواو بێ یان گوتەی جوڵەیی .

٣- پەیوەندییەکی کارلێککەری ئالوگۆڕییە، بچووکترین یەکەی لە جووتە وەلآمەکان پێك دێ کە لایەنە هاوبەشەکان بەرهەمی دەهێنن.

٤- لە شیکرنەوەیدا ڕوو (phases)و شێوە (formules) بەکاردێ، دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ زانینی بنچینەکانی.

٥- پێویستی بەئامادەبوونی هاوبەشەکان هەیە، هاوبەشەکان خاوەن هەمان مافن لە گفتوگۆکەدا.

٦- چالاکییەکی ڕەمەکی و لەخۆوەیە هەروەها بەخۆڕاییە، هاوبەشەکان لە ئاخاوتن هیچ ئامانجێکیان نییە تەنیا ئاخاوتن نەبێ.

٧- یەکەیەکە بەستراوەتەوە بە کات و شوێنەوە(حسن بدوح: ٢٠١٢: ٨٤).

## ١-٣-١ یاساکانی ئاخاوتن:

جێبەجێکردنی ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان تەنیا بە یاساو جۆراوجۆری ئاستە جیاوازەکانی زمان نابەسترێتەوە وەکو یاسا فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان، بەڵکو جگە لەمانە پێویستی بە یاساکانی ئاخاوتنیش هەیە، ئەم یاسایانەش بەندن بە کۆمەڵ و کەلتور و زمانەوانییەوە، چونکە یاسای ئاخاوتنەکان لەناو کۆمەڵدا سەرهەڵدەدەن و بەشێکی دیکەی تەواو کەری زمانن، بەتایبەتی لە ئاخاوتندا. کەواتە ئاخێوەران لە جیهانی کۆمەلآیەتیدا تەنیا بە ڕێگای زمانەوە

پەیوەندی و کارلێك لە نێوانیان دروست نابێ بەڵکو کۆمەڵێك یاسای شاراوەش هەن بۆ بەرجەستەبوونی پەیوەندییەکە (صابر الحباشە: ٢٠١٢: ٦٣)، مەرجیش نییە هەموو زمانەکان لە یاساکانی ئاخاوتندا کە سەرچاوەکەی هەڵقوڵاوی داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانن وەك یەك بن، هەروەها ئەستەمە ئاخێوەرێك کە لەڕێگای تیۆرییەوە فێری زمانی دووەم بووبێ بتوانێ لە کاتی ئاخاوتندا ئاخاوتنێکی دروست بهێنێتە کایەوە و دوور بێ لە کەموکوڕی(wolfson:1983:62)، ۆلفسن ئاماژەی بەوەکردووە دابونەریتی قسەکردن بریتی نییە لە وشە و زاراوەو پێڕەوی زمانی، بەڵکو بریتییە لە پێڕەوی گەیاندن و توانای بەکارهێنانی زمان وەك قسەکەرێکی زمانی دایك (بەهار زایر: ٢٠٠٩: ٧٩). هەر لەم بارەیەوە ۆلفسن سێ خاڵی گرنگی یاساکانی ئاخاوتنی ئاماژەپێکردووە:

١-پێڕەوی ئاخاوتن: ئەم پێڕەوە زاراوە و وشەکان هەڵدەبژێرێ و بەیەکەوەیان گرێ دەدا، کامە زاراوە پەیوەست بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەباربێ هەڵیاندەبژێرێ.

٢-پلان دانان بۆ دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ هێنانە ئارای تێگەیشتن و ڕاستکردنەوەی ئەو گرفتە لەناکاوانەی کە لەوانەیە ڕێگر بن لە بەردەوامیدانی قسەدا.

٣-کردە ئاخاوتەییەکانی وەك (لێبوردن و پۆزشهێنانەوە و داواکردن و پیرۆزبایی و ڕێزلێنان) کە جگە لەمەبەستە سەرەکییەکە مەبەستی تریش دەدەن (عەبدولواحێد موشیر:٢٠١٠: ٢٩).

### ١-٣-٣ ڕەگەزە هاوشانە زمانییانەکان:paralinguistic

#### ١-٣-٢-١ ڕەگەزە هاوشانە زمانییە ناوەکییەکان:

**بەشداربووی ئاخاوتن لەکاتی ئاخاوتندا پێویستی بە کۆمەڵێك ڕەگەزی دیکەی وەکو ئاوازە و هێز دەبێ کە هاوشانی زمان، ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی واتاو بەستنەوەی واتاکان بەیەکەوە لە پەیوەندی زارەکی نێوان ئاخێوەراندا.**

أ- ئاواز intonation : ئەو چوارچێوە دەنگیەیە کە ڕستەیەك بەپێی ئەو دەوروبەرەی تیایەتی دەردەبڕدرێ (حسن بدوح: ٢٠١٢: ٩٦)، بەمەبەستی ڕێکخستن و ڕێکاری ئاخاوتن بەکاردێ، دیاریکردنی ئەو شوێنەی کە هێزی بڕگەی ئاوازەداری دەخرێتە سەر، گرنگترین شوێنی پەیامەکە دەردەخا، هەروەها ئاواز بۆئەوەیە تیشکۆی سەرنجی گوێگر ڕابکێشێ بۆ ئەو کەرەستانەی کە لە پەیامەکەدا گرنگییان پێدراوە، هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕاگەیاندن و پرسیار و فەرماندان و نەرێ ...

ئاوازیش بریتییە لە (هەڵس ، کەوت ) بەرزبوون و نزمبوونەوەی دەنگ/ ڕەوت (pich) لە سەرەتا، یان پێش کۆتایی، یان لە کۆتایی گوتنەکەدا. لەئاستی دەنگسازیدا وەکو کەرەستەیەکی زمانی ناکەرتی ئاماژەی بۆ دەکرێ و پەیوەندییەکی ئالۆزی بە ئاستەکانی ڕێزمان و سیمانتیك و پراگماتیك هەیەو چەند ئەرکی گرنك لە زماندا بەجێدەهێنێ. ئاواز وەك یەکەیەکی زمانی زیاتر بە جیاوازی ڕەوت و گۆڕانی ڕەوت (پلەی دەنگ) و لەرینەوەی ژێیەکان دەبەسترێتەوە. گۆڕینی پلەی دەنگیش لەسەر ژمارەی لەرینەوەی ژێیەکانی قورِگ دەوەستێ، بەمەش ئاواز ئەرك و واتای جیاواز لە زماندا جێبەجێدەکا (تاڵیب حسین: ٢٠١٤: ٢٣٩). بەکاربردنی ئاوازیش لەهەر گوتنێکدا بەمەبەستی واتایەکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنرێ، واتە قسەکەر بەمەبەست ئاواز بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بەشێکی گوتنەکە بکا، کە جێگای بایەخ پێدانییەتی. بۆنموونە:

- لەباوکت دەدەی؟

ئەم گوتنە پرسیار نییە، بەڵکو کاتێ قسەکەر ئەم ڕستەیە دەردەبڕێ لە دەوروبەرێکی پەیوەندیکردندا، مەبەستی پرسیار کردن و چاوەڕوانی وەڵام نییە، بەبەڵێ یان نەخێر، بەڵکو نەرێ کردن و قەدەغەکردنی ئەو دەربڕینەیە، هەرچەندە ئەمە نیشانەی پرسیاری بەدواوەیە، بەڵام مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە.

١) هێرش دەکا ! ئاگادارکردنەوە

٢) هێرش دەکا؟ پرسیار

٣) هێرش دەکا !؟ ناڕەزایی دەربڕین

ئەم سێ ڕستەیە کە هەمان پێکهاتەی وشەییان هەیە، بەڵام بەهۆی (ئاوا)ەوە جیاوازی لەنێوان هەرسێ ئەرکی جیاوازی ڕستەکە دەکەین.

بیرجیرۆ ئاماژەی بەوەداوە جۆری ئاوازی ئاخاوتن لەنێوان هاوبەشەکان سروشتی پەیوەندی نێوانیان ڕووندەکاتەوە لەنێوان نێرەر و وەرگردا، کە پەیوەندییەکەیان زۆر نزیك و گەرم و گوڕە، ڕێزیان لەنێواندا هەیە، یانیش گاڵتە پێکردنە، یان فەرماندان یان یەکدڕ دەبن (بیرغیرو:١٩٩٩: ٤٧).

ب- هێز Stress :

ڕوونکردنەوەی بەشێك لەبەشەکانی وشەیە لە بیستندا، واتە ڕوونکردنەوەی فۆنیمێك یان بڕگەیەك لە چاو فۆنیمەکانی دیکەدا، ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە دوو ڕێگا دەبێ، یەکەمیان بەهۆی بەرزی و نزمی دەنگی ئەو فۆنیمە لەچاو فۆنیمەکانی دیکە دا ، واتە ئەو زیادە وزە دەنگییەی کە لەپڕ دەخرێتە سەر یەکێك لە بڕگەکانی وشەکە(وریا عومەر:٢٠٠٤: ٢٨٤) ڕەگەزی دووەمیش پەیوەندی هێزی(التوتر) تەماسی نێوان ئەندامەکانی ئاخاوتنە لە دەرچەی دەنگەکاندا (تمام حسن: ١٩٩٤ :١٧١). کەواتە ئەگەر شوێنی هێز لە وشەیەکدا بگۆڕدرێ لە بڕگەیەکەوە بۆسەر بڕگەیەکی دیکە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاو بەمەش کێشە لە گەیاندن لەنێوان نێرەر و وەرگر دروست دەبێ.

بۆنموونە "لە (نووستن)دا کە هێز لەسەر دوا بڕگە بێ، واتای (چاوگی) دەگەیێنێ وەك بڵێی (نوستن خۆشە) ئەگەر هێزەکە خرایە سەر بڕگەی یەکەم ماناکە دەگۆڕێ و دەبێتە (ئەوان نوستن)"(وریا عومەر: ٢٠٠٤: ٢٨٤).

ج- هەڵوەستە Juncture :

گۆڕانی زنجیرەی گۆکردن یان ڕەوتی دەربڕینە بە گۆڕانی ئاوازەکەی، سووکە ئاگادارکردنەوەیەکە کە قسەی دواتر پەیوەندییەکی توندی بە قسەی پێشووەوە هەیە (عەبدولوەهاب خالید:٢٠٠٩: ٣٧)، بێگومان بێ وەستان و هەڵوەستەکردن قسەکەر ناتوانێ بەردەوامی بە ئاخاوتن بدا، چونکە مرۆڤ ناوەندی گۆکردنی لە چرکەیەکدا ١٢ فۆنێم و چوار تاپێنج بڕگەیە لە چرکەیەکدا، هەروەها دەتوانێ

۱۰۰– ۲۰۰ وشەش لە خولەکێکدا گۆبکات، زیاتر لەمەش پێویستی بە وەستان و هەڵوەستەکردن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامی بدا بە ئاخاوتن. هەڵوەستە یارمەتی تێگەیشتن و ئاسنکاری تێگەیشتن دەدا لەکاتی بیستنی گوتنێك یان خوێندنەوەی نووسینێك. لێرەوە دەوری هەڵوەستەکردن دەستپێدەکا، کە هەوڵی دابەشکردنی قسەکە بدات ( حسن بدوح:۲۰۱۲: ۱۰۸)، هەندێ جار هەڵوەستە لە ناوەڕاستی زنجیرە ئاخاوتنێکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی واتایی (عەبدولسەلام نەجمەدین:۲۰۱۱: ۱۵۱)، دەتوانین سێ جۆر وەستان دیاری بکەین

۱– وەستانی ناتەواو: بێدەنگبوونی قسەکەرە بۆماوەیەکی زۆر کورت.

۲– وەستان بەپێی پێویست: ئاخێوەرەکە بێدەنگ دەبێ، هاوکات لەگەڵیدا هەناسەش دەدا.

۳– وەستانی تەواو ئەمەش ئاخێوەر بەتەواوی بێدەنگ دەبێ لەگەڵ پشووی هەناسەدانیش (حسن بدوح :۲۰۱۲: ۱۰۸).

### ۱–۳–۲–۳ ڕەگەزە هاوشانە زمانییە دەرەکییەکان :

**أ– جوڵەی جەستەیی kinesthetic** : بریتییە لەو ئەدگارانە کە (جگە لەقسەکردن) زمانی ئاماژە و زمانی جەستە دەگرێتەوە، وەك جوڵەی جەستە و گوزارشتەکانی دەم و چاو، کە لەناو کۆمەڵدا خاوەنی واتای جیاوازن، بەشێوەی کۆدێکی ناگوتەیی دەربڕاو بەشداری لە ئاخاوتن دەکەن (چۆلی ئەسعەد: ۲۰۱۳: ۲۸)، هەندێکیان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ئاخاوتنەکە دەبێ و واتای دەربڕاوەکان دەگۆڕن.

**ب– مەودای نێوان هاوبەشەکان proximity** : لە پرۆسەی ئاخاوتندا تەنیا پشت بە زمانی قسەکردن نابەسترێ، بەڵکو مەودایەك لەنێوان ئاخێوەراندا هەیە، کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوانیان، لەڕووی تەمەن و پیشە و لێکنزیکییەوە، هەروەها دەبێ لە شوێنە گشتییەکانی وەك مەلەوانگە و چایخانەو گۆڕەپانی گشتیدا، مەودایەك لەنێوان قسەکەر و گوێگر هەبێ (حسن بدوح:۲۰۱۲:۱۱۷). شێوەو چۆنییەتی دانیشتنی نێوان ئاخێوەرانیش بەیاسای کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە، لادان لەو یاسایانە، واتایەکی دیکە بە ئاخاوتنەکە دەبەخشێ (رعد رفعة:۲۰۱۰: ۲٥٦).

## ١-٣-٣ شیکردنەوەی ئاخاوتن:

شیـــــــــــــکردنەوەی ئاخاوتن بە کاریـــــگەری زانستـــــــی (ئیتـــنۆمیتـــۆدۆلۆجـیکەڵ Ethnomethodological) دامەزراوە، کە زانستێکە گرنگی بە لێکۆلینەوە لە پەیوەندی سروشتی ڕۆژانەی نێوان خەڵك دەدا، هەروەها گرنگی بە توانستی پەیوەست بە پرۆسەی پەیوەندی نێوان خەڵکو جێبەجێکردنی یاساکانی ئاخاوتن و دابەشکردنی نۆبە ئاخاوتنەکان دەدا لە ئاخاوتندا. ئەم گرنگیدانەش بە شیکردنەوەی ئاخاوتن دوای ئەوە هات کە چەند تیۆرێك لەبارەی شیکردنەوی گوتاردا هاتە کایەوە، هەر ئەوەش بوو کاریگەری کردە سەر لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتنیشدا. هەرچەندە تا ساڵی ١٩٧٠ ئەم بابەتە پشتگوێ خرابوو وەکو یەکەیەکی زمانی، پێشتر تەنیا گرنگی بە ڕستە دەدرا، وەکو پێکهاتەیەك دەتوانرا لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام چەمکێکی نوێ هاتە ئاراوەو لە گرنگیدان بە ڕستە تێپەڕی کرد و گرنگی بەیەکەیەکی فراواتر دا لە زماندا (خليفة الميساوي:٢٠١٢: ٥٢).

سەرەتا زیاتر گرنگی بە شیکردنەوەی گوتار و دەقەکان دەدرا، دواتر گرنگی بە یەکەی زارەکی زمانیش درا، کە یەکەم هەنگاو بوو گرنگی بە قسەکردنی تاك بدا لە چوارچێوەی موحازەرەو گوتارداندا.

دواتر چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەران کرا، لە چۆنییەتی گۆڕینەوەی دەوری قسەکردن لەنێوان ئاخێوەراندا، هەروەها ئەو توخمانەی کەبەشداردەبن لە ئاخاوتنەکەدا، وەکو چۆنیەتی دەربڕین و دەوروبەر و ڕاڤەکردنی گوتنەکان و ئەو جێناو و ئاوەڵکارانەی بەکاردەهێنرێن (خليفة الميساوي:٢٠١٢: ٦١).

### ١–٣–٣–١ قۆناغەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن:

بەمەبەستی زانینی مەبەستی قسەکەر و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە کردەی شیکردنەوەی ئاخاوتن لێرەوە دەست پێدەکا، ئەویش لەلایەن گوێگرەوە دەبێ کە بە پشت بەستن بە دەوروبەر و کەسێتی قسەکەر ئاخاوتنەکە شیدەکاتەوە و لە واتاکەی دەکۆڵێتەوە، بەبەراوردکردنی کەرەستەکانی ڕستەکە

لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی ئەو واتایەی کە قسەکەر مەبەستییەتی، ئەگەر واتاکەی دەستنەکەوت پەنا دەباتە بەر ئەو بنەمایانەی کە پێویستن لەئاخاوتندا هەبێ، دەستنیشانی ئەو بەزاندنانە دەکا کە قسەکەر ئەنجامیداون، هەروەها لە ڕەچاوکرنی بنەمادا، واتای مەبەستی ئاخاوتنەکەی دەست دەکەوێ، گوێگر بۆی ساغ دەبێتەوە ناوەرۆکی ئاخاوتنەکە چ جۆرە کارجێبەجێکردنێك دەگەیەنێ، جێبەجێکردنی شاراوەیە یان ئاشکرا (دارا حەمید:٢٠١٢: ٦٢) .

## ١-٣-٣-٢ شێوازەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن

ڕێگەیەکی باوە بۆ لێکۆڵینەوە لە گوتار و ئاخاوتن، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ بۆ لێکدانەوەی ئەو شیکردنەوە پراگماتیکییانەی کە لەبارەی ئاخاوتنی ئاساییەوە دەکرێ، ئەوەش بە جەختکردنەوە لەسەر لێکدانەوە پراکتیکییەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە دەبێ.

### ١- کردەی ئاخاوتەیی:

یەکێکە  لە بنەماکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن، تیۆری کردە ئاخاوتەیی لە کارەکانی ئۆستن (١٩٦٢) و سێرل (١٩٦٩) وەرگیراوە، کە ڕێبازەکەیان دەربارەی شیکردنەوەی ئەرکەکانی زمان بووە، کە لەلایەن زانای بەریتانی ئۆستین لە کتیبەکەیدا بەناوی (چۆن لە ڕێگای وشەوە کردارەکان ئەنجام دەدەین) باسی کردەکانی ئاخاوتنی کردووە بەپێی بیروڕاکەی، زمان بریتییە لە کردار و پێناسەی کردەکانی ئاخاوتن دەکاو دەڵێ: بەم تیۆرە دەتوانین ئەرکە جۆربەجۆرەکانی پەیوەندیکردن دەستنیشان بکەین و ناویان بنێین. لەمیانەی ئاخاوتن و بەشکردنی بۆ یەکەی جیاجیادا، دەکرێت بەڕیزبەندی پێکەوە بلکێنرێن. ئەو بۆچوونەی ئەوان هەیان بوو ئەوەبوو کە زمان کردەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان قسەکەرو گوێگر ئەنجام دەدا. کردەی ئاخاوتەیی بریتییە لە کردەی دەربڕینی چەند ڕستەیەك لە دەوروبەرێکدا بۆ ئامانجێکی تایبەت لەکردەیەکی پەیوەندیکردندا، کاتێ قسەکەر لە

بارودۆخێکی تایبەتدا چەند گوتەیەك بەرهەمدەهێنێ لە دەوروبەرێك و لەو شوێنەی قسەکەر قسەکانی دەکا، لەساتی ئاخاوتندا چەند کردارێك ئەنجامدەدا، وەکو ڕاگەیاندنی ڕاستیەك یان بیروڕایەك، سەلماندن یان نکوڵیکردنی شتێك، هەروەها لەم ئاخاوتنەدا لەوانەیە پێشبینی شتێك بکا یان بەڵێندان یان داواکاریش هەبێ، گرنگترین خاڵ بە بروای ئۆستن لێرەدا ئەوەیە کە کاتێ مرۆڤ زمان بەکار دەهێنێ ئەوا کردەیەك جێبەجێدەکا لەگەڵ دەربڕینی گوتنەکەیدا، هەروەها ئۆستن جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە زمان فۆرمێکی جێبەجێکردنی ئاخاوتنەکانە کە دەریدەبڕێ (Cockcroft: 1999: 25).

شیکردنەوەی ئاخاوتن بە ڕێگای کردەی ئاخاوتەیی بە دوو هەنگاو ئەنجام دەدرێ:

١- "ئاخاوتنەکە دەکرێ بەچەند دانەیەکی گوتنەوە لە شێوەی ڕستەو پاڕستەو گرێی ناویدا، کە جۆرە ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیەو بریتییە لە بەرزبوونەوەی دەنگ یان نزمبوونەوەی دەنگ (هەڵس، کەوت) یان لێکدانیان بەمەرجێ هەر دانەیەکیش مەبەستێکی تێدابێ وەك (هەڕەشە، بەڵێن، ئاگاداری، پۆزش ...) " (عەبدولواحێد موشیر: ٢٠١٢: ٣٦)، بۆ نموونە: لە (سڵاوکردن)دا

- چۆنی؟
- باشم، سوپاست دەکەم.

٢- یاساکانی ڕێکخستن یان بەرەو پێشبردن، کە بریتییە لە دۆزینەوەو دانانی یاساکان و بەدواداهاتنی وەك ئەوەی وەڵام دوای پرس بێ، ڕازی بوون یان ڕەتکردنەوە دوای داوا بێ، وەك

- دەتوانی ئەو قەڵەمەم بدەیتێ.
- فەرموو.

ئەم ڕێگە هەرچەندە ئاخاوتنمان بۆ شیدەکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی گوتنەکان زیاتر لە مەبەست دەگەیەنن، هاوکات ڕەگەزە هاوشانە زمانییەکان کە دەوریان هەیە لە بەڕێوەچوونی ئاخاوتندا، ئەم ڕێگایە ناتوانێ شیکردنەوەی تەواوی ئاخاوتنمان بداتێ. هەروەها تەنیا بە ڕێگای یاساکان ناتوانین بگەینە ڕاستی ئاخاوتنەکان، چونکە پێویستمان بەدەوروبەر دەبێ بۆ ئەوەی گوتنەکان شیبکەینەوە.

## ٢- ڕێبازی ئیتنۆمێتۆدۆلۆجیکەل لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا:

## (Ethnomethodological Aproach -coversational analysis )

ڕێبازی ئیتنۆمێتۆدۆدلۆجیکەل لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا، ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتن. ئەم ڕێبازە پەیوەستە بە کۆمەڵە زانایەکەوە کە بە ئیتنۆمێتۆدۆلۆجیست ناسراون، واتە شیکەرەوانی ئاخاوتن کە ئەویش (هارۆڵد گارفیکل و هاری ساکس) دایانهێناوە، پاڵپشت بە بنچینەی دیاردەناسی کۆمەڵایەتی (ئالفرێد سکۆتز )(بڕوانە :Schutz& lockmann:1974) لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵێك زمانەوانی ناپرۆفیشناڵ دەرکەوتن، کە دەیانویست بزانن خەڵك چۆن گفتوگۆ دەکەن، چ کردەیەك لەپشت ئاخاوتنەوە هەیە، لەکاتێکدا ئەم ئاخاوتنانە نموونەی بەرهەمهاتووی ئاڵۆز نین. ئەم زانایانە زیاتر پشت بە داتا ڕاستەقینەکان دەبەستن لە کاتی شیکردنەوەی ئاخاوتنەکاندا. بۆ ئەم مەبەستە لێکۆلینەوە لە زمانی قسەکردن ( spoken language) و گفتوگۆکانی ژیانی ڕۆژانە دەکەن (Levinson:1983: 295). شیکەرەوانی ئاخاوتن هەوڵی شیکردنەوەی ڕووداوە زمانەوانییەکانی ڕۆژانە دەدەن، وەکو (داواکردن ، سوپاس کردن، بانگهێشکردن، گێڕانەوەی چیرۆك و سەرگوزشتە). هەروەها چاودێری ئەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ دەکەن کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ شیکردنەوەی یاساکانی ئاخاوتن (McCarthy:1991:24). هەروەها ئەم زانایانە پێیان وایە ئاخاوتن بریتییە لە پرۆسەیەکی گەشەسەندوو نەك پرۆسەیەکی نابەرهەمهێن بێ، بۆیە ئەم زانایانە لە سەر ئاستی ناوخۆییەوە دەست پێدەکەن، نەك پێکهاتەیەکی گەورە بسەپێنن لە سەر ڕووداوە سەرەتایەکانی ئاخاوتندا، هەروەها ئەوان دەیانەوێ بزانن چۆن ئاخێوەران لە کاتی ڕووبەڕوبوونەوەکانیاندا گفتوگۆ ئەنجام دەدەن. لە سەرووی هەمووشیانەوە دەیانەوێ بزانن، کە چۆن ئاخێوەران گفتوگۆکان ئەنجام دەدەن و چۆن ئەم گفتوگۆیانە واتادار دەبن.

شیکەرەوانی ئاخاوتن پێیان وایە کە ئاخاوتنەکان پەیڕەوی چەند یاسایەك دەکەن، (Yule:2000:9) بۆ نموونە: لە کاتی ئاخاوتنە ئاساییەکاندا دەبینین تەنها یەك کەس قسەدەکات و لە هەمان کاتدا

قسەکەرەکە دەگۆڕێت بۆ یەکێکی تر و پانتایی هەر بەشداریکردنێکیش جۆراوجۆرە. بۆ ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیەش چەند تەکنیکێك هەیە بۆ ئەوەی نۆرەی قسەکردن لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت، لێرەدا ناوەرۆکی گفتوگۆکان سنوردار نین (Nolasco and Arthur 1987: 7)، لە بەرئەوە لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا هەوڵدەدەین بزانین چۆن ئەمانە ڕوودەدەن. هەروەها شیکەرەوانی ئاخاوتن دەیانەوێ بزانن کە چۆن جووتە گوتنەکان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە. کە ئەمەش لە لێکۆلینەوەی جووتە ئاخاوتنەکان بەرچاودەکەوێ، بەهەمان شێوە ئەو زانایانە دەیانەوێ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نۆبە گرتن بزانن و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەست پێکردنی ئاخاوتن و کۆتایهاتنی ئاخاوتن دەکەن. (McCarthy:1991: 24) هەروەها چۆنییەتی گۆڕینی بابەت و بزربوونی بابەتێك لەنێو گفتوگۆکەدا، چۆنیەتی بەشداریکردنی قسەکەران لە بنەمای ڕێزگرتن و کردەی ستراتیژدا بەم شێوەیە شیکردنەوەی ئاخاوتن هەنگاوی باشی هەڵهێناوە و ڕەهەندەکانی ئاخاوتن دیاری کراوە (Carter:1994:123 McCarthy and) شیکردنەوەی ئاخاوتن هەوڵدوەدا وەسفی ئاخاوتن بکا بەشێوازێك کە لەلایەن ئەو خەڵکانەی بەشدارن لە ئاخاوتنەکەدا، ئەم شیکردنەوەیەش بە وردبوونەوە لە گوتنە دەربڕاوەکان و لێکدانەوەی گوتنەکانی پێشوو بەتایبەتی سەرنجدان لە گرێیەکان و لێکحاڵینەبووەکان و ڕاستکردنەوەکان. (livinson:1993:295) ئەو ڕێگایەی لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا بەکاردێ پێویستە دیار و ڕوون بێ نەك تەنها لە هەندێ لایەنی ئاخاوتنەکان بەڵکو دەبێ ڕێگا پێشنیازکراوەکانیش نیشانبدا، لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا چەند بنەمایەك هەیە پێویستە پەیڕەو بکرێ، بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکان بەرهەمدار و سوودبەخش بن، گوێگر و قسەکەر باشتر لێك بگەن، ئاخاوتنەکانیش بە ڕێکی بەڕێوەبچێ بنەماکانیش بریتین لە کردەی ئاخاوتن و نۆرەگرتن و جووتەگوتنەکان: Nofsinger ) 1991 :66)

### ٣– نۆرەکاری turn - taking :

بنەمایەکی دیکەی شیکردنەوەی ئاخاوتنە، بە چەمکێکی گرنگ دادەنرێ لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا، هەر بەهۆی نۆبەگرتنەوە ناسنامەی قسەکەرەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێ،

نۆبەگرتنیش چەند بنەمایەکی هەیە، کە بەهۆیانەوە ئاخاوتنەکان ڕێکدەخرێن، بەتایبەتی لە ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەدا نۆبەگرتن دەوری گرنگ دەگێڕیٚ، یەکێك لە سیفەتەکانی نۆبەگرتن ئەوەیە کە قسەکەر دەبێتە گوێگر و گوێگریش دەبێـە قسەکەر،لەکاتی ئاخاوتنەکاندا خەڵك تەکنیکی جیاواز بەکاردەهێنیٚ بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە قسەکەی تەواو بووە، بۆ ئەوەی ڕیٚ بە بەشداربووەکانی دیکە قسە بدەن، یەکێك لەو یەکانەی بەسوودن بۆ نۆبەگرتن پێی دەڵێن (turn – constraction units) خاڵی گۆڕینی قسەکەر(Nofsinger:1991: 81) .

## ٤– جووتە گوتنەکان (adjancency pair)

زاراوەی جووتەگوتن لەلایەن (ساکس ) لە ساڵی (١٩٤٠) پێشنیازکراوە، لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی)دا، جووتە گوتن ئاماژە کردنە بە زنجیرەیەك دوو ئاخاوتنی پەیوەندار کە لەلایەن ئاخێوەرانەوە دروستدەکریٚ، هەمیشە گوتنی دووەم وەڵامی گوتنی یەکەمە (levinson:1983:303) وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:

– تۆ گلۆپەکەت بەپێکراوی جێهێشتبوو؟ (گلەیی)

– من نەبووم. (نکوڵیکردن)

نموونەی گلەیی و نکوڵیکردن نموونەیەکن لە جووتە گوتنەکان.

(سلاّوکردن)

– چۆنی؟ (سلاّوکردن)

– باشم، سوپاست دەکەم. (وەلاّمدانەوە)

(بانگهێشتکردن و پەسەندکردن)

– پێم خۆشە بەیانی لەماڵی ئێمە نابخۆن( بانگهێشتکردن)

– باشە براکەم زۆر خۆشحاڵدەبم. (پەسەندکردن)

هەروەها لە جووتە گوتنەکاندا ئەگەر قسەکەر پرسیاری  لە گوێگر کرد، دەبێ گوێگر بە باشی وەڵام بداتەوە.

- سەعات چەندە؟
- سەعات دەو نیوە.

هەروەها هەندێ مەرج هەیە کە دەبێ لە جووتە گوتنەکاندا هەبێ، دەبێ جووتە گوتنەکان لە دوو کەرت پێك بێ کە بریتییە لە گوتنی (قسەکەر و گوێگر)، کە بەدوای یەکدیدا دێن.

هەروەها دەبێ جووتەگوتنەکان جوت و نزیك یەك بن، جوتە گوتنەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕێکخستنی ئاخاوتنەکاندا، بەشی یەکەمی جووتە گوتنەکان قسەکەر دروستی دەکا و بەشی دووەمیش گوێگر، لەئاخاوتنەکانیش سوود لە بێدەنگی و وەستانی قسەکردندا دەبینرێ بۆ ئەوەی ئاخێوەران باشتر لەیەکتر بگەن.

# بەشی دووەم

## کردەی ئاخاوتن و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

# بەشی دووەم

## کردەی ئاخاوتەیی و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

### ٢-١ کردەی ئاخاوتن (SPEECH ACT )

ئەو کردارەیە کە مرۆڤ لە دەوروبەرێکی گونجاودا لەگەڵ دەربڕیندا ئەنجامی دەدا. لە ڕستەیەکدا ئەو دەربڕینەی دەریدەبڕین واتای ئەنجامدانی کردارەکەش دەگەیەنێ، واتا جێبەجێکردنی کردارەکە لەگەڵ گۆکردنی کردارەکەدایە. هەموو ئاخاوتنێك بەشێك لە بەکارهێنانی ئەرکی دیاریکراوی زمانەکە دەگرێتەوە. کرداری ئاخاوتن هۆکارێکە بۆ دەبڕینی هزری مرۆڤ، لە ڕێگای وشەوە، (mey:1993:110) هەندێك کردار هەیە کە جێبەجێ نابێ لەمیانی ئاخاوتن یان گۆکردنی زمانیدا نەبێ، وەکو:

١) من ڕازیم لەسەر ئەم شتە.

٢) تۆ تەڵاقدرای.

٣) سوپاس. .... تاد.

ئەرستۆ لەبەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەناوی ( فن الخطابة) دەڵێ هەموو ڕستەیەك واتایەکی هەیە، بەڵام هەموو ڕستەیەك هەواڵی (تقریری) نییە، تەنیا ئەوانە نەبێ کە ڕاست و درۆیان تێدەکەوێ، هەروەها هەموو ڕستەیەکیش ڕاست و درۆی تێناکەوێ بۆ نموونە ( تکاکردن) ڕستەیە، بەڵام ڕاست و درۆی تێناکەوێ.

ئەم بیرۆکەیەی ئەرستۆ تاوەکو سەدەی ١٩ بەهێز و کاریگەر بوو، بەڵام یەکەم زانا کە ڕەخنەی لێ گرتبێ( تۆماس راید) بوو کە بیرۆکەی کردەی کۆمەڵایەتی خستەڕوو لەبەرانبەر کردارە (تاك لایەنەکان)، بەڵام یەکەم وانەی ڕێکوپێك لەبارەی کردەی ئاخاوتن لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەدۆلف رایناخ)ەوە بوو، کە باسی لە ( بەڵێن و داوا و فەرماندان) دەکرد لە ژێر ناوی (کردەی کۆمەڵایەتی)دا، لای خۆیەوەش (سیریل) لەسەر بنەما کۆنەکان تیۆری (کردەی ڕاپەڕاندن)ی داڕشت.

بۆ یەکەم جار (تیۆری کردەی ئاخاوتن ) (بوهلەر) لە کتێبەکەی بەناوی (تیۆری زمان– ١٩٣٤) باسی کردووە، لای بوهلر هەموو بەکارهێنانێکی زمان دەبێ یەکێك لەم ئەرکانەی هەبێ ( نواندن، دەربڕین، دەستپێکردن)، بەڵام ئۆستن ڕۆڵی هەبوو لە یەکەم بۆچوون لە تیۆری کردەی ئاخاوتن لە زمانەوانی نوێدا (اوستين: ١٩٩١: ٧).

لە ڕێگای ژمارەیەك موحازەرەوە کە لەدوای مردنی بلاوکرایەوە، ئۆستن بە کاریگەری وینتگشتاین وەلامی فەلسەفەی پۆزەتیڤی لۆجیکی دایەوە، کە پێیان وابوو زمان هۆکارێکە بۆ وەسفکردنی واقیعی جیهانی دەرەوە، بە ڕێگای دەستەواژە هەواڵییەکان و دواتر حوکمدان بە ڕاستی ئەگەر لەگەڵ واقیع بگونجێ و بەدرۆش ئەگەر لەگەڵیدا نەگونجێ، چونکە دەربڕینێك لەگەڵ واقیع نەگونجێ ناتوانین نە بە ڕاست نە بەدرۆ حوکمی لەسەر بدەین و دەربڕاوە هیچ واتایەکی نابێ ( دليل محمد والاخرون: ٢٠١٠: ١٨٥).

ئۆستن جەختی لەوە دەکردەوە، کاتێ وشەیەك دەردەبڕین تەنیا مەبەستمان هەواڵ گەیاندن نییە، بەڵکو هەندێ لە دەربڕاوەکان ناتوانین بڕیاری ڕاست و دروستی لەبارەوە بدەین، هەروەك ئێمە لە ڕێگای دەربڕینەوە هەندێ کردار جێبەجێ دەکەین، بۆنموونە کە دەڵێی ( ببوورە دواکەوتم)، لەپاڵ دەربڕینی ڕستەکە کردەیەکیش جێبەجێکراوە ئەویش کرداری لێبووردن و پۆزش هێنانەوەیە. ( محمود احمد نحله: ١٩٩٩: ١٦٧) هەندێ دەربڕاو دەبێتە هۆی جێبەجێبوونی ( گرێبەست یان هەڕەشە ، یان لێبووردن ، سوپاس .... تاد.) هەروەها لەم رستانەدا ناتوانین حوکمی راست و درۆیان لەسەر بدەین وەك ئەو ڕستانەی کە کردارەکانیان پێیان دەوترێ کرداری ( ڕاپەڕاندن) وەکو (پۆزش و لێبوردن و سوپاس و قەبولکردن و داواکردن... تاد).( محمد محمد: ٢٠٠٤: ٣٤)

ئەم جۆرە کردارانە هەمیشە لە ڕێژەی رانەبردوودا دەبن و کەسەکەش کەسی یەکەم دەبێ، ئەو ڕستانەش کە ڕستەی ڕاپەڕاندنیان پێ دەوترێ دەشێ دابەش بکرێن بۆ دوو جۆر وەکو ئۆستن پێشنیازی کردووە ئەوانیش ڕستەی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا و شاراوەیە (تريفه عومەر: ٢٠٠٨: ٦٦) :

١– ڕستەی بەجێهێنانی ئاشکرا:

ئەم جۆرە، جۆری ڕاپەڕاندنی تیادا بەدەردەکەوێ، وەك:

٤) بەڵێن دەدەم ئامادە بم.

٥) گەر سەرکەوتووبێ خەڵاتی دەکەم.

٢- ڕستەی بەجێهێنانی نائاشکرا:

کردەی جێبەجێبوونیان تیا دەرناکەوێ، وەکو:

٦) بڕۆ دەرەوە.

٧) داوا بکە؟

٨) پەتایەکی کوشندە کەوتۆتە شارەوە.

ئەم ڕستانە دەشێ هەواڵگەیاندن بن، هەروەها دەشێ ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوە بن.

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە، بووە بنەمای جیاکردنەوەی سێ جۆر ڕستەی بەجێهێنان کە لەگەڵ ئاخاوتندا جێبەجێ دەبن (العياشي أدراوي:٢٠١١: ٨١).

ئۆستن ئەو کردە ئاخاوتنانەی کە بەشێوەی سەرەکی وەکو ئەو دەربڕینانە نین و جێبەجێکردنیان لەگەڵ خۆیاندایە، ناوی لێنان ( کردەی نادەربڕین)، کە لەڕاستیدا یەکێکە لە ئاستەکانی کردەی ئاخاوتن و مرۆڤ تەنیا بە دەربڕینی رستەکە جێبەجێی دەکا، واتە کردەی ئاخاوتن تەنیا دەربڕینی دەنگ نییە، بەڵکو کردارەکە تەنیا بە گۆکردنی دەنگەکە جێبەجێ نابێ بەڵکو بێ دەربڕینی دەنگیش هەندێ کردار جێبەجێ دەبن، بۆیە ئۆستن سێ ئاستی جیاوازی کردارەکان دەست نیشان دەکا:

یەکەمیان کردەی دەربڕینی شتەکان کە کردەی گۆکردنە، هەروەها جۆری دووەم مرۆڤ لەگەڵ دەربرینی کردارەکە ئەنجامی دەدا، پێی دەوترێ کردەی نادەربڕین، کاریگەری ئەنجامی ئاخاوتنەکەش کردەی کاریگەرییە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر بۆنموونە، کاتێك خاوەن چێشتخانەیەك دەڵێ:

٩) دوای پازدە خولەکی دیکە چێشتخانەکەمان دادەخرێ.

ئەوا کردەیەکی گوتن(دەربڕین) دەردەبڕێ، کاتێ ئەم کردەیە جێبەجێ دەبێ جۆرە کردارێکی دیکەیە، کە هانی کرپارەکانی دەدا بەر لە داخستنەکەدا، ئەگەر شتێك یان داواکارییەکیان هەبێ، داوای بکەن، ئەمەش کردەی نادەربڕینە، لەکاتێکدا ئەگەر کردەی نادەربڕین گەیشتە کریارەکان و کردەی تێگەیشتن جۆری سێیەمە لە کردەی ئاخاوتندا، ئەویش پشت بە مەبەستی خاوەن چێشتخانەکە دەبەستێ لە جێبەجێکردنی کردەی کاریگەرییدا، کە وا لە کرپارەکان دەکا داوای هەرشتێك بکەن بەر لە داخشتنی چێشتخانەکەدا، کەوا ئارەزوویان هەیە یان داواکارن.

ئۆستن لە تیۆری کردەی ئاخاوتەییدا دوو جۆر کرداری لێك جیاکردەوە:

١- کردەی هەواڵی constative:

وەسفکردنی واقیعی جیهانی دەرەوەیە خاوەنی دوو تایبەتمەندی سەرەکییە: ڕاستی و هەڵەی تێدەکەوێ، بەهایەکی وەسفی هەیە.(عبدالقادر قنيني: ٢٠١٣: ٢٣٥) واتە کاتێ قسەکەر قسەیەك دەکا تەنیا ڕاگەیاندنی هەواڵێکە بۆ گوێگر ئەمەش گواستنەوەی ڕاستییەکە و بۆ گوێگر و هەندێ زانیاری دەداتێ، لێرەدا قسەکەر هیچ کردەیەك ئەنجام نادا، بۆنموونە کە دەڵێن (کەشوهەوا خۆشە) تەنیا گەیاندنی هەواڵێکە هیچ کردەیەکی ئاخاوتەیی ئەنجام نەدراوە بەڵکو کردارەکە تەنیا هەواڵییە.

٢- کردەی جێبەجێکردن performative:

ئەو گوتنانەن کە لەگەڵ گۆکردنی قسەکەردا کردارەکە جێبەجێ دەکرێ، لەبارودۆخێکی گونجاو جێبەجێ دەبێ، ئەم جۆرە کردارانە بە ڕاستی و درۆیی یان حوکمیان بەسەردا نادرێ و وەسف ناکرێن، بەڵکو بەسەرکەوتوو شکستخواردوو وەسف دەکرێ، وەك( ناونان، وەسیەتکردن، پۆزش و لێبووردن، سوپاس، پرسە و ئامۆژگاری ، بەڵێندان، تەلاقدان، ڕێپێدان،... تاد). لێرەدا قسەکەر کارێك ئەنجام دەدا لەکاتی دەربڕینی هە رگوتنێك یان لە هەر ئاخاوتنێکدا،وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

١٠) بەڵێندەدەم بەیانی لەکاتی خۆیدا بێم.

لێرەدا قسەکەر وێڕای دەربڕینی قسەکانی کارێکیش ئەنجام دەدا کە ئەویش بەڵێندانە.

کردەی جێبەجێکردن سەرکەوتوو نابێ ئەگەر کۆمەڵە مەرجێکی تێدا نەبێ، بەتایبەتی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی، هەموو کردەیەکی جێبەجێکردنیش شکستخواردوو دەبێ، ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە گۆکرا، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردنەکەی نەبوو، بۆ نموونە: کەسێك دەیەوێ ناو لە منداڵێك بنێ:

١١) من ناوم لەو منداڵە نا میلا.

ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی نەبێ، ناو لەو منداڵە بنێ، باشترە قسەکە نەکا، بۆیە گوتنەکەی بە شکستخواردوو دادەنرێ.

دەشکرێ هەموو ڕستەیەکی هەواڵی بکرێ بە جێبەجێکردن، بۆ نموونە کە دەڵێم( کەشوهەوا خۆش نییە) دەتوانین بیکەین بە کردەی جێبەجێکردن، (من ڕایدەگەیەنم و دەڵێم کەشو هەوا خۆش نییە)، ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە هەموو ڕستەیەکی هەواڵی لە ڕاستیدا کردەیەکی جێبەجێکردن بووە ( دلیل محمد والاخرون: ٢٠١٠: ١٨٦).

ئۆستن بۆی دەرکەوت کردەی ئاخاوتن لە سێ کردار پێکهاتووە کە بەلایەنە جیاوازەکانی تاك کردەیی ئاخاوتن دەژمێردرێ و لێك جیاناکرێنەوە، بە بڕوای ئەو قسەکەر لە دواندندا سێ کردە ئەنجام دەدا:

١- کردەی گوتن (LOCUTIONARY ACT): پێکهاتووە لەچەند دەنگێك و یاسایەکی مۆرفۆلۆجی هەیە و واتای دیاری کراوی هەیە کە واتا بنەڕەتییەکەیە.
٢- کردەی جێبەجێکردن (ILLOCUTIONARY ACT): ئەوەیە کاتێ ئاخێوەر وتەیەك دەردەبڕێ، لەگەڵ دەربڕینەکەیدا جێبەجێ دەکرێ، کردارەکە کاریگەرییەکی دەبێ، ئۆستن ناوی لێناوە (هێزی کردار) (Force)، مەرجی جێبەجێبوونی ئەم کردارەش لای ئۆستن پێویستی بە دەوروبەرێکی کەلتوری هەیە (levinson:1983:236)، بۆ نموونە:

١٢) بەیانی بۆ بینینت ئامادە دەبم. I will come to see you tomorrow

لێرەدا بەڵێن هەیە بۆ بینین، واتەکەی پشت بە جێبەجێکردنی کردارەکە دەبەستێ، هەرچەندە بەڵێن هەیە بۆ جێبەجێکردن، بەڵام مەرجی جێبەجێبوونی دەکەوێتە سەر ئاخێوەر، ئایا تاچەند توانای هەیە بەڵێنەکەی بباتە سەر، یانیش وای نیشاندەدا کە کردارەکە ئەنجام بدا، هەروەها دەبێ قسەکەر دڵنیابێ لەوەی کە گوێگرەکە یان کەسی دووەم حەز بە بینینی دەکا، کەواتە نەبوونی ئارەزووی گوێگر بۆ بینینی قسەکەر، واتای جێبەجێکردنەکە لە (بەڵێن)ەوە بۆ (هەڕەشە) دەگۆڕێ، کە ئەوەی دووەمیان مەرجی جێبەجێکردنی پترە (أوستين ١٩٩١: ١٧).

٣-کردەی کاریگەری (PERLOCUTIONAY ACT): ئەو کاریگەرییەی کە کراردی جێبەجێبوون دروستی دەکا لە ( داوای لێبووردن) دا ، چ بە شێوەی ڕەفتاری بێ یان زمانی. مەبەست لەبەرهەمهێنانی ئەو کاریگەرییەیە کە لای گوێگر روودەدا لەکردەی جێبەجێکردندا، ئەویش چ کاریگەری جەستەیی بێ یانیش هەست و هۆشی بێ.( الطاهر الجزيري:٢٠١٢: ٨٢)

بۆ نموونە کاتێ دایکێك بە کوڕەکەی دەڵێ:

١٣)سەگە دەتگرێ( گازت لێدەگرێ).

ئەو کاریگەرییەی لای منداڵەکە دروست دەبی، پێی دەوترێ کردەی کاریگەری.[٤]

هەروەها ئۆستین کردەی ئاخاوتەیی لەڕووی هێزی جێبەجێکردنەوە (ILLOCUTIONARY Force) بۆ پێنج پۆل دابەش کردووە:

١- کردەی حوکمدان verdictives: ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە کە دادوەر و دادگا دەریاندەکا.

٢- کردەی بڕیارەکان exercitive : ئەم جۆرە کردارەکانی بڕیاردانی دەرکردن، مۆڵەتپێدان، دامەزراندن و بێبەش کردن (الحرمان: Deprivation) دەگرێتەوە.

---

[٤]لای محەمەد مەعروف فەتاح بە (پاشکار) هاتووە، وەك پاشکاری ڕستەیەکی وەك( دەمانچەکە لەسەر پێیە ) کە لەوانەیە چەندین کاردانەوە یان کاریگەری هەبێ بەپێی کەس و دەوروبەرەکەش جیاواز دەبن، بڕوانە( محەمەد مەعروف : ٢٠١١: ٢٠٨).

٣- کردەی بەڵێندان (commissives): بەڵێنی قسەکەر بەئەنجامدانی شتێك، وەکو( بەڵێن، گرێبەست، دەستەبەری، دابەشکردن).

٤- کردەی ڕەفتاری behabitives: ئەمە کاردانەوەی ڕووداوێك دەبێ، وەك داوای لێبووردن، سوپاس، سەرەخۆشی لێکردن، تەحەداکردن.

٥- کرداری ڕوونکرنەوە expositives: بۆ ڕوونکردنەوە بۆچوون یان ڕادەربڕین وەکو ڕەخنەگرتن، گومانکردن، نکوڵی کردن، ڕەزامەندیدان، هەڵەکردن ، پێکان. (محمود احمد نحلة: ٢٠٠٢: ٤٦)

سێریلیش وەکو ئۆستن کردەی جێبەجێکردنی بۆ پێنج جۆر پۆلکردووە:

**١- هەواڵگەیەنەگان assertive :**

ئەم جۆرەیان بریتییە لە ڕاگەیاندنێك کە وەسفی بارودۆخێك یان ڕووداوێك دەکا لە جیهاندا، وەکو ئەو زانیارییانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە:

١٤) گۆی زەوی خڕە. ( پێدانی زانیارییە)

١٥) ئەو بارانە بەلێزمەیە.(وەسفکردنە)

١٦) بەدڵنیاییەوە سبەی بارانە.( پێشبینی)

قسەکەر پێگیرە بە ناواخنی هەواڵی دیاریکراو، ئەم جۆرە کردارانە ڕاستی و درۆ هەڵدەگرن ئاراستەی دروست**(مطابقة)**ی لە وشەوە بۆ دەرەوەی زمانە. لای ئۆستن ئەو پۆلە کردارە زۆربەی کردارە ڕوونەکان دەگرێتەوە کە بەشی زۆری کرداری حوکمدانن.

**٢- کردەی ئاراستەکردن:directive**

مەبەستی جێبەجێکردنی هەوڵی ئاخێوەرە بۆ ئاراستەکردنی گوێگر بۆ ئەنجامدانی کردارێك، لێرەدا قسەکەر کارێك بە گوێگر دەسپێرێ کە جێبەجێی بکا.ئاراستە دروستەکەی لە دەرەوەی زمانەوە بۆ

وشەیە، مەرجی ڕاستیەکەشی خۆی لە ویست و ئارەووی ڕاستگۆیانە دەنوێنیٚ، ناوەرۆکی کێشەکەی هەمیشە بیستنی کردارێکە لە ئایندەدا(leech:1983:211).

ئەم جۆرە کردارەش پۆلی پرسیار و فەرماندان و تکا و پاڕانەوە و هاندان و داوا و ڕێپێدان و ئامۆژگاری دەگرێتە خۆ، بەڵام ئەم کردارانە ئۆستن لە ڕیزی کرداری ڕەفتاری داناوە.(المیساوی: ۲۰۱۲:۷۳) بۆنموونە:

۱۷)ئەگەر زەحمەت نەبیٚ ئەم دەرگایە دادەخەی.

**٣– پێگیرییەکان (مولزەمەکان) commissives :**

مەبەستی جێبەجێکردنی پێگیری ئاخێوەرە ( بەپلەی جیاواز) بۆ ئەنجامدانی کردارێك لە ئایندەدا، ئاراستەی دروستیشی لەو کردارانە لە دەرەوەی زمانەوە بۆ وشەیە. مەرجی ڕاستیشی نییەت و مەبەستە. ناوەرۆکی کێشەکەش ئەوەیە ئاخێوەر لە ئایندەدا کردارێك ئەنجام بدا، بەشی زۆری ئەو پۆلانەی کە ئۆستن دایناون ناچنە ناو ئەو پۆلەوە. ئەم جۆرەیان بریتییە لە جێبەجێکردنی چەند کردارێك لەلایەن قسەکەرەوە وەکو (بەڵێندان، پێشنیازکردن، سوێندخواردن، گرێنتیدان) (Mey:1993: 120) .

**٤– هەست دەربڕین expressive :**

مەبەستی جێبەجێکردن( انجازی) دەربڕینی هەڵوێستی دەروونیی و دەربڕینی باری دەروونی قسەکەرە، دەربڕینێك کە مەرجی دروستی و ڕاستی تیابیٚ، ئەم پۆلە ئاراستەی دروستی و پێکچووی نییە، ئاخێوەر نایەویٚ وا لە وشەکانی بکا بەرانبەر بە دەرەوەی زمان بوەستیٚ، نە دەرەوەی زمانیش بەرانبەر بە وشەکان بیٚ. ئەوەی گرنگ و داواکراوە لێرەدا دروستی لە دەربڕین ئەو کێشەیەیە..کردارەکانی (سوپاس پیرۆزبایی، پۆزش و لێبوردن ، ماتەمینی و پێشوازیکردن و گلەیی کردن و بیرکردنەوە دەربارەی کەسێك) دەچنە ناو ئەو پۆلەوە(نورالدین اجعیط: ۲۰۱۲:۷۳).

۱۸)کراسێکی جوانە. (وەسفکردن)

١٩) زۆر داوای لێبووردن دەکەم بۆ ئەوەی کە روویدا. (لێبوردن)

٢٠) خۆشحاڵم بەناسینت. ( پێشوازی)

٢١) زۆر سوپاست دە کەم. (سوپاسکردن)

٢٢) بەیانی باش. (سلاّوکردن)

### ٥- ڕاگەیاندن و بلاّوکردنەوە (declaration):

ئەم جۆرە بریتییە لەو کردە ئاخاوتەیەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە جیهاندان وەکو بڕیاری دادگا.

٢٣) بڕیارمدا بە حەبسکردنت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە زینداندا.

سیمای جیاکەرەوەی ئەوەیە جێبەجێکردنی سەرکەوتووە خۆی بەرانبەر کردنی کێشەکەیە لەگەڵ دەرەوەی زماندا، ئەگەر هاتوو کرداری ڕاگەیاندنی شەڕ ئەنجام بدەین، جێبەجێکردنی سەرکەوتوو و ڕاستەقینەیە و شەڕەکەش ئاشکرایە و جێبەجێ دەبێ.

سیمایەکی دیکەی ئەوەیە گۆڕانکاری لە دۆخی باو دروست دەبێ و نەریتێکی زمانی نییە. ئاراستەی دروست و بەرانبەربوونی لە وشەوە بۆ دەرەوەیە هەروەها لەدەرەوە بۆ وشەیە. پێویستیشی بە مەرجی دروستی نییە( Yule:2000:53-54) .

سێرل کردە ئاخاوتەییەکان بۆ دوو جۆر کردەی جێبەجێکردن لێکجیاکردۆتەوە:

١- کردەی ئاخاوتەیی ڕاستەوخۆ.

٢- کردەی ئاخاوتەیی ناڕاستەوخۆ.

کردەی ڕاستەوخۆ هێزی جێبەجێکردنی هاوتایە لەگەڵ کردەی گوتنەکە، بەلاّم کردەی ئاخاوتەیی ناڕاستەوخۆ پێچەوانەی هێزی جێبەجێکردنە، بۆنموونە یەکێك لەسەرمێزی نانخواردن لەگەڵ هاوڕێیەکی دانیشتووە، پێی دەڵێ:

٢٤) ئەم خوێدانەم نادەیتێ؟

ئەمە کرداری جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆیە، کە هێزە سەرەکییەکەی جێبەجێکردنی مانای پرسیاری دەگەیەنی و پێویستی بە وەڵامە،.بەڵام ئەمەیان پێویستی بە وەڵامی کردەی ئاخاوتەیی نییە، بەڵکو پێویستی بە وەڵامی کردەییە، چونکە مەبەست لە ڕستەکە، پرسیار کردن نییە بەڵکو جێبەجێکردنی ئەرکێکە (leech and Thomas :1990:191 ) .

٢٥)ئەو خوێدانەم بدێ.

ئەگەر جۆرەکەو کردە ئاخاوتەییەکە ڕێککەوتنیان بەیەکەوە هەبوو پێی دەڵێن ڕاستەوخۆ، بەپێچەوانەوە ئەگەر جۆرەکە و کردە ئاخاوتەییەکە ڕێککەوتنیان نەبوو پێی دەڵێن ناڕاستەوخۆ.

٢٦) کێ دەزانێ بەیانی چی دەبێ؟

٢٧) پێم نەگوتی ئاگاداری خۆت بە؟

هەردوو ڕستەکە پرسیارن ئەگەر بۆ پرسیار بێ ڕاستەوخۆیە، بەڵام ئەگەر بۆ پرسیار بەکارمان نەهێنا ناڕاستەوخۆیە، ئەم دوو ڕستەیەش هەردووکیان بۆ پرسیار نیین، بەڵکو یەکەمیان ڕستەی هەواڵگەیەنەو ئەوەی دووەمیش داواکردنە.

کردەی ناڕاستەوخۆ زۆر بڵاوەو بەدەگمەن نەبێ ڕستەیەك هەڵدەکەوێ نەتوانێ بەشێوەی کردەی ئاخاوتەیی ناڕاستەوخۆ بەکاربێ ( محەمەد مەعروف : ٢٠١١: ٢١١).

٢٨) ناچین. ڕاستەوخۆ

٢٩)ناکرێ نەچین. ناڕاستەوخۆ

سیریل پێی وایە کردەی ئاخاوتەیی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لێکەوتەی ئاخاوتەیی هەیە، کە ئێستا بۆتە تیۆرێکی تەواو لە چوارچێوەی پراگماتیك و ڕێزمانی ئەرکیدا.

## ٢-٢ لێکەوتەی ئاخاوتەیی: Conversational Implicature

دەکرێ بە کردەیەکی بەرهەمی زمانی دابنرێ کە لە زنجیرەیەك ڕستە پێك دێ، پرۆسەی بووژانەوەی ئەو ڕستانەی کە لەلایەن ئاخێوەرێکی دیاریکراو لە بارودۆخ و دەوروبەرێکی گونجاودا وتراوە، ئەمەش باری گوتن دەگەیەنێ کە پێی دەوترێ دەربڕین، لە ڕووی زمانیەوە کاریگەری لەسەر دەربڕینەکە دەبێ واتە ئەو ڕەگەزانەی بۆ کۆدی زمان دەگەڕێتەوە هەڵگری واتاکەیە، بە گۆڕینی فاکتەرەکان واتاکەی دەگۆڕێ لە دەربڕینێکەوە بۆ دەربڕینێکی دیکە.

بەم شێوەیە ڕەگەزە پێکهاتووەکانی کە دەربڕین دەینوێنێ یەکەمیان ئاخێوەرە دووەمیش گوێگر، کە دەربڕینەکەی ئاراستە دەکرێ و ئاماژەی پێدەکرێ (Matthew:2007:2) .

خاڵێکی دیکەش هەندێ نیشانەی دروستکراون وەکو ( من، تۆ، ئێرە، ئێستا، دوێنێ ، ئەمڕۆ)، پێیان دەوترێ پێکهاتەی نیشانەیی( هێمایی)، کە سەرجەم کاتی کردارە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە لەبارەی ئێستاوە دەدوێن، واتە کاتی دەربڕین و ئاخاوتنی دەربڕاوەکان بۆنموونە وەکو:

(پێم وایە، بڕوام وایە، فەرمان دەدەم، بەڵێن دەدەم) لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی ئەمانە ئەو کردارانەن کە کارەکە ئەنجام دەدەن و تەنیا بە گۆکردنیان دیاری دەکرێن، ئەم کردارانەش لە چوارچێوەی کردەی زمانی لەناو فەلسەفەدا لەلایەن (ئۆستن) و سیریل و گرایس تاوتوێکراوە.

ئۆستن لە چوارچێوەی چەمکی ( ڕستەی جێبەجێکردن) دایناون، کە ڕاستی و درۆ لەخۆناگرن، گۆکردنی هاوشانە لەگەڵ گەیاندنی واتاکەیدا. پێویستیشە کردارەکان بەشێك بن لە کردارە ڕاپەڕاندنەکان، وەکو ( وتی ، پرسی، هۆشداریدا، بەڵێنیدا) هەروەها دەبێ بکەری ئەو کردارانە قەسەکەرەکە بێ، کاتەکەش کاتی ئێستایی بێ، واتە کاتی سەرەکی کردارەکە.

هەرچەندە سیریل ( ١٩٧٢) پێشنیازەکانی ئۆستن (١٩٦٢)ی ڕێکخستەوە، بەڵام پارێزگاری لە وەسفەکەی ئۆستن کرد بۆ ئەو کردارانەی کە بە کرداری جێبەجێکردن و هێزی جێبەجێکردن ناوی نابوون.

خاڵی سەرەتا لای گرایس ئەوەبوو، کە دەڵێ مەبەست لە قسەکانی خەڵکی، پێچەوانەی ئەوەیە کە دەیڵێن، هەموو خەیاڵی لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی دەوترێ بەرانبەر ئەوەی مەبەستە تەرخان کردبوو.

ئەوەی دەوترێ بە ڕێگای کردار و دەستەواژەکانەوە گۆدەکرێن، بەڵام ئەوەی مەبەستیەتی نێرەر بیگەنێتە وەرگر بەشێوەی ناراستەوخۆیە، بەمەرجێك وەرگر بتوانێ لە مەبەستی قسەکەر بگا، کە نەریتی بەکارهاتوو بە یاسا ڕێگای پێدەدا.(Grundy: 2000:97)

ئەمانەش ئەو کردارانەن یان ئەو ڕستانەن کە واتایەکی شاراوەو واتایەکی ئاشکرایان هەیە، ئاخێوەریش مەبەستی لە واتا شاراوەکەیە. لەمەوە لای گرایس لێکەوتەی ئاخاوتەیی هاتە کایەوە کە لە ڕستەیەکەوە ڕستە و واتایەکی دیکەی لێدەکەوێتەوە. (Gazdar: 1979:38)

دیاردەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەشێکی گرنگە لە زانستی پراگماتیکدا جیاکردنەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە بابەتی سیمانتیك و دانانی بە بەشێك لە پراگماتیك، بۆ موحازەرەکانی گرایس لە زانکۆی هارڤەرد لە ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە، کە یەکێك بووە لە فەیلەسوفەکانی ئۆکسفۆرد تایبەت بە توێژینەوەی زماننانسی سروشتی لە زانکۆی هارڤەرد، لە ساڵی ١٩٦٧ دا پێشکەشی کردووە بەناونیشانی لۆجیك و ئاخاوتن، هەروەها موحازەرەکانی ساڵی ١٩٧١ بەناونیشانی پێشگریمانەو لێکەوتەی ئاخاوتەیی، کە لەساڵێ ١٩٧٥ بەناوی لۆجیك و دیالۆگ چاپی کرد و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٨١ دا لە دوو توێژینەوەدا فراوانتری کرد، لەگەڵ ئەو بنەما ڕێبازبەندیانەی کە لەسەری دامەزراون. دواتر بوون بە سەرمایەی سەرچاوەی تیۆری بۆ توێژینەوە پراگماتیکییەکان.

بیرۆکەی گرایس لەوەوە سەرچاوەی گرت، کە زۆربەی ڕستەکانی زمان واتایەکی ئاشکرایان هەیە، بەڵام بەشێکیان واتایەکی شاراوەیان هەیە، کە واتاکانیان پەیوەستن بەدەوروبەرەوەو لەدەوربەردا ڕووندەبێتەوە، گرایس ئەم دیاردەیەی ناونا( لێکەوتەی ئاخاوتەیی) ( کادة لیلی: ٢٠٠٩ :١٠٥) .

گرایس پێی وایە لە ڕوووی وەسفەوە بیرۆکەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی دژ بە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتی دەوەستێ و جۆرەکانی لێکەوتە لە ڕووی سیفەتەوە لێك جیاوازن، لای گرایس

لێکەوتەی ئاخاوتەیی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە (Cummings: 2014:7)، ئەو تایبەتماندییانەش ئەمانەن:

١- هێزی کەواندن (cancel ability):دەشێ لێکەوتە بکەوێنرێ واتە ڕەتبکرێتەوە و پاشگەزبێتەوە یان نەهێلرێ، ئەویش بە وتنی قسەیەك ڕێگای دروستبوونی لێکەوتەکە دابخات، وەك:

٣٠) هەموو کتێبەکانم نەخوێندۆتەوە.

لێکەوتەی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە بەشێك لە کتێبەکەتم خوێندۆتەوە، هەموویم نەخوێندۆتەوە، بەلأم ئەگەر قسەکەر بەردەوام بێ لەسەر قسەکەی و بڵێ لە ڕاستیدا من هیچ کتێبێکی تۆم نەخوێندۆتەوە، ئەوسا ئەو لێکەوتەیەی لە قسەکەی پێشوودا دروست ببوو، هەڵدەوەشێتەوە و ڕەتدەکرێتەوە.

ڕەتکردنەوەی ئەم لێکەوتەیەش گرنگترین جیاوازی نێوان واتای ئاشکرا و شاراوەیە، بۆیە قسەکەر دەتوانێ نکوڵی لەو لێکەوتەیە بکا کە لە قسەکانی دەکەوێتەوە(levinson:1983:119 ) .

٢- هێزی جیاکردنەوە( non-detachability) لێکەوتە لێکجیاناکرێتەوە لە ناوەرۆکی واتاکەی، گرایس لەمەدا مەبەستی ئەوەیە لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەستراوەتەوە بە واتا فەرهەنگییەکەی کاتێ کە دەڵێ: نەخێر، هەرچەندە بە وشە و فۆرمێکی دیکە بگۆڕدرێن لە واتا فەرهەنگییەکەی دانابڕێ (levinson :1983:190).

ئەم خاسیەتەش لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە واتا پراگماتییەکەی دیکەی جیا دەکاتەوە وەکو ئەوەی لە گریمانەی پێشەکیدا هەیە. ئەمەش لە چوارچێوەی ئەم نموونەیەدا ڕوون دەکاتەوە:

٣١) - نامەوێ جارێکی دیکە بەدزییەوە بێیتە ژوورەکەم.

- من بە دزی نایەم، بەلأم لەسەر پەنجەکانم دەڕۆم تاوەکو تەقە تەقە نەخەمە ناوماڵەکەوە.

هەرچەندە لە ڕستەی دووەم داڕشتنی ڕستەکە گۆڕاوە، بەلأم ئەوەی لێی دەکەوێتەوە ڕەزامەند نەبوون لەسەر ئەم ڕەفتارە هەر بەردەوامە (leech:1983: 182) .

٣- هێزی گۆڕین non- conventionality : واتە دەشێ واتای لێکەوتە بگۆڕێت، بۆ واتایەکی دیکە، مەبەست لەمە ئەوەیە دەشێ یەك دەربڕین چەند لێکەوتەیەکی لێبکەوێتەوە، لەدەوروبەری جیاوازدا.

بۆنموونە ئەگەر لە منداڵێك کە سەرگەرمی ئاهەنگی لەدایك بونیەتی، لێی بپرسی تەمەنت چەندە؟

ئەوا داوای زانیاری کردنە بۆ زانینی تەمەنی منداڵەکە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار بکەی لە دەوروبەرێکی جیاوازدا، کە تەمەنی ١٥ ساڵ بێ ئەمە لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بەرانبەر بە جۆرێك لە ڕەفتاری منداڵەکەی لێدەکرێ مەبەست زانیاری نییە، بەڵکو مەبەستێکی دیکەی هەیە.

هەروەها ئەگەر ئەم پرسیارە لە کەسێکی گەنج بکرێ کە زۆر پابەندبێ بە ڕەوشت و ئاین و داب و نەریتەوە و نەتوانێ بڕیارەکانی خۆی بدا، مانای ئەوە دەگەیەنێ، مادام تۆ گەیشتی بەم تەمەنە ئاساییە کە بڕیاری خۆت بدەی و ئەنجامەکەشی لە ئەستۆ بگری (levinson :1983:116) .

کەواتە ڕستە بەپێی دەوروبەر واتای جیاواز دەگەیەنێ و لێکەوتەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.

٤- هێزی خەملاندن calculability: واتە لێکەوتە دەشێ بخەملێنرێ، مەبەست لەوەیە کە گوێگر هەنگاو بە هەنگاو هەڵدەستێ تا دەگاتە لێکەوتەی ئاخاوتنەکە، بۆنموونە ئەگەر بڵێی:

- شاژنە فیکتۆریا لەئاسن دروستکراوە.

ئەوسا گوێگر دەبێ لەپشتەوەی ئاخاوتنەکە بگەڕێ بۆ دەستکەوتنی واتای دەربڕاوەکە، گوێگر لەخۆی دەپرسێ پێویستە قسەکەر پابەند بێ بە بنەمای دیالۆگ و بەبەڵگەوە هەواڵێکم پێبگەیەنێ، لە هەنگاوی دووەمیشدا دەپرسێ، دەبوایە قسەکەر پابەندی بنەمای ڕوونی و هاریکاری بێ و هەڵم نەخەڵەتێنێ، بۆیە لەخۆی دەپرسێ، دەبێ مەبەستی لەم قسەیە چی بێ ، لە وەڵامدا خۆی دەگاتە ئەو ڕاستیە و لێکەوتەکەو دەرك بەوە دەکا، کە قسەکەر مەبەستی ئەوەیە هەندێ سیفات و توندی بداتە پاڵ شاژن، کە لەکۆتایی دەتوانێ لە واتای ناراستەوخۆی نافەرهەنگی وشە تێبگاو تێدەگا لێرەدا قسەکەر پەنای بردۆتە بەر خواستن (levinson :1983:110).

## ٢-٢-١ جۆرەکانی لێکەوتە:

گرایس بۆ هەڵێنجانی واتای لێکەوتەی ئاخاوتەیی و دۆزینەوەی لێکەوتە، چەند خاڵێکی دیاری کردووە:

١- قسەکەر بەمەبەست بنەمای ئاخاوتن دەبەزێنێ بۆ دەربڕینی واتایەکی دیکە کە لەواتای وشەکانەوە دەست ناکەوێ، بۆنموونە:

(٣٢) -ڕات چییە لەسەر موحازەرەی مامۆستا نوێیەکە؟

- من دڵنیام بە ئینگلیزی قسەی دەکرد.

لێرەدا بەپێی بنەمای هاریکاری وێڕای بەزاندنی بنەمای چەندێتی، گوتنەکە واتایەکی دیکەشی هەیە.

٢- قسەکەر حەز دەکا دوو ئەنجام بدا بەدەستەوە، کەوا هەریەکێکیان جیاواز بێ و دژییەك بێ لەپێناو ڕەچاو کردنی یەکێك لە بنەماکاندا.

(٣٣) -ئاریاز لەکوێیە؟

- لەکتێبخانەیە یان لە کافتریاکەیە.

لەم بارەدا بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی لە ململانێدان، کەوا کامیان ڕەچاودەکرێ و کامیان دەبەزێنرێ، قسەکەر دەیەوێ هاریکار بێ و نایەوێ گوتنەکەی شاراوە بێ، هەروەها ناشیەوێ زانیاری نادروست بدا، لە ڕێگای پێدانی وەڵامێکی دیاریکراودا، سەرەڕای دڵنیانەبوونی، بۆیە لەڕێگای بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییەوە قسەکەر ڕەچاوی بنەمای چەندێتی کردووە، ئەمەش ئەو لێکەوتیەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەرەکە بەڵگەی تەواوی نییە لەسەر شوێنی کەسەکەدا.

٣- ڕەچاوکردنی بنەماکان بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتنە وەك لەم گفتوگۆیەدا بەدەردەکەوێ:

(٣٤)- ئایا دەزانی لەکوێ دەتوانم هەندێك گازم دەست کەوێ؟

- لێرە بسووڕێوە، وێستگەیەکی لێیە.

قسەکەری دووەم بنەمای پەیوەندی ڕەچاو کردووە، کە ئەم لێکەوتەیەی لێکەوتۆتەوە: (وێستگەیەکی گاز کراوەتەوە، لەوانەیە گازت دەستکەوێ). (Grice:1975:51)

## ٢-٢-١-١ لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی Convetional conversational Implicature

لێکەوتەی نەریتی پەیوەندی بە مانای باوی ئەو وشانەوە هەیە، ئەو سیستەمە واتاییەی کە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە و بەکاردەهێنرێ، پەیوەندی بە بنەمای هاریکاری و چوار مەگزیمەکانەوە نییە.

ئەو لێکەوتەیە گرنگی بە تێگەیشتنی مانای گونجاوی ئەو وشەیە دەدا، کە لە فەرهەنگی ئاخاوتندا هەیە. تێگەیشتن لە لێکەوتەی نەریتی زۆر ئاسانە لەبەر ئەوەی شیکەرەوە یاخود وەرگر پێویستی بە واتای فەرهەنگی ئاخاوتنەکە هەیە، واتە لێکەوتەی نەریتی لە چوارچێوەی واتای ڕاستەوخۆی وشەدایە، پەیوەندی بە بنەمای دیالۆگەوە نییە، بەڵام پەیوەستە بە بنەڕەتی فەرهەنگی وشە یان واتای تایبەتی ئاخاوتنەوە.

ئەم جۆرە لێکەوتەیە لەسەر بنەمای ئەو واتایانە دروست بوون، کە خاوەن زمان واتای دەربڕاوو گۆکراوەکان بە واتای خۆیان لێکدەداتەوە و وای لێدەکەوێتەوە کە بەمانا فەرهەنگیەکەی بەکاربێت. واتاکەشی لە واتا فەرهەنگییەکەی جیا نابێتەوە لە هەر دەوروبەرێك بێ هەرچەندە پێکهاتەکەشی بگۆڕێت (محمد الزليطني: ٢٠٠٧: ٨ )، یان ڕیزکردنەکەی بگۆڕێ بۆ نموونە وشەی (بەڵام) هەمیشە دەبێ بەدوایدا ڕاستیەك هەبێ کە پێچەوانەی پێشبینی گوێگر بێ وەك:

٣٥)دارا دەوڵەمەندە و ڕەزیلیشە.

٣٦) دارا دەوڵەمەندە، بەڵام ڕەزیلە.

هەر چەندە ئەم دوو دیاردەیە تاڕادەیەك پێچەوانەی یەکترن، شیکردنەوەی نەریتی وشەی(بەڵام) هەمیشە جۆرێك جیاوازی لەنێوان هەردوو بەشی ڕستەکەدا دروستدەکا، کە شێوەیەك لە ناکۆکی و

پێچەوانەیی لە ڕستەکەدا هەبێ،[5] چونکە هەمیشە گوێگر چاوەڕوانی دیاردەیەکی پێچەوانەی دوای وشەی (بەڵام) دەکا." لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی و گریمانەی پێشەکی فەرهەنگی هاوشێوەی یەکترن، چونکە هەردووکیان پەیوەندییان بە واتای تایبەتی وشەوە هەیە."(عومەرمەحمود: ۲۰۰۹: ٢٦)

کەچـــی لێکەوتەی ئاخاوتـــەیی (conversational implicature) هەمیشـــە بە گۆڕینـی دەوروبەرەکانیەوە واتاکەی دەگۆڕێ.

لە هەردوو ئاخاوتنی (۳٥) و (۳٦) دا لە حاڵەتی ڕاستگۆییدا تەواو یەکسانن، بەڵام واتای ئاخاوتنی (۳٦) واتای ئەوە دەدا، کە زانستی زمان هێمای جیاوازی بنیاتناوە و واتای شاراوە ناگەیەنێ، بەڵام جیاوازی ئاخاوتن لە نێوان (۳٥) و (۳٦) دا کاریگەرییە.

ئەمەش لە تیۆری زانستی زمان  و واتای باودا ڕوون دەبێتەوە. ئەم بابەتە پێویستی بەوە هەیە لەچوارچێوەی پراگماتیك و لێکەوتەی ئاخاوتەییدا ڕوونبکرێتەوە.

لێکەوتەی نەریتی کەمترین پەیوەندی بە دەورەبەرەوە هەیە، هەروەها وەکو لێکەوتەی ئاخاوتن نییە کە لە ڕێی لۆجیکەوە واتاکەی بدۆزێتەوە. بە بەکارهێنانی بنەماکانی دیالۆگ و زانستی دەوروبەرەوە لەم جۆرە لێکەوتەیە ناگەین، یانیش بڵێین پێویستمان پێی نییە.

واتای ئاخاوتنی لێکەوتەی نەریتی پەیوەستە بە لێکدانەوەی ڕاستەوخۆی زانستی زمان، لە لێکەوتەی نەریتی دەشێ بزانرێ، ئەو گوتنەیە،چ لێکەوتەیەکی لێدەکەوێتەوە یان واتای ڕێژەیی و نەگۆڕی هەیەو پەیوەست بە حاڵەتی ڕاستگۆیی لە دەوروبەری ئاخاوتندا هاتۆتە ئاراوە.

---

[5] بڕوانە : www.**gsid**.**nagoya**-u.ac.jp/**oshima/**...**2012-2013**/.../**Prag**...

### ٢-٢-١-٢ لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتی non-conventional Conversational Implicature

گرایس لە وتارەیدا بەناوی (logic and Conversation) لە لێکەوتەی ئاخاوتن دواوەو بۆ ئەو مەبەستە نموونەیەك دەهێنێتەوە، بۆنموونە لە کاتی پێشکەشکردنی هاوڕێیەکدا لە گفتوگۆی نێوان دوو کەس (أ) و (ب) دا، لە وەڵامی یەکەمی پرسیاری (ب) لە کاتی پێشکەشکردنی هاوڕێکەیدا کاتێ دەڵێ:

(٣٧) وابزانم حاڵی باشە ئەو زۆر حەز بە هاورێیەتی هاوبەشی کارەکەی دەکا و تائێستاش هیچ جارێك بەند نەکراوە( Grice:1975:43 ) .

ئەو وەڵامەی کە (ب) دای بە (أ) وا لە (أ) دەکا بیر لەو ڕستەیە بکاتەوە(بەند نەکراوە، یان نەچۆتە بەندیخانەوە) مەبەستی ڕاستی ئەو ڕستە شاراوەیە چییە، بەڵام (أ) پێیوایە پێویست نەکا زیاتر لەسەر ئەو ڕستەیە بدوێ، چونکە بەهۆی ئەو زانیارییە هاوبەشانەی کەلەسەر (ج) هەیانە، لە مەبەستی پرسیارەکە دەگا و پێیوایە مەبەستی ئەوەیە (ج) کەسێکی فێڵباز و زۆرزانە لە هەڵخەڵەتاندن و گزی کردندا، ئەوەی تێبینی دەکرێ لە گفتوگۆی ئەو دووکەسەدا (ب) دەیەوێ قسەکانی ناراستەخۆ بگەیەنێتە (أ) لەبارەی (ج)ەوە، لێرەدا گرایس دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ ئەم ڕستەیە واتایەکی شاراوەی هەیە و ئەو واتایە لێکەوتەی ئاخاوتنەکەیە conversational implicature ، لە دوای ئەمەدا گرایس پێی وابوو جێبەجێکردنی گفتوگۆکان لەلایەن پێشگریمانەکانەوە ڕێنمایی و ئاراستە دەکرێن (levinson:1983 : 151 )، ئەو پێشگریمانانە لەسەر بۆچوونی لۆجیکی بنیاتنراون، کە بتوانن ببن بە ڕێنیشاندەری بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی کاریگەر لە گفتوگۆکاندا،[٦] ئەو ڕێنماییانە پێیان دەوترێ بنەمای دیالۆگ، یان ئەو بنەما گشتییانەی بە هاریکارییەکی ڕاستەقینە بەکارهێنانی زمان دادەمەزرێنێ.

[٧] بڕوانە .. www.gsid.nagoya-u.ac.jp/oshima/...2012-2013/.../Prag..

## ٢-٢-١-٣ لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی Particularized Conversational implicature

ئەم لێکەوتەیە تایبەتە بە گوتن و لەدەوروبەری گوتنەوە واتاکەی هەڵدەهێنجرێ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پشت بە دەوروبەر و ئەو زانیارییانە ببەستین کە لەدەوربەری گوتنەکە دەست دەکەوێ، هاوبەشەکانی ئاخاوتن کە گوتنەکەیان لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا ئەنجام دەدەن، هەندێك هەڵهێنجانی لۆجیکی تێدا ئەنجام دەدەن، ئەم هەڵهێنجانە لۆجیکیانە بۆ گەیشتن بەو واتا گوێزراوانەی کە لە لێکەوتە ئاخاوتەییە تایبەتەکاندا هەیە زۆر پێویستن"(عومەر مەحمود: ٢٠٠٩: ٢٢).

٣٨) – مریشکە سوورکراوەکە چی لێ هات؟

– تەماشای سەگەکە بکە، وادیارە زۆر دڵخۆشە !

ئەم گوتنە ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە سەگەکە مریشکە سوورکراوەکەی خواردبێ (levinson:1983:126)، قسەکەری یەکەم ڕەچاوی بنەمای هاریکاری پەیوەست بە دەوروبەری دیاریکراوی پرسیارەکەی نەکردووە، بۆیە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە پەیوەست بێ بە پرسیارەکەوە، دەبێ گوێگر سوود لە هەندێ زانیاری گریمانەکراو وەربگرێ، تا لەئەنجامی لۆجیکییەوە بگاتە وەڵامی ڕاستی پرسیارەکە لای گوێگر، ئەم جۆرە لێکەوتەیە بەگرنگترین جۆری لێکەوتە دادەنرێ بۆیە پێی دەوترێ لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی (عومەر مەحموود: ٢٠٠٩: ٢٣).

## ٢-٢-١-٤ لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی Generalized Conversational Implicature

ئەم جۆرە لێکەوتەیە نەبەستراوەتەوە بە دەوروبەرەوە، بەڵکو لەناو گوتنەکەدا زانیارییەکان بەدەست دەکەون، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دەوروبەری گوتنەکە و ئەو زانیارییانە دیارانە دەبەستێ کە پەیوەندییان بە قسەکەرەکانەوە هەیە، گۆڕینی دەوروبەر و زانیارییەکان، لێکەوتەکەش بەئاسانی دەگۆڕێ، یان هەڵدەوەشێتەوە.

٣٩) – ئۆتۆمبێلەکەت شووشت و ناوەکەیت پاککردەوە؟

- ناوەکەیم پاککردەوە.

لەم گوتنەدا وەڵامەکە بەگوێرەی پرسیارەکە نییە، چونکە پرسیارەکە داوای زانیاری پتری کردووە، بەڵام ڕەچاوی بنەمای هاریکاری کردووە چونکە، تەنیا ئەوەی ئەنجامی داوە، وەڵامەکەی داوەتەوە، بۆیە بەگوێرەی دەوربەری زمانییەوە، قسەکەر تێدەگا لەوەی، ئەرکی دووەمی جیبەجێنەکردووە، بۆیە ئاماژەی پێنەکردووە(levinson:1983:126) .

## ٢-١-٥ لێکەوتەی ئاخاوتەیی پێوانەیی scalar Conversational Implicature

ئەم لێکەوتەیە جۆرێکە بە لێکەوتەی پێوانەیی دەناسرێ، ئەمەش پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئاسایی ئەو وشانەوە هەیە کە پەیوەستن بە واتای (ڕادە)ەوە لە ئاخاوتندا، وەکو ( هەموو، هەندێك....تاد)(Anna Verbuk :2009:304) .

٤٠) هەندێك لە کێکەکەم خوارد.

واتای ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێ کە (بەشێك) لە کێکەکەی خواردووە نەك (هەمووی)، لەکاتێکدا ڕستەی:

٤١) هەندێ کێکم خوارد.

ڕاست دەردەچێ ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەوەی هەموو کێکەکەی خواردبێ. واتای ئاسایی وشەی( هەندێك) ئەو لێکەوتنانەی لێدەکەوێتەوە، کە بەهۆی دەستەواژەی( هەمووی نا) دروست بووە (Chris Potts: 2012:11).

## ٢-١-٦ لێکەوتەی ئاخاوتەیی ستاندارد Standard Conversational Implicature

ئەم جۆرە لێکەوتەیە لەسەر بنەمای گریمانەو ناونیشان دامەزراوە، قسەکەر لە ڕێگای ڕەچاوکردنی ڕاستەوخۆی مەگزیمەکانی ئاخاوتنەوە هاریکاری گوێگر دەکا، بۆ نموونە:

٤٢) – دەبێ بەدوای دەرمانەکانی دایکمدا بگەڕێم؟

– لێرە بسووڕێوە دەرمانخانەیەك هەیە.

لێرەدا بە شێوەیەکی دروست زانیاری پەیوەست بە پرسیارەکەی داوەتە قسەکەر.

## ٢-٣ بنەمای هاریکاری

فەیلەسوفی ئەمریکی (جۆن پاول گرایس) لە لێکۆلینەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندیکردندا، پێی وابوو کە ئاخێوەران لە پەیوەندیکردندا بۆ ئالۆگۆڕی زانیاری و گەیاندن پێڕەوی چەند بنەمایەك دەکەن لە ئاخاوتندا بۆ ئەوەی پرۆسەی گەیاندن بەسەرکەوتووی ئەنجام بدەن (رخرور أمحمد : ٢٠٠٩: ١) ئەمەش هاوبەشەکانی ئاخاوتن هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی هەیانە بۆ کەسی بەرانبەر لە ئاخاوتندا، ئەگەر هاوبەشەکان نەتوانن یەکتر تێبگەیەنن، ئەوا ئاخاوتن هەیە، بەلاَم پەیوەندی دروست بەردەست نابێ، یان گەیاندنی بیرەکە سەرکەوتوونابێ، بۆیە دەبێ ڕەچاوی هەندێ بنەما بکرێ لە ئاخاوتندا، کە مەرجێکی گرنگی گەیاندنی مەبەستەکەیە.

گرایس چەمکی (بنەمای هاریکاری) cooperative principle لە نێوان قسەکەر و گوێگردا داناوە و بنەمایەکی گشتی دیالۆگە کە خۆی لە قسەکردندا هەیە، بەلاَم گرایس دۆزییەوە و ئاماژەی پێدا.[٧]


گرایس ئەو بنەما گشتیانەی کە بەهۆیانەوە ئاخاوتن و مەبەستی ئاخاوتن یەکسان دەبن بۆ چوار (maxims) جۆری دابەش کردووە، گرایس زۆر سەری لەوە سوڕمابوو چۆن ئاخێوەران شتیك دەڵێن، مەبەستیان شتیکی دیکەیە، یان گویگر شتێك ببیستێ ، بەلاَم مەبەستی پەیامەکە شتێکی دیکە بێ، جیا لەو دەربڕینەی دەیبیستی و پێی دەگا، بۆیە پێی وابوو دەبێ چارەسەرێك بدۆزیتەوە بۆ ئەو کێشە واتاییە، لەئەنجامدا توانی چەند بنەمایەك بەناوی بنەمای هاریکاری ئاخاوتن دابنێ لە دیالۆگ و ئاخاوتندا کە دەبی بەپێ ئەم بنەمایانە قسە بکەن و لێی لانەدەن، بۆ ئەوەی مەبەستی قسەکەر و

---

[٧] بڕوانە: (عبد القادر عواد: آليات التداولية في تحليل الخطاب الخطاب الأدبي :٣).www

ئاخاوتنەكە یەكسان بێ، بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا زۆر ئەستەمەو لە ئاخاوتندا نایەتەدی، چونكە ئاخاوتن تێكەڵ بە هەندێ ڕەهەندی دیكەی دەروونی و كۆمەڵایەتی دەبێ، ئاخێوەر سوودیان لێ وەردەگرێ یان كاریگەری دروست دەكا لەسەر ئاخاوتندا، ئەم بنەمایانەی كە گرایسیش باسیان دەكا بەدەگمەن جێبەجێ دەبن، هەرچەندە مەبەستی گرایس جێبەجێكردنی تەواوی ئەو بنەمایانە نییە، هەروەها بۆئەوەشی دانەناون كە ئاخێوەران لە گفتوگۆكانیان بەتەواوی پیادەی بكەن، بەڵكو مەبەستی ئەوەیە، ئامانجی ئاخاوتن بەپێی ئەو بنەمایانە دروست و تەواو دەبن، بەڵام مەرج نییە هەموویان جێبەجێ ببن.

ئەم یاسایەنەی لە بۆچوون و وتەكانی كانتەوە هەڵێنجاون، ئەو وتانەش(چەند و چۆنیەتی و ڕێژە و پەیوەندییە) هەر یەكێك لەو بنەمایانە لەژێر ئەو وتانە ڕیزدەبن و هەریەكێكیشیان چەند وەچەیاسایەكیان هەیە:



١– بنەمای چەندێتی: ئەم بنەمایە پەیوەستە بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بخرێتە ڕوو بیبەخشین بە گوێگر لە بازنەی ئاخاوتندا، ئەم بنەمایەش لەسەر دوو بنەمای دیکە دروستبووە:

- باهاوبەشی کردنت بەپێی پێویست بێ و ئەوەندە زانیاری ببەخشێ کە گوێگر پێویستییەتی.
- زیاتر لە پێویست بەشداری هاوبەشەکەت مەکە، واتە گوتنەکەت زانیاری زیاتر لە خۆ نەگرێ. (Grice:1975: 45)

٢– بنەمای چۆنیەتی: ئەوەی پێت وانییە ڕاست نییە مەیلێ، هەروەها ئەوەی بەڵگەشت لەسەری نییە مەیلێ.( levinson:1983:101 )

٣– بنەمای گونجاو(پەیوەندی): با قسەکانت پەیوەندی بە بابەتەوە هەبێ.

٤– بنەمای شێواز (manner): با قسەکردنەکەت ڕوون و سنووردار بێ، دوورکەوە لە لێڵی، دوورکەوە لە شاراوەیی ،کورت بڕبە، قسەکانت ڕێکوپێك و ڕێکخراو(Order speech ) بێ .(Grice:1975: 46)

ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە هاوکاری نێوان گوێگر و قسەکەر دروست دەکا گفتوگۆیەکی بەبەرهەمی لێدەردەچێ و تێگەیشتنی دروست دێتە ئاراوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکەین: (Elizabeth: :1982:5)

**یەکەم:** توێژەران پێیان وایە بنەمای هاریکاری دەربڕی بەهەشتی فەیلەسوفانەیە کە لەواقیعدا نایەتەدی و پێیان وایە خەڵك هەموویان هاریکارن و دڵسۆرز و ڕاستگۆ و ڕوون ڕەوانن، ناگونجێ هەموو کاتێ خەڵك بەم شێوەیە ڕوون و سینتاکسیانە قسە بکەن، بەشی زۆری ئەو دیالۆگانەی لەنێوان کەسەکاندا دروست دەبێ پێشێڵی ئەو بنەمایانە دەکەن، بەڵام ئەو مەبەستی نەبووە کە بنەمای هاریکاری تێگەیشتن خێرابکا، بەڵکو ئەو مەبەستی ئەوە بووە دیالۆگەکان پابەندن بە هەندێ ڕێکار و بەپێی یاساکانەوە دروست دەبن کە گۆێگر و قسەکەر ئاشنان پێی، بۆنموونە دەتوانی ئەمە لەم نموونەیەدا ڕوون بکەینەوە:

١– دیالۆگی نێوان ژن و مێردێك:

٤٠) – کوا سویچی سەیارەکە.

– لەسەر مێزەکەیە.

لێرەدا سەرجەم بنەماکانی هاریکاری جێبەجێ کراوە، بۆیە ئەم دیالۆگە هیچ لێکەوتەکەیەکی نانەریتی لێناکەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی وتراوە مەبەستەکەیە.

**دووەم:** ئەو پێی وایە ئەو بنەمایانەی دیالۆگیان لەسەر دروست دەبێ یان بنیات دەنرێ پێشێلدەکرێن، تیۆرەکەشی هەر لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە، پێشێلی ئەو بنەمایانە وادەکا لێکەوتەکان دروست ببن.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە دلسۆزی بۆ بنەماکانی هاریکاری واتای ئەوەیە قسەکەر سوورە لەسەر ئەوەی مەبەستیەتی بە گوێگری بگەیەنێ، پێویستیشە گوێگر هەوڵی ئەوە بدا بگا بەو واتایەی کە قسەکەر دەیەوێ و نابێ هیچ یەکێکیان ئەوی تر هەڵبخەڵەتێنێ یانیش ناڕوونی بخاتە ناو گفتوگۆوە.

بۆیە ئەگەر قسەکەر یەکێك لە بنەماکانی بەزاند و گوێگر هەوڵیدا ئاگاداربێ لەو بەزاندنە و هەوڵی گەیشتن بە واتای تەواوی گفتوگۆکە بدا، وەك بۆ نموونە:

١– لە دیالۆگی نێوان دایك و کوڕ:

٤١) – ئەرێ کوڕم خۆت شوشت و جلەکانت خستە ناو جلشۆرەکەوە؟

– خۆم شوشت.

لەم گفتوگۆیەدا پێشیلی بنەمای چەندێتی کراوە، چونکە دایکەکە دوو پرسیاری کردووە، بەڵام گوێگرەکە یەك وەڵامی داوەتەوە، بەڵام پرسیارەکەی دیکەی پشتگوێ خستووە، واتە وەڵامەکەی کەمترە لە داوای پرسیارەکە.

لێرەدا پێویستە دایکەکە(گوێگر) بزانێ و لەوە تێبگا کە کوڕەکەی جلەکانی نەخستۆتە ناو جلشۆرەکەوە، کەواتە لێرەدا ئەو لێکەوتەیە دروست دەبێ کە جلەکانی نەخستۆتە ناو جلشۆرەکەوە، بۆیە کوڕەکە نایەوێ وەڵامەکەی (بەڵێ) بێ کە واتای ئەنجامدانی هەردوو داواکە( کردارەکە) دەگەیەنێ

و یەکێکیانی ئەنجام نەداوە و وەڵامەکەشی ڕاستە، بەڵام بەزاندنی بنەمای هاریکاری گفتوگۆکەیە. بۆیە لێرەدا دایکەکە بە گوێرەی وەڵامەکە تێدەگا کە کوڕەکەی ئیشەکەی تەواونەکردووە.

٤- لە دیالۆگی نێوان مامۆستاو خوێندکار:

٤١) - تاران لە تورکیایە ، ئەرێ ئەمە ڕاستە مامۆستا؟

- بێگومان لەندەنیش لە ئەمریکایە !

لەم دیالۆگەدا قسەکەری یەکەم بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، پێویستە ئەوە نەڵێ، کە پێی وایە ڕاست نییە، هەروەها ئەوە نەڵێ کە بەڵگەی لا نییە(levinson :1983: 110 ) ، بۆیە لێرەدا قسەکەری دووەم بە ئەنقەست ئەو بنەمایەی بەزاندووە، بۆ ئەوەی بۆ گوێگرەکەی ڕوونبکاتەوە یان وای تێبگەیەنێ وەڵامەکەی هەڵەیە، چونکە لای قسەکەری یەکەم ڕوونە وەڵامی پرسیارەکەی قسەکەری دووەم هەڵەیە و بەئەنقەست ئەمە دەگوترێ ، کەچی جاری وا هەیە گوێگرەکە ئەگەر گوێگرێکی بەسەلیقە نەبێ وەڵامەکە بەڕاست دەزانێ ، بۆیە بەزاندنی ئەم بنەمایە لە بەرژەوەندی ئاخاوتنەکە نابێ و ئاڵۆزی دەکا، دەبێتە مایەی گاڵتەجاری بەهەندێك گوێگری لەم جۆرە، گفتوگۆیەکی دروست نایەتە کایەوە.

٥- لە دیالۆگی نێوان دوو پیاودا:

٤٢)أ- کوا دارا؟

ب- ئۆتۆمبێلێکی سوور لەبەردەم ماڵی ئازاد وەستابوو.

ئەوەی(ب) وەڵامی ئەم پرسیارە نییە بە تەواوی کە ئەمەش بەزاندنی بنەمای شێواز یان پەیوەندی بابەتە واتە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، بەڵام لێرەدا گوێگر لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی دیکەی هاریکاری لە خۆی دەپرسێ چ پەیوەندییەك لە نێوان ئۆتۆمبێلی سوور و پرسیارەکەی لەبارەی شوێنی داراوە هەیە، ئەگەر گوێگر ئەو زانیاریەی هەبێ کەوا دارا ئۆتۆمبێلێکی سووری هەیە، بۆی ڕووندەبێتەوە، دەبێ مەبەستی قسەکەر ئەوەبێ، کە ئەو ئۆتۆمبێلە سوورە پەیوەندی بە شوێنی داراوە هەیە.

٦- له گفتوگۆی نێوان دوو پیاودا:

٤٣) أ- چیت دەوێ؟

ب - هەڵسە دەرگاکە بکەوەو کلیلەکە لەناو کیلۆنەکەی دابنێ و دواتر کلیلەکە سێ جار بەئاراستەی چەپ بسوڕێنەوە و دواتر دەرگاکە بە هێواشی پاڵ بدە.

ئەمە لێرەدا بەزاندنی بنەمای شێوازە، کەوا دەکرێ بەکورتی بڵێ: (دەرگاکە بکەوە)، ئەگەر ئەمە لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی دیکەی هاریکاریدا تەماشا بکەین، پێویست بوو قسەکەر هەوڵی دیوێکی دیکەی گوتنەکە بدا، کە دەرناکەوێ، بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هێواشی و تەمبەڵی بخاتە ڕوو، چونکە مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، کە گوێگرەکە کەسێکی تەمبەڵە و بەهێواشی ئیشەکان دەکا.

بنەمای هاریکاری قسەکردن، تەنیا لە دەربڕینی ڕاستەقینەدا نابەزێنرێ، بەڵکو دەربڕینی خوازەیش دەگرێتەوە، ئەویش ئەوەیە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی دەکرێ ،بوترێ.

## ٢-٤ بنەمای ڕێزگرتن ( politeness accounts)

(لیچ) لە ڕێگەی تیۆرەکەی کە ڕێزگرتنە( politeness )، ژمارەیەك بنەمای بۆ تیۆرەکەی گرایس زیادکرد. بیرورا بنچینەییەکانی گرایس لە سەر لێکەوتەی نەریتی، هەراو مشتومڕیکی زۆری نایەوە لە نێو مەڵبەندی زمانەوانیدا. بەڵام هەر زوو لایەنگرانی تیۆرەکەی گرایس درکیان بەو کەموکوڕیانە کرد کە لە تیۆرەکەدا هەیە، بۆیە هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی لاوازیەکانی، ئەویش بە زیادکردنی چەند بنەمایەك بیردۆزەکەی گرایسیان پوختەکرد. دیارە یەکێك لە لایەنگرانی گرایس بریتی بوو لە( لیچ) کە هەوڵی بەرەو پێشبردنی بیردۆزەکەیدا. ئەویش بەرەو پێش بردنی گفتوگۆی نێوان کەسەکان (interpersonal rhetoric) و بنەما دەقییەکان ( texual maxims) بوو. لیچ دەڵێ بنەماکانی هاوکاری جەخت لە سەر گواستنەوەی زانیاری و دوان لە بارەی شتەکان دەکاتەوە. بۆ نموونە بنەمای چەندییەتی پەیوەندی بە کۆمەڵە زانیارییەکەوە هەیە. هەروەها بنەمای

چۆنییەتی پەیوەندی بە ڕاستگۆیی هەیە و بنەمای پەیوەندی گرنگی بە ئاخاوتنی ئاسایی دەدات. بەڵام بنەمای شێواز پەیوەندی هەیە بە شێوازی گوتنەکەوە هەیە، وەکو ڕوونی گوتنەکەو کورتبڕی گوتنەکە و ڕوونی تەواو لەو زانیاریانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ گوێگر.

ئەو بنەمایانە لە ژێر چەتری ئەرکەکانی زمان کاردەکەن. بەڵام زمانەوانێکی وەك هاڵیدەی لە ساڵی ١٩٧٨ باسی ئەوەی کردووە، کە دەبێت (وەسفی زمانەوانی و شیکردنەوەی زمانەوانی) (linguistic explanation & linguistic description) بۆ هەردوو ئەرکەکەی تری زمان واتە ئەرکی کەسی ( interpersonal function ) و ئەرکی دەقی ( textual function) بێ. ئەرکی دەقی باسی ئەوە دەکات کە چۆن خەڵك communicative interaction پەیوەندی کارلێکردن پەیڕەو دەکەن.

سەبارەت بەم ئەرکە لیچ لە ساڵی ١٩٨٣ لە سەر بنچینەی کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر(cost) و سوودگەیاندن بە کەسی بەرامبەر (benefit) هەروەها ناڕاستەخۆیی و هەڵبژاردەیی ( indirectness and optionality) کە ئەمانە سێ پلەی پراگماتیکین، بناماکانی ڕێزگرتنی پێشنیازکرد. گرنگترین پلە لەم سیانە (cost-benefit scale)ە واتە (کەمکردنەوی ئەرکی بەرامبەر و سوودپێگەیاندنی)، کە ئەمەش پەیوەندی بە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، بە پێی ئەم پلە پراگماتیکیە پێویستە خەڵك باشترین شت بکەن، بۆ ئەوەی سوود بە کەسی بەرامبەر بگەیەنن. بە هۆی ئەم پلە پراگماتیکیەوە ( cost-benefit scale)ە واتە (کەم کردنەوی ئەرکی بەرامبەرو سوودپێگەیاندنی ) مەگزیمی بنەماکانی ڕێزگرتنمان بە دەست دەکەوێت، کە پێی دەڵێن ( Tact maxim) بنەمای ناسکی و ڕێکو پێکی. لەم بنەمایەدا تۆ خۆت مەغدوور دەکەی بۆ ئەوەی ئەرکی سەر شانی کەسی بەرامبەرەکەت کەم بکەیەوە، بۆیە ئەم بنەمایە هاندەرێکی بە هێزە بۆ پێشێلکردنی بنەماکانی چەندایەتی و چۆنیەتی بنەماکانی هاریکاری.(leech:1983:107) .

بۆ نموونە ئێمە زانیارییەکی کەم یان زانیاری هەڵە دەدەین، تەنها بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە لە ئازاردان و دڵ شکاندنی کەسی بەرامبەر، واتە درۆی سپی ( white lies) ئەنجامدەدرێت لە لایەن قسەکەرەوە، بۆ ئەوەی گوێگر زویر نەبێت، هەروەها ئەرکە دەقییەکانی زمان ( The textual

coherence, /کۆهیسڤ و کۆهیرانس ) ئەو ئەرکانەن کە دەوری ( function of language cohesive) دەبینن. هالیدەی و حسن پشتگیری بوونی دەقە ڕەوانبێژییەکان دەکەن، ئەمانەش کۆمەڵە بنەمایەکی پراگماتیکین کە وادەکات ئاخێوەران پەیامەکانیان ڕوونتر بگەیەنن.

لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێبازێکی دیکەی ڕێزگرتن لە لایەن( براون و لیڤنسن ) خراوەتە ڕوو، بەڵام ئەم ڕێبازە هیچ مەگزیمێك لە خۆ ناگرێ، دەتوانین بڵێین ئەم ڕێبازە تەواوکەری پێشنیازەکەی (لیچ )ە.[8]

(براون و لیڤینسن ) گرنگیەکی زۆریان بە ستراتیژیەتی زمانەوانی ( linguistic strategies) دا، کە ئاخێوەران پەیڕەوی دەکەن بۆ پاراستنی کەسایەتی مرۆڤەکان. ئەم ستراتیژیەتانەش بریتین لە ناڕاستەخۆیی و پەرژینەکان و پرسیارەکان لە ناسنامەی کۆمەڵدا ( in group identity).

هەرچەندە لە ساڵی١٩٨٧ (براون و لیڤنسن) ڕوونیان نەکردۆتەوە کە بۆچی کردەی ڕووشکاندنەوە

(face threating acts ) هەڕەشەیە بۆ سەر خود یان بریتییە لە شەڕ فرۆشتن بە ڕووە شکاوەکە. بەپێچەوانەوە لیچ لە ساڵی ١٩٨٣ هەندێ بنەمای تاقی کردوّتەوە، کە بنچینەیەکن بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان. بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چ جۆرە ڕەفتارێك بەڕیزانەیە و هەروەها چۆن زمان کاریگەری لەسەر ڕەفتار هەیە (طه عبدالرحمن:١٩٩٨: ٢٤٣)، هەروەها لیچ دەڵێ گرنگی مەگزیمەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە و لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دیکە دەگۆڕێ. بۆ نمونە لە کەلتووری ئینگلیزەکاندا زۆر گرنگی دەدەن بە مەگزیمی ناسکی و ڕێکوپێکی ( tact maxim) لەکاتێکدا چینیەکان گرینگی دەدەن بە مەگزیمی سادەیی و بێفیزی (modesty maxim).

[8] www.biblioteca.unirioja.es/tfe_e/TFE000347.pdf

## ٢-٤-١ مەگزیمەكان و بنەماكانی ڕێزگرتنی لیچ Leech’s politeness principle and maxims

هەروەكو پێشتر باسمان كرد كە لیچ سێ پلەی پراگماتیكی هەبوو، ئەوانیش (ئەرك كەم كردنەوەو زیادكردنی سوود بۆكەسی بەرامبەر– ( cost-benefit the ). ئەرك كەمكردنەوەی ئەركی سەرشانی بەرامبەر و سوود پێگەیاندنی بریتییە لە رێزگرتنی، بە پێچەوانەوە قورسكردنی ئەركی سەر شانی واتە ڕێزنەگرتنی.

بنەمای دووەمیش بریتییە لەناڕاستەوخۆیی، واتە ئێمە كە داواكارییەكانمان داوا دەكەین بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ سوود لە هێزی واتایی ئەو بنەمایە وەردەگرین ( illocationary goal). لیچ پێیوایە داواكردنی داواكارییەكان بە شێوەی ناڕاستەوخۆیی هەڵبژاردە دەخاتە بەر دەم كەسی بەرامبەر بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی داواكاریەكان، لە هەمان كاتدا بریتییە لە كەم كردنەوەی ئەركی سەر شانی كەسی بەرامبەر، بۆیە هەتاوەكو داواكارییەكان ناڕاستەوخۆ بن ئەوا ڕێزی زیاتری تێدایە.

لە بنەمای هەڵبژاردەیی ( the optionality scale accounts) هەڵبژاردەیەك ئاراستەی گوێگر دەكرێت كە گوێگر بۆی هەیە ئەم داواكارییە ڕەتبكاتەوە. هەروەها دووردەكەوینەوە لە قورسكردنی ئەركی سەرشانی بەرامبەر و ڕێگە خۆشكەریشە بۆ گوێگر كە داواكاریەكان ڕەتبكاتەوە.

ئەو سێ بنەمایەی كە باسمان كردن، پەیوەندییەكی توندو تۆڵیان بە یەكەوە هەیە. هەروەها كەمكردنەوەی ئەركی سەرشان، واتە ناڕاستەوخۆیی زیاتر دەكات و ئاخاوتنەكانیش زیاتر لە هەڵبژاردەیی نزیك دەبێتەوە بۆ گوێگر. ئەو سێ بنەمایەی پێشوو دەبێتە بنچینەیەك بۆ شەش مەگزیمەكەی( لیچ ). لەم شەش مەگزیمەیدا لیچ جیاوازی لە نێوان (negative polietness) ڕێزگرتنی پێچەوانە و ڕێزگرتنی مەبەست باش (positive politeness) دەكات.

ڕێزگرتنی پێچەوانە بریتییە لە كەمكردنەوەی ڕێز، ڕێزگرتنی مەبەستی باشیش، بریتییە لە پتركردنی ڕێز. بە بیروڕای لیچ كاتێك پەیوەندی لە گەڵ خەڵك دەكەین و گفتگۆ دەكەین، تەنها هەستەكانمان دەرنابڕین، بەڵكو پەیوندییەكانیشمان بەرەو پێشەوە دەبەینە پێشەوە، هەروەها پێدانی زانیاری بە كەسانی دیكە، تەنها لە ڕێگەی پەیوەندی كردنەوە نابێ، بەڵكو پەیوەندی بە كەسی دامەزرێنەری ئەم

پەیوەندیەش دەمێنێتەوەو دەپارێزرێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ دا لیچ دەڵێ ئەگەر ویستت سەرکۆنەی کەسێك بکەی یان ئامۆژگارییەکی توندی بکەی ئەوا بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە هەستەکانت بەرامبەری دەرمەبڕە، چونکە ئەمە ناکۆك دەبێت لەگەڵ بناماکانی ڕێزگرتن. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی سوود لە ناڕاستەوخۆیی وەربگریت و کۆمێنت و دەردەدڵەکانت بگەیەنیتە کەسی بەرامبەر.

بنەماکانی ڕێزگرتن بریتین لە زنجیرە بنەمایەك کە لە لایەن (لیچ)ەوە پێشنیازکراوە و لەم بنەمایانەدا پێمان دەڵێت کە چۆن لە گفتوگۆکانماندا ڕێزو حورمەت بەکار بهێنین، کە بەشێوەیەکی ڕەفتاری ئەم گفتوگۆیانە دادەمەزرێن و دروست دەبن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران دەپارێزێت. هەروەها ئەو بنەمایانە یارمەتیمان دەدا، کە هارمۆنیەتی گفتوگۆکانمان پارێزراوبێت، لە کاتی دروستبوونی تێکهەڵقژان لە نێوان ئاخێوەراندا.

لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی بناماکانی پراگماتیك (principle of pragmatics) لیچ بۆچوون و بیروڕاکانی گرایسی بەرەو پێش بردو گەشەی پێدا. لەم پەرتووکەیدا (لیچ ) چوارچێوەیەکی نوێی لە نێوان زمان و بەکارهێنانی زماندا دروستکرد. هەروەها لەو پێشکەوتنەی کە تۆماری کرد لە مۆدێلی گفتوگۆی نێوان خەڵکەکان (modal of interpersonal rhetoric) چوار مەگزیمی لە ڕێزلێناندا دۆزییەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- بنەمای ناسکی و ڕێکوپێکی (the tact maxim)

٢- بنەمای بەخشندەیی ( the generosity maxim )

٣- بنەمای ستایشکردن (the approbation maxim)

٤- بنەمای سادەیی و بێفیزی (the modesty maxim)

٥- بنەمای سازان (the agreement maxim)

٦- بنەمای هاوخەمی و دڵسۆزی (The sympathy maxim)

لە ڕەفتاری هاوکاریدا (in cooperative behaviour) ئاخێوەران هەوڵدەدەن کەسایەتی یەکتر بپارێزن و هەموو کەسێکیش ڕووی باش و ڕووی خراپی( positive face) و( negative face) هەیە و کەسایەتی (face) هەر کەسێکیش بریتییە لە ناو و ناوبانگی (وێنەی خودی گشتی ) ( public self image) کەسەکە، بۆیە دەتوانین پێناسەی ناووناوبانگی هەرکەسێك بەم شێوەیە بکەین، لە بارودۆخی ئاساییدا خەڵکی دەیانەوێ کەسایەتیان پارێزراو بێت و ڕەخنەیان لێنەگیرێ و فەرمانیان لەسەر نەکرێت، چونکە ئەگەر ئەمانە ئەنجام نەدرا، واتە کەسایەتی کەسەکە لە ژێر هەڕەشەدایە، بەلاّم ئەگەر ستایشی کەسەکە بکەی و لە گەڵی ڕێك بکەوی لە شتەکاندا ئەوا هەڕەشەکان کەمتر دەبێتەوە

(Jef verschueren:1999:45). بۆ ئەوەی زۆر بەرێزانە مامەلە بکەین یان( کردەی پاراستنی کەسایەتی)( face saving acts) پەیڕەو بکەین ئەوا پێویستە داواکاریەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێت، هەروەکو زمانەوانی کۆمەلاّیەتی لاکۆف (Lackoff) سێ بنەمای خستۆتە ڕوو :

١- هەرگیز خۆت لە سەر کەسی بەرامبەر مەسەپێنە .

٢- وا لە گوێگر بکە هەست بە ئارامی بکات .

٣- هەمیشە هەڵبژاردن بدە بە بەرامبەرەکەت .

ئەم سێ بنەمایەی پاراستنی کەسایەتی یارمەتی قسەکەر دەدات کە پتر بەڕێز بێ بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆکان (العياشي أدراوي:٢٠١١: ١٢٠) .

مرۆڤەکان لە کاتی گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕاکانیان هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی ئارام و ڕێزەوە گفتوگۆ بکەن و پەیڕەوی هەندێ لە مەرج و داواکارییە کۆمەلاّیەتیەکان بکەن، ئەمەش کاریگەری لە سەر زمان دەبێت. هەر ڕەخنەو خۆتێهەلقورتانێك لە کاروباری گفتوگۆکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسیە کۆمەلاّیەتییەکان، بۆیە پیویستە هاوسەنگی لەنێوان لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی قسەکردنی ڕاستەوخۆ ڕابگرین. بۆ نموونە وا دابنێ هاوڕێیەك زۆر دەخواتەوە، لەم بارەیەوە قسەکەر دەتوانێ بە هاوڕێیەکەی بڵێ (بە سە ئیتر مەخۆرەوەو وازبێنە)، ئەم پێگوتنە و ئاگادارکردنەوەیە گونجاونییە،

لەوانەیە ببێتە هۆی ناچارکردن و بێزارکردنی هاورێییەکەی، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی جوانتر و گونجاوتر گوتنەکەی ئاراستە بکرێ، بەم شێوەیە:

٤٤)– وابزانم پێویستە کەمێك لە خواردنەوەکەمان کەم بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەست و هۆشمان بۆ کۆبوونەوەکەی بەیانی لە دەست نەدەین.

ئەگەر زانیت هاوڕێیەکەت مەترسی مسۆگەریشی لەسەرە، ئەوە هەر دەبێ هێمن و لە سەر خۆبێ.

بە گوێرەی بیروڕاکانی (لیچ) نەزاکەت و ڕەوشتجوانی و ناسکی بریتییە لە پەیوەندیەکی تایبەت لە نێوان هەردوو بەشداربووی گفتوگۆیەکەدا، کە دەتوانین پێیان بڵێین (خود) (self) و ئەویتر (other).

لە گفتوگۆکاندا (خود) واتە قسەکەر و (ئەویتر )واتە گوێگر، هەروەها قسەکەر دەتوانێ ڕێزو ڕەوشت جوانی نیشان بدات بەرامبەر کەسی سێیەم کە لەوانەیە ئامادەبێت یان نا، بەڵام ئێمە مەبەستمان مەگزیمەکانی( لیچ)ە بۆیە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو :

١– بنەمای ناسکی و ڕێکوپێکی (the tact maxim):

ئەم بنەمایە گرینگترین جۆری بنەماکانە لە کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا، وشەکانی وەکو(سوپاس، بەخێرهاتی، چۆنی، بمبەخشە) بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا بەکاردێت. ئەم وشانەی سەرەوەش ئامرازەکانی ڕێزگرتن و ڕەوشت جوانین لە سەر بنچینەی (cost) ئەرکی سەرشان کەم کردنەوە و قازانج گەیاندنە بە کەسی بەرامبەردا (benefit). (لیچ) لەم بنەمایەدا دەڵێت، پێوستە ئەرکی سەر شانی کەسی بەرامبەر کەمبکەینەوە و سوودو قازانجیشیان بۆ زیاد بکەین، هەروەها ئامرازی ناڕاستەوخۆیی و هەڵبژاردەیش بەکاربهێنین. لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە لەسەر بنەمای ناسکی و ڕێکوپێکی:

٤٥)ئایا دەکرێ بۆچەند چرکەیەك لە کاتت بگرم.

٤٦) پێت وانییە کەمێك دەنگت بەرزە.

٤٧) دەتوانی پەنجەرەکە دابخەی.

لەم نمونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناڕاستەوخۆیی و هەڵبژاردەیی بەکارهاتووە، کە تیایدا ئەرکی سەرشانی گوێگر کەم دەکاتەوە.

٢- بنەمای بەخشندەیی (the generosity maxim):

بنەمای بەخشندەیی پەیوەندی بە بنەمای ناسکی و ڕێکوپێکییەوە هەیە لەم بنەمایەدا (خود) سەنتەرە (self centered)، بە گوێرەی بیروڕای لیچ بنەمای بەخشندەیی و بنەمای ناسکی و ڕێکو پێکی بە یەکەوە کاردەکەن و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە (Leech 1983:132).

بۆ نموونە کە قسەکەر بە گوێگر دەڵێت:

٤٨) دەتوانی چەترەکەی من ببەیت .

ئەرکی سەرشان کەم کردنەوەی تیادایە بۆ گوێگر و قازانج پێگەیاندنیەتی. لە بنەمای بەخشندەیی بە پێچەوانەی بنەماکانی دیکە خود سەنتەرەو حیسابی بۆ دەکرێ. بەلاّم لە بنەمای ناسکی و ڕێکوپێکی خود سەنتەر نییە و کەمتر حیسابی بۆ دەکرێ، بۆ نمونە ئەگەر قسەکەر بە گوێگر بلّێت

٤٩)دەبێت پایسکلەکەتم بدەیتێ.

ئەم شێوازە بێ ڕێزی تێدایە بەرامبەر بە گوێگر و تۆ گوێگرت ناچار کردووە کە پاسکیلەت بداتێ، بەلاّم ئەگەر قسەکەر بلّێت:

٥٠) دەتوانی پایسکلەکەتم بدەیتێ.

ئەوا زیاتر ڕێزگرتنی گوێگری پێوەدیارە و بەڕێزانەیە. چەند نموونەیەکی دیکە لەسەر بنەمای بەخشندەیی دەهێنینەوە:

٥١)تۆ پشوو بدەو من قاپەکان دەشۆم.

٥٢)دەبێ بێیت و نانی ئێوارە لەگەڵ ئێمەدا بخۆیت .

٣– بنەمای ستایش کردن (the approbation maxim)

ئەم بنەمایە پەیوەندی بە هەڵویستی قسەکەر بەرەو گوێگرەوە هەیە، خاڵی بنچینەیی لەم بنەمایەدا دوورکەوتنەوەیە بە هەموو شێوەیەك لە گوتنی شتی خراپ دەربارەی ئەویتر واتە گوێگر، بۆیە لە سەر ئێمە پێویستە ستایشی گوێگر بکەین ( leech 1983:135).

بۆ نموونە کاتێ پیانۆژەنێ پیانۆ دەژەنێ دوای پیانۆ ژەنینەکە قسەکەر دەبێت ستایشی پیانۆ ژەنینەکەی پیانۆژەنەکە بکات و بڵێ بە خوا ئاوازێکی خۆش بوو دەست و پەنجەت نەڕزێ. نابێت بڵێت:

٥٣)ئۆی کە مێشکی سەرم چوو بەخوا ئاوازێکی ناخۆش بوو.

چەند نمونەیەکی تر لە سەر بنەمای ستایشکردن :

٥٤)چەند نایابە.

٥٥)لە چاکەی خۆتە.

٥٦) ئای کە ماڵێکی زۆر جوان و دڵرفێنە.

٥٧) ئای کە چێشتێکی بە تام وخۆش بوو، دەستت خۆش بێت .

٤– بنەمای سادەیی و بێفیزی (the modesty maxim)

هەروەکو لیچ ڕوونی کردۆتەوە کە لەو بنەمایەدا( خود) سەنتەرە، لێرەدا قسەکەر ستایشی خۆی کەم دەکاتەوەو سادەیی و بێ فیزی خۆی پیشاندەدات ( leech 1983:136)، وەك:

٥٨) ئای لە خۆم گێلێ.

٥٩)بە خوا تۆ زۆر زیرەکی.

٦٠)وەللا هەڵەی خۆم بوو.

٥–بنەمای سازان (the agreement maxim)

ئەم بنەمایە بنەمایەکی لاوەکیە و سەرەکی نییە، لەم بنەمایەدا:

- كەمكردنەوەی سازانە لە نێوان (self)خود و ئەویتر (other)
- زیادكردنی سازانە لە نێوان (self)خود و ئەویتر (other)

ئەگەر سەیری ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە بكەین، دەبینین ڕێزگرتنی تیادانییە:

٦١)– فیلمێكی خۆش بوو وانییە.

–نەخێر، فیلمێكی زۆر بێزاركەر بوو .

بەڵام ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە، بەشێك لە ڕازیبوون و سازانی تیادایە:

٦٢) – زمانی ئینگلیزی زمانێكی قورسە بۆ فێربوون.

- بەڵێ ڕاستە، بەڵام گرامەرەكەی زۆر ئاسانە .

ئەگەر سەیری نموونەكانی سەرەوە بكەین نمونەی یەكەم كەمتر سازانی تیادایە، بەڵام نموونەی دووەم سازانی تیادایە.

٦–بنەمای هاوسۆزی و هاوخەمی ( The sympathy maxim)

أ- كەم كردنەوەی ڕق و كینە لە نێوان (self)خود و ئەویتر (other)

ب- زیادكردنی هاوسۆزی نێوان (self)خود و ئەویتر (other)

بە شێوەیەكی گشتی مرۆڤ لە لایەن سۆزەوە بەڕێوەدەبردرێت. ئێمە زۆر جار پیرۆزبایی لە هەندێ كەس دەكەین، بە هۆی سەركەوتنییەوە، ئەگەر یەكێكیش بمرێ ئەوا سەرەخۆشی ئاراستەی كەسوكارەكەی دەكەین، بە هۆی ئەو كۆست و ناخۆشیەی كە تێیكەوتوون، ئەمەش پێی دەڵێن بنەمای هاوسۆزی و هاوخەمی. (جیفری لیتش: ٢٠١٣: ١٧٤) بۆ نمونە: ئەمە شێوازێكی ڕێزدارانەیە ئەگەر بڵێین:

٦٣) زۆر بەداخەوەین بە هۆی بیستنی سووتانی باخەكەتان .

بەڵام ئەوەیان شێوازێكی ڕێزدارانە نییە ئەگەر بڵێین:

٦٤) زۆر خۆشحاڵین بە هۆی سووتانی باخەكەتان.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند نموونەیەکی دیکە لەسەر نیشاندانی هاوسۆزییەوە دەخەینە ڕوو:

٦٥) پیرۆزبایتان لێدەکەم بە هۆی سەرکەوتنتان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا.

٦٦) ئێمە زۆر خۆشحاڵ بووین بە هۆی گەڕانەوەی براکەتان لە دەرەوەی وڵات .

٦٧) ئێمە زۆر خەفەتبارین بە هۆی شەهیدبوونی پۆلێ لە پیشمەرگەکانتان.

هەروەها سڵاوکردن بە هۆی زارەکی بێت یان نازارەکی ئەوا هە ر دەچێتەوە پاڵ بنەمای هاوسۆزی .

## ٥-٢ بەزاندنی بنەمای هاریکاری

١) بەزاندنی بنەمای چەندێتی:

أ) بەخشینی کەمتر لە پێویست:

ئەگەر هاوکاری وەرگر بەگوێرەی پێویست نەبێ، ئەوا ئەم بەزاندنە بۆ ئەوەیە، نەیەوێ هەستی خۆی دەربڕێ، بۆئەوەی کەسی بەرانبەر لێی زویر نەبێ، نەك بەهۆی نەزانینەوە ئەم قسەیەی کردبێ.(عادل فاخوری:٢٠١٣: ٨)

٦٨) مامۆستا کوڕەکەم لەوانەی بیرکاریدا چۆنە؟

– کوڕەکەت لە کوردیدا زۆرباشە، لە قوتابخانەش دواناکەوێ (محمد معروف: ٢٠١١: ٢١٦ )

ئەم وەڵامە لە بنەمای چەندێتی دەرچووە، مەرجیش نییە تەنیا، بۆ زویربوون نەبێ، بەڵکو هەندێ جار بەهۆی نەزانینەوە بێ، یان سووکتر وەڵامدانەوە بێ، بەڵام ئەم جۆرە دەبێ پشت بە دەوروبەر ببەستێن بۆ وەرگرتنی وەڵامەکە، وەك:

٦٩) – سەعات چەندە؟

٧٠) – بانگی عەسری نەداوە.

یانیش بۆ خۆنەشکاندن:

٧١)– ئەو ئۆتۆمبێلەیەی کڕیوتە مۆدێلەکەی چەندە؟

– وابزانم ئۆتۆمبێلێکی خراپ نییه.

هەردوو وەڵامەکە پەیوەندیەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و پەیوەندییەکی هۆییشە، بەڵام پەیوەندییەکی شاراوەیە. (عادل فاخوری: ٢٠١٣: ٨)

٧٢) – مووچەتان وەرگرت؟

– دەڵێن ڕۆیشتنی نەوت وەستاوە.

هەروەها ئەم گوتنە:

٣٥)شەڕ شەڕە.

ئەمە لادانە لە بنەمای چەندێتی، چونکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە شەڕ ماڵ وێرانی و کۆچ و کوشت و بڕ و ئاوارەبوونی بەدوادادێ، واتە بەگوێرەی پێویست زانیاری نەداوە کە شەڕ چییە، ئاکامەکانی چین بەڵکو زۆر بەکورتی زانیارییەکی بەخشیوە.[٩]

ب) بەخشینی پتر لە پێویست:

٧٣) أ– باوکت چۆن مرد.

ب–نەخۆش کەوت، دواتر بردمان بۆ ئەردەن، لەوێ نەشتەرگەرییان بۆکرد، دوای نەشتەرگەرییەکە بەدووو مانگ بەجێی هێشتین.

ج–بەنەخۆشی مرد.

لە (ب) دا قسەکەرەکە بنەمای چەندێتی بەزاندووە زیاتر لە پێویست زانیاری داوە، بەڵام (ج) بنەمای چەندێتی ڕەچاو کردووە و زانیاری ناپێویستی نەداوە.

٢) بەزاندنی بنەمای پەیوەندی:

[9] www.Jacques Moeschler ,p.12.

ئەم بەزاندنە بە دوو جۆر دەبێ، یەکەمیان ئەوەیە کە گوێگر نایەوێ وەڵامی قسەیەك بداتەوە، بۆیە وەڵامێکی دیکەی دەداتێ ، کە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نییە، یان لەگەڵیدا گونجاو نییە.

٧٤) – بەخوا ئەم پیاوە پیرە دڵڕەقە !

– ئەمڕۆ ڕۆژێکی فێنکە، وانییە؟

دووەمیان ئەوەیە گوێگر وەڵامێك دەداتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە نییە بەڵکو قسەکەر دەبێ خۆی بیدۆزێتەوە، لەئەنجامدا لێکەوتەی ئاخاوتەیی دروست دەبێ.

بۆ نموونە باوکێك داوا لە کوڕەکەی دەکا دوای نانی ئێوارە ددانی بشوا:

٧٥) – باوك: کوڕم ددانت شووشت؟

– کوڕ: جارێ خەوم نایێ.

ئەم ڕستەیە ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە هێشتا کاتی خەوتنی نەهاتووە، چونکە ئەو بەر لە خەوتن ددانی دەشوا، ئەم پرسیارە پێویستی بە فەرمانێك هەیە کە بڵێ هەڵستە ددانت بشۆ (geoffrey leech:1983: 94).

٧٦) – کوڕ: باوکە بابڕۆین بۆ سینەما !

– باوك: ئەی بەیانی تاقیکردنەوەت نییە؟

٧٧) – کوا قوتوە شیرینیەکەم؟

– بەیانی منداڵەکانم لەژوورەکەی تۆدا دیت.

٣) بەزاندنی بنەمای شێواز (manner):

أ) بەزاندنی بنەمای یەکەم ( با قسەکردنەکەت ڕوون و سنووردار بێ)

٧٨) – باری ئابووری براکەت چۆنە؟

– یاری بە پارە دەکا.

لێرەدا وەڵامەکە ڕوون نییە، واتەیەکی سنووورداری نییە، بەڵکو بەهۆی دەوروبەرەوە لە واتاکەی دەگەین، بەهۆی کۆکردنەوی زانیاری لەبارەی بەشێك لەوەڵامەکە و پێشگریمانە پراگماتییکییەکانەوە، ئەمەش بەهۆی بەزاندنی بنەماکانەوە دروستبووە.

ب) بەزاندنی بنەمای دووەم ( دوورکەوە لە لێڵی و پەردەپۆش نەبێ):

لێلی یەکێك لەو خاڵە گرنگانەیە کە دەبێتە هۆی بەزاندنی بنەمای شێواز، ئەو لێڵییە دەبێتە هۆی ئەوەی دەربڕینی زمانی پتر لەواتایەك هەڵبگرێ و پتر لە ڕاڤەکردنێك بۆ ئەو دەربڕینە بکرێت (شێرزاد سەبری: ٢٠١٤: ١٩٠) ئەم لێڵییە هەندێ جار بەهۆی لێڵی واتایی دەبێ هەندێ جاریش لێڵی سینتاکسی یان فەرهەنگی، وەکو:

٧٩) دیلمان پشتی شێرکۆی گرت.

ئەم ڕستەیە پتر لە واتایەك هەڵدەگرێ، یەکەمیان ئەوەیە(دیلمان بەدەست پشتی شێرکۆی گرت)، دووەمیش ئەوەیە ( دیلمان یارمەتی شێرکۆی داوە).

ئەمە بەهۆی ئەوەیە ( پشت گرتن) دوو واتای هەیە.

هەندێ جار لێڵییەکە بەهۆی فەرهەنگی یان سینتاکسییەوە دەبێ.( بەکر و ئاڤێستا: ٢٠٠٩: ٢٧)

٨٠) ئاوازو ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر.

ئەم ڕستەیە دوو واتای جیاوازی هەیە:

أ- ئاواز و ئاهەنگ هەردووك خوشکمن.

ب-هەر ئاهەنگ خوشکمە.

لێرەدا لێڵییەك لە واتای ڕستەکە دروست بووە، بەهۆی لێلی سینتاکسییەوە، گوێگر بەئاسانی واتاکەی دەستناکەوێ ، کەواتە قسەکەر دوورنەکەوتۆتەوە لە لێڵی و بنەماکەی بەزاندووە. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٩٧)

ج) بەزاندنی بنەمای سێیەم (کورت بڕی):

لێرەدا بە پێچەوانەی ئەم بنەمایە قسەکەر درێژدادڕی دەکا، واتە وشە دەربڕاوەکان پترن لەو واتایەی دەیگوازنەوە (عەبدولسەلام نەجمەدین: ٢٠٠٧:١١٣) .

٨١)– هەورە یان سامالۘ؟

– ئاسمان سایەقەی سامالە، پەلەهەورێك بەئاسمانەوە نییە،مانگ بەئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە.

د) بەزاندنی بنەمای چوارەم ( قسەکانت ڕێکوپێك) بێ

٨٢) مامۆستاکە چووە ژوورەوەو زەنگەکە لێیدا.

٨٣) ئایا دەبێ ڕۆژووگر بەڕۆژ نان بخوا؟

لە ڕستەی (٨٢) بنەمای بەدوایەکداهاتنی کردارەکان بەزاندنی تیاکراوە، لەڕستەی (٨٣) دا ڕێکی واتایی بەزاندووە، چونکە ئەم پرسیارە پێچەوانەی واقیعە.

٤) بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی:

زۆربەی لادانەکان لەبنەمای چۆنییەتیدان، بەڵام بەئاسانی هەستی پێ ناکرێ، یان لەوانەیە دواتر بزانرێ، چونکە ئەم بنەمایە پەیوەندی بە دروستی و نادروستی ئەو زانیارییەوە هەیە کە ئاخێوەر دەری دەبڕێ، بۆیە ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ زانینی دروستی و نادروستی زانیاریەکە، ئەگەر ئاخێوەر بەئاگاداری خۆی زانیارییەکی بەهەڵەی دا ئەوا ئەو بنەمایەی بەزاندووە، ئەگەر بەناچاریش بێ واتە قسەکەر شتێك دەڵێ کە دروست نییە (سروە فیصل: ٢٠١٠: ٥٨) ، یان گومانی هەیە لەبەزاندنی بنەمای چۆنییەتی زۆرترین جۆری نموونەی واتاییمان دەداتێ، لەو نموونانەی لە بەزاندنی بنەمای یەکەم (ئەوەی دەزانی ڕاست نییە مەیلێ) ئەم جۆرە لێکەوتانەی لێ بەرهەم دێت:

١- گاڵتەپێکردن و توانج لێدان irony :

زمانێکی ناڕاستەوخۆیە لە ڕەخنەگرتنێکی توند لە کەسێك، وتەیەك دەگوترێت، بەڵام مەبەست شتێکی دیکەیە(بابەڕەسوڵ: ٢٠١٣: ٢٠٩ )دەبێتە هۆی گاڵتە و سووکایەتی پێکردن، یانیش توانج لێدان کە لەلایەن ئاخێوەرەوە بەکاردێ، بۆئەوەی مەبەستی خۆی بەرانبەر بە کێشەیەك یان بابەت یان کەس و شت دەربڕێ( شێرزاد سەبری: ٢٠١٤: ١٨٧). زۆرجار ئەو هەست دەربڕینە بەرانبەر گوێگر یان کەسی سێیەم دەبێ، دەرپینەکەش بەزۆری بریندارکەر دەبێ (ئاوات ئەحمەد: ٢٠٠٩: ٥٢).

بۆنموونە دوو هاوڕێ بەیەکەوەبوون، یەکێکیان خیانەتی لەوی تر کردبێ، لەبەرچاوی هەموو هاوڕێکانی بڵێ:

٨٤) - فلان یەکێکە لەو هاوڕێیانەی شایەنی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێ.

٢- خواستن metaphor :

خواستنی واتایەکی دیکەیە بۆ فۆرمێك کە واتای خۆی ئەمە نەبێ، لەسەر بنەمای لێکچوون ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەسەر تەوەری ستوونی بێ ئەوا کاتێ دەکەوێتە سەر تەوەری ئاسۆیی هەموو ڕەگەزەکانی دەرناکەوێ، کەواتە دەتوانین بڵێین خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەك بەپێی (لێکچوونی واتایی)،( عەبدولسەلام نەجەمەدین: ٢٠٠٧: ١١٥) بۆنموونە

٨٥) تۆ وەکو مانگی ............. لەسەر تەوەری ستونی.

٨٦) مانگ هات .................. لەسەر تەوەری ئاسۆیی.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە لە جوانیدا وەکو مانگە لەسەر بنەمای لێکچووندا ئەو گوتنەکە دارێژراوە، بنەمای چۆنییەتیی بەزێنراوە، چونکە ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە.

٣- ئاماژە:

ئەم بەزاندنە کاتێ دروست دەبێ کە هەڵەیەکی زۆر گەورە لە پرسیارێکدا یان لە گوتنێکدا، دەبێ کە گوێگر وەڵامێکی هەڵەی دایەوە، ئەویش بەوەڵامێکی هەڵەتر وەڵامەکەی بداتەوە، بەشێوەیەك هەڵەکەی ئەو ڕوون و ئاشکرایە بەمەبەستی ئەوەی ئاخێوەر بە هەڵەی خۆی بزانێ.

٨٧) - ئۆباما سەرۆکی رووسیایە؟

- پۆتینیش سەرۆکی ئەمریکا.

٤- کەمکردنەوە meiosis :

کەمکردنەوە یان بچووکردنەوەی ئاستی کردارێك، بۆ نموونە: کەسێك لەسەر مێزی نان خواردن بێ و زۆری خواردبێ، کەچی پێی بڵێین:

٨٨) - بۆ نان ناخۆی؟

- پێم ناخورێ.

- هیچت نەخوارد؟

٥- زێدەڕۆیی hyperbole:

قسەکەر ئەگەر دوورنەکەوێتەوە لە زێدەڕۆیی ، واتە هاریکاری گوێگر ناکا لە ئاخاوتندا و ئەو بنەمایە دەبەزێنێ، ئەم زێدەڕۆییەش ، هەندێ جار کەسەکە لە نەزانییەوە دەیکات، بەپێی سروشت و ڕەفتاری کەس دەگۆڕێ، جاریش هەیە بەمەبەستە(Grice:1975: 53.

٨٩) - دە مادام وای لێهات، یەکێ سوپاس و پێزانینێك بۆخۆتان بنووسن.

- شوکرانە بژێری لوتف و کەرەمی خاوەن شکۆم، بەڵام بەراستی من شەخسیەن خۆم بەشایەستەی ئەو سوپاس و پێزانینە نازانم، چونکە هیچ ئیشێکی وام نەکردووە موستەحەقی سوپاس و پێزانین بم.

٦– درۆکردن:

ئەم درۆکردنە هەندێ جار پێدانی زانیارییە بەهەڵە، واتا درۆ لەگەڵ گوێگر بکرێ، بەلاّم هەندێ جار گوێگر لە وەلاّمدانەوەدا، وەلاّمێك دەداتەوە، بەلاّم وەلاّمەکەی بەناچاری یان بۆ نەشکاندنی دڵی بەرانبەرەکەیەتی، ئەم جۆرە درۆکردنە لەوانەیە زیانی بۆ بەرانبەر نەبێ، بەلاّم نەدرکاندنی ڕاستی دڵی خۆیەتی، یان دەزانێ ئەو قسەیەی دەیکا، بڕوای تەواوی پێ نییە، بەلاّم پێچەوانەی ئەم گوتنە دڵی بەرانبەرەکەی دەشکێنێ.

بۆنموونە ئەگەر برادەرێکت قاتێکی نوێی کڕیبێ و تۆش پێت جوان نەبێ، بەلاّم کاتێ دەڵێ:

٩٠) – پێت چۆنە؟

– جوانە پیرۆزت بێ. (نەوزاد ئەنوەر: ٢٠١٤: ٦٨)

## ٢-٦ لێکەوتەو میتافۆر:

میتافۆر واژەیەکی بەکارهاتووە بۆ واتایەك کە واتای خۆی نەبێ ئەگەر هاتوو گوتنەکە وەکو خۆی بەکارهات واتایەکی سروشتی هەیە، بەلاّم ئەگەر بۆ واتایەك هات کە بۆ ئەو دانەنرابوو ئەوا واتایەکی ناسروشتی هەیە یان واتای لێکەوتەیی هەیە، کە لە گۆکراوەکەدا دەست دەکەوێ، کەواتە مەجاز بەشێکە لە واتای ناسروشتی، واتا دەربڕینێکە خوازراوە بۆ واتایەکی دیکە.(عبدالقادر عبدالجلیل:٢٠٠١: ٢٢٩)

واژەکە نە واتای ڕاستی و نە واتای مەجاز ناگەیەنێ تەنیا بەبەکارهێنانی نەبێ لە ڕستە و گەورەتر لە ڕستەدا، لەوبارەوە (الشوکانی) دەڵێ (هیچ وشەیەك بەر لە بەکارهێنانی نە واتای ڕاستەقینەی هەیە نەواتای مەجازی) مەرجێك هەیە کە دەبێ پەیوەندییەك هەبێ لەنێوان واتای ڕاستەقینە و واتا مەجازییەکەی، ئەو پەیوەندییەش هۆکاری گەیاندنی واتا بەکارهاتووەکەیە لەبابەتەکەدا، ئەو پەیوەندییەش دەشێ پەیوەندییەکی لێکچوو بێ بەوەی هاوبەش بێ لە واتاکانیان.

مەرجێکی دیکە ئەوەیە دەبێ چەسپانی لەو شوێنە بەدەربکەوێ، لەوانی دیکەش جیابکرێتەوە، بۆ نموونە وشەی (شێر) دەکرێ بە پیاوێکی ئازا بوترێ ئەم پەیوەندییەش لێکچوونە پێی دەوترێ خواستن لە خواستنیش یەك لایەنی لێکچوونەکە باس دەکرێ، هێما بۆ خواستنەکە دەکرێ وەکو رێگایەك کە قسەکەر بەکاری دەهێنێ بۆ ئاماژەکردن لە سیفەتێکی دیاریکراو لە لێچووەکەدا، گوێگر راستەوخۆ پێشبینی ئەو واتایە ناکا، ئەو پێشبینی نەکردنە جۆرێکە لە واتای لێکەوتەی خواستنەکان. (زهوة عشور: ٢٠١٤: ٥٦) هەڵبژادەیەکی بەهێزە بۆ شیکردنەوی پراگماتیکی، هەروەها دەشێ ئەو پەیوەندییەی لە خواستنەکە هەیە پەیوەندییەکی لێکچوونی بێ و مەجازەکە دەشێ کەمتر لە ڕاستییەکە بێ یانیش زیاتر بێ. "لە ناسینەوەی میتافۆردا دەبێ بابەتی گوتنەکە دیاربێ، واتە دەوروبەری زمانی یان نازمانی بابەتەکە بخاتە ڕوو، بەبێ باری گوتن ئەو وشانە نادۆزینەوە کە لە جێی خۆیاندان و جیاناکرێنەوە"(بەکر عومەر:٢٠٠٠: ٩)، هەربۆچوونێك لایەنی دەوروبەر فەرامۆش بکا بەبۆچوونێکی سەرکەوتوو دانانرێ، چونکە ئەگەر بتوانێ هۆی سەرهەڵدان و بەکارهێنانی میتافۆر چارەسەر بکا، بەڵام ناتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە گوێگر چۆن لە میتافۆرەکە گەیشتووە (تریفە عومەر: ٢٠٠٨: ٨٥). خاڵێکی دیکە لە میتافۆردا ئەوەیە کە نیشانەیەك هەیە یارمەتی گەیشتن بە واتا بەشدارەکە دەدا، ئەمەش پێویستی بە دەوروبەرەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی واتە سەرەکییەکە نیشانەکەش بۆ ئەوەیە، کاتێ گوێگر هەستی کرد قسەکەرەکە بنەماکانی ئاخاوتن جێبەجێ ناکا و لە واتای مەبەست ناگا، نیشانەی یارمەتی گەیاندن بە واتای مەبەست دەداو مەبەستەکە ئاشکرا دەبێ. لێرەدا ڕۆڵی پرۆسەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەدیار دەکەوێ. پەیدابوونی میتافۆر و ئەو بارەی کە تێیدا سەرهەڵدەدا پەیوەندی بە زمان و دەوروبەرەوە هەیە، لێکدانەوەی میتافۆریش لەچوارچێوەی ڕەچاوکردن و بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری گرایسدایە و لێکدەدرێتەوە، کەواتە خاڵی بەیەکگەیشتنی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاریی ئاخاوتن و لادانە لە بنەماکانی (چۆنییەتی و چەندێتی و شێواز و پەیوەندی)دا، بۆ نموونە:

٩١) – چۆن لە کاوە دەگەی؟

– ئاگری بن کایە.

لەم نموونەیەدا بنەمای چۆنیەتی و چەندێتی بەزێنراوە،(بەکر عومەر: ٢٠٠٠: ١٠١) ئەنجامی ئەم ئاخاوتنە لێکەوتەی ئاخاوتەیی دروست بووە کە واتایەکەی لە وشەکانەوە وەرناگیرێ، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی ئەو میتافۆرەیە، کە لەوەڵامەکەدا بەکاری  هێناوە، کەواتە میتافۆر دەبێتە بەشێك لە لێکەوتەی ئاخاوتن و هەندێ لە لێکەوتەکان بەهۆی بوونی میتافۆری گوتنەکەیە لەناو کۆمەڵدا. جیاوازیشیان ئەوەیە بۆ ناسینەوەی میتافۆر دەبێ پشت بە سیماتیك و پراگماتیك ببەسترێ، بەڵام لە لێکەوتەدا دەبێ زیاتر پشت بە دەوروبەر ببەسترێ، نەك واتای سیمانتیکی.

# بەشی سێیەم

## دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

# بەشی سێیەم

## دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

### ٣-١ کەسایەتی نووسەر:

کەسایەتی ڕۆماننووس (شێرزاد حەسەن)[١٠] هەروەکو خۆی دانی پێدادەنێت (بڕوانە بەرگی دواوەی ڕۆمانەکە– بۆ دەنووسم) کەسێکی تەنیاو گۆشەگیر بووە و منداڵێکی شەرمن و برسی و ترسنۆك و ڕووت و شڕۆڵ ژیانی بەسەر بردووە، ئەمەش وای لێکردووە، کە هەمیشە لە خەون و خەیاڵاتێکی وادا بژیت، بەردەوام وەك کەسایەتی و کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانەکانیدا وێنە خەیاڵاوییەکەی خۆی تێیدا بەرجەستە بکا، هەر ئەو گۆشەگیری و تەنیاییەش کاریگەرییەکی تەواوی دەروونی تێکردووە، بەجۆرێك کە ئەو خەون و خەیاڵانەی خۆی لە کەسایەتە سەرەکی و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانی بخاتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و دەست بە نووسین بکا، هەروەکو ئەوەی ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خۆی وەك پاڵەوانی یەکەم بەهەردووو دیوی ژیانی منداڵی و گەورەبوونی لەسەرجەم ڕۆمانەکانیدا دیارە بەتایبەتیش لەم ڕۆمانەدا، هەروەك خودی نووسەر دان بەو ڕاستییە دادەنێ و دەڵێ: خۆشترین شت لە چیرۆك و ڕۆماندا بۆمن گەمەی فەنتازیایە، سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی خەیاڵی

---

[١٠] شوێنی لەدایکبوونی هەولێر گەڕەکی خانەقایە. ساڵی لەدایك بوونی دیار نییە، چونکە دایك و باوکی ناکۆك بوون لەسەر ساڵی لەدایك بوونی، هەموو جار دەبووە شەڕیان لەسەر بەرواری لەدایك بوون، یەکێکیان دەیوت کە (شێرۆ) لەدایك بوو جوولەکە لەهەولێر رۆیشتبوو، ئەوی دیکەیان بەرپەرچی دەدایەوە دەیووت نەخێر جوولەکەکان نەڕۆیشتبوون، هەر لەبەر ئەوە ساڵی لەدایك بوونی دەکرێ ١٩٥١ یان ١٩٥٢ بێ.

لە شاری ڕەواندز چوار ساڵی قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی پاشای گەورە خوێندووە، پاشان پۆلی شەشی سەرەتایی چوونەتەوە هەولێر لە قوتابخانەی ( ئیب خەلەکان) بووە، تاقۆناغی بەر لە زانکۆ خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە، پلەی زانستی بەکالۆریۆسە لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، زانکۆی بەغداد ساڵی ١٩٧٤ـ ١٩٧٥، بۆ دەمانگ وەك پەنابەر لە شاری (تامپێری) ژیا و پاشان چیرۆکی پەنابەرییەکەی بەتاڵ کردەوە و لەبەهاری ١٩٨٨ گەڕایەوە کوردستان. بڕوانە: ویکپیدیا(ئینسایکۆپیدیای)ی کوردی.

ئەو منداڵەیە کە لەمندا هەر زوو گەورەکان کوشتیان، تۆماری دەنگی خۆمە وەك هەبووم، وەك حەز دەکەم ببم، واتە پاڵەوانی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا کتومت تەواوکەری ئەو ڕەوشت و نەریتانەیە کە تایبەتمەندی خودی نووسەر نیشان دەدەن لە هەڵس و کەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەی ناو ڕۆمانەکەدا. ئەوەی لەژیانیدا بۆی تەواو نەکراوە یان بەرجەستە نەبووە، لە ڕۆمانەکانیدا لەچوارچێوەی کاراکتەرەکانی بەرجەستەی کردووە، کە ئەمەش لە ڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵچوون و کپکردنە دەروونییەیە کە لەژیانیدا بەتایبەتیش لە ژیانی منداڵی و هەرزەکاری نەیتوانیوە بیهێنێتە دی، وەکو خۆی وتوویەتی هەر زوو گەورەکان کوشتیان،[11] کەواتە ئەمە قەرەبووکردنەوی ڕووداوو واقیعی تاڵی ژیانی خۆیەتی لە ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە نووسەر شوێنی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بەتایبەتی شوێنی دووەم، کە باس لە خەرەند دەکا ئاماژەیەکە بۆ خەرەندی ڕەواندز، هەرچەندە نووسەر خۆیشی لەدایك بووی ئەم شوێنە نییە، بەلاّم چوار ساڵی تەمەنی کۆتایی منداڵی و سەرەتای هەرزەکانی لەوێ ژیاوە، بۆیە ئەو ڕووداوانە دەشێ تۆماری ئەو چوار ساڵەی تەمەنی بێ لەم شوێنەدا، نووسەر ئەگەر تەواوی ژیانیشی لەوێ نەبردبێتە سەر، بەلاّم سەرنجی نووسەر بۆ دڵڕفێنی شوێنەکەو خولیا کپکراوەکەی ناخی بۆ دروستکردنی شوێن و ڕووداوی خەیاڵی وەك خۆی باسی کردووە، ئەم شوێنە بۆتە نمایندەی ئەو حەزانەی و لە تەوزیفکردنی شوێندا، ئەم شوێنەی کردۆتە تەختەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

### ٣-٢ پوختەی ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند):

بەشێوەیەکی گشتی نووسەر لە دوو دەوران و دەمکاتی جیاوازدا ڕووداو وکەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەخاتە ڕوو. ئەو دوو دەورانە جیاوازەی کە گوزارشت لە کاتی ڕابردوو و ئێستای ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکا. نووسەر بەشێوەیەکی هونەری و کارامە ئەو جیاوازییە زەمەنییە

---

[11] بڕوانە بەرگی دواوەی (سەرجەمی بەرهەم – ٢– شێرزاد حەسەن) بۆدەنووسم

مێژووییە کە نزیکن لەگەڵ ئێستایدا، لەگەڵ کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی تێکەڵ بە ئێستای کردووە، بەشێوەی گێرانەوە بەرجەستەی کردوون.

واتە لە ڕێگەی گەڕانەوە–فلاش باك– بۆ ڕووداوەکانی پێشوو، ئەمەش بەجۆرە تایبەتمەندییەك لە نووسینی رۆمان و چیرۆکدا هەژمار دەکرێ، بەتایبەتی کاتێ کە نووسەر لەسەر ئەو کەلتوور و داب و نەریتانەی پێشوو دەوەستێ بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لەئارادا نییە، بەتایبەتیش ئەو هەڵسوکەوت و داب و نەریتانەی لە ناوەرۆك و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، چەند لەناوجەرگەی کەلتووری پێشوودا هەڵقولاوە و وەرگیراوە، بێگومان هەڵس و کەوت و ڕەفتاری بەکارهێنانی شێوەی ئاخاوتن ئەمەش خۆی بەدیاریکردنی کەسایەتییەکان و زمان و ئاخاوتنی کەسەکان بەدەردەکەوێ.

– دەورانێك (زەمەنێك)، زەمەنی یەکەم:

باس لە سەرهەڵگرتن و کۆچکردنی کەسایەتی یەکەم (پاڵەوان)ی ناو ڕۆمانەکەی دەکا، کە چۆن لە غوربەتدا دووچاری دەردەسەری و نەهامەتی و بەسەرداهاتووە لە وڵاتی غەریبیدا و ئەو وڵاتانەی کە گوزەری پێدا کردووە یان تیایدا ژیاوە و ئەو ژیانەی کە بەسەری بردووە، پڕبووە لە ژیانێکی ئەفسوناوی و مەترسیدار، بەپێچەوانەی خواست و ویستی ئەو بووە و نەیتوانیوە ویست و خەونەکانی تێدا بەدی بهێنێ، هەر بۆیە پاشان دان بەو ڕاستیە دادەنێ کە لەو سەفەر و کۆچکردنەدا پەشیمانە و چۆن گوێڕایەڵی و ئامامۆژگاری کەسوکاری نەکردووە بەتایبەتی وتەکانی نەنکی، کە بەقسەی نەکردووە، بۆیە وای بەسەرهاتووە، تەنانەت هەموو کات و ڕۆژگارەکانی لەو غوربەتەدا لەسەر ئەو یادەوەرییانەی کە بەردەوام لە یادیدا ماون بەسەردەبا و لەگەڵ رابردوویدا دەژی، ئەو یادەوەرییانەی کە لەتەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا لەمەنزڵگای یەکەمی ـ نیشتمانەکەیدا ـ بەسەری بردووە، بۆیە بەردەوام هەموو خەون و ئاواتەکانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، چونکە پاش ئەو پەشیمانییە دەبێ بگەڕێتەوە ناو سۆز و باوەشی نیشتمانەکەی، ئەو نیشتمانەی کە هەمیشە لەگەڵ جوانی سروشتەکەی و بێگەرد و پاکی ئاوو هەواکەیدا دەژیاو ، تەنانەت جوانی نیشتمانەکەی وا دەچوێنێ، کە وەك ژنێکی قەشەنگ و ڕازاوە وێنەی دەکێشێ. ئەم جۆرە دیمەن و خەیاڵانەی هەموو بیروهۆشی لەوەدا کۆبۆتەوە کە دەبێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەو مەڵبەند و هەوارەی جاران کەتێیدا پەروەدەکراوە و گەورە

بووە، کە خۆی لەخەرەندەکە دەبینێتەوە، بۆیە هەرواشی کردووەو گەڕاوەتەوە. پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە، ئەو دیمەن و خەڵکانەی کە لەوێن پێچەوانەی ئەوەن کە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردبوون، تامەزرۆبوو بۆ گەڕانەوە بۆناو زێدی خۆی، کەچی ئەم پێشبینییەی ئاوەژوو دەبێتەوەو کەس نایناسێتەوەو ئەویش کەس ناناسێتەوە.

– دەورانێك (زەمەنێك)، زەمەنی دووەم:

ئاماژە بۆ ئەو دەم و ساتانەی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری ـ پاڵەوانی ـ ناو ڕۆمانەکە دەکا. واتە لێرەدا نووسەر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا زۆر بەوردی و دیقەت تیشك دەخاتە سەر هەموو وردەکاری و گەورەو بچووکی ئەو ڕووداو و کەسایەتییانەی کە لەو دەمەدا لەگەڵیان ڕۆژگاری بەسەربردووە، هەر هەموو کەسایەتییەکانی لەیادە و یادوەرییەکانی پاراستووەو ماونەتەوە، لە وەسفکردنی هەر کەسایەتییەکی ناو رۆمانەکە وەکو ئەوەی کە هەبوونە بەچاك و خراپ و بەسۆز و دڵڕەق، بەدەسەلآت و بێ دەسەلآت، نەرم و نیان و بەبەزەیی و بێ بەزەیی...تاد، نیشانداوە.

لەسەرێکی دیکەوە وەسفێکی وردی دیمەنەکانی هەموو ئەو شوێنانە دەکا، کە ڕووداوەکانی تێدا بەرجەستەکراون لە گوند و کۆڵآن و حەسار و دیمەنەکانی دارو دەوەنی ناو خەرەندەکە و بەردەرگاو تەویلە و ژوورەکانی و دەشت و دەرو بەردەلآن ...تاد.

## ٣-٣ دیاریکردنی نموونەکان:

کۆی گشتی داتاو نموونەکان بریتییە لەو دەقانەی کە لەسنوور و چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا خراونەتەڕوو، واتە ئەو ڕووداوانەی کە نووسەر وەك دەقێکی هونەری بیرۆکەکانی تێدا بونیادناوە، هەورەها بەشێوەی زنجیرە دەقێکی یەکگرتوو و تەواوکەری یەکتر ئەو بیرۆکانەی نیشانداوە، کە هەر دەقێك (نموونەیەك) لەو دەقە هەڵبژێردراوانە پەیوەست بە دەوروبەری گشتی ڕۆمانەکە خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان و بەزاندنی بنەماکانی تێدا دەستنیشانکراوە.

هەروەها ڕێکخستنی نموونەی دەقەکان لەسەرەتاو دەستپێکی ڕۆمانەکەدا تا کۆتایی دیاریکراوە، کەتێیدا دەوروبەری تایبەت بە دەقە وەرگیراوەکە لەگەڵ دەوروبەری گشتی کۆی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە پەیوەستکراوە. لایەنێکی دیکەی نموونەکان لەم بەشەدا بریتین لە بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری، کە لێرەدا هەوڵدراوە ئەو بەزاندنانە جۆری بەزاندنەکە دیاری بکرێ. بەو پێیەی کە خۆی لە بەزاندنی بنەماکانی گوتندا ـ بنەمای هاریکاری ـ دەبینێتەوە. هەروەها ئەو لێکەوتە ئاخاوتەییانەش ئاماژەیان پێکراوە کە لە گوتنەکاندا هەڵدەهێنجرێن، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا لێکەوتە ئاخاوتەییە نانەریتییەکانمان ئاماژە پێکردووە، کە گوتنەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەو لێکەوتانەیان لێدەکەوێتەوە.

## ٣-٤ بەزاندنی بنەماکان و دەرهێنانی لێکەوتەکان:

ئەو بابەتانەی کەنووسەر وروژاندوویەتی لە دوو توێی ڕۆمانەکەدا– تەمی سەر خەرەند– بە پشت بەستن بە بنەماکانی هاریکاری لای گرایس و لێکەوتەکانی ئاخاوتن کە پەیوەستن بە زمانی ئاخاوتن و شێوازی دەربڕین لە ڕۆماندا، وەك زمانێکی ئەدەبی تێکەڵ بە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی قسەپێکەرانی زمانەکە، هەوڵدەدەین بەزاندنی بنەماکان دەستنیشان بکەین و جۆری بەزاندنەکان بخەینە ڕوو، هەروەها لەگەڵیشی ئەو لێکەوتانەی کە لەئەنجامی بەزاندنی بنەماکانەوە دێنە کایەوە دەربهێنین و بۆ هەر دەقێك لە دەقەکانی ناو ڕۆمانەکەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١– (لەپاش کۆچ و سەرهەڵگرتنی چەندەها ساڵ، وێڵ بوونم دەنێو شاخ و کێوان، دەربەدەریم دەنێو گوند و شاران، چەشتنی سەرماو گەرما تاڵی و سوێری، هیواو دڵساردی، سەرکەوتن و نوشوستی.....) ل ٢٢٣**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای دووەم

بەزاندنی بنەمای چەندێتی بەهۆی پێدانی زانیاری ناپێویست بۆ ئەوەی چۆنیەتی کۆچکردن و ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی ولآت ڕوونبکاتەوە.

**٢– (لەهەر هەموو خەونەکانمدا هەر دەگەڕامەوە ئەوێندەری، من تەنها لەسەر نامە و پۆست کارتەکان دەژیام و دەڵەوەڕام، بۆن و دەنگ و ڕەنگی خەڵك و خاکم لەناو ئەو چەند دێڕانەدا دەبینی کەلەسەر پشتی کارتەکان و ڕێنووسی پڕ لە هەڵەی نامەکاندا دەمخوێندەوە...) ل ٢٢٣**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر
- بنەمای چەندێتی ـ بنەمای دووەم

ئەم گوتنە نا دروستە کە مرۆڤ لەسەر نامە و پۆست کارت بژی و بلەوەڕێ، یان بۆن و دەنگ و ڕەنگی خەڵك و خاك لەناو ئەو چەند دیڕەدا دەبینێ، دیارە ئەمەش لەو گوتنە بەشێوەی خوازەیی دواوە بەشێکە لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتی، نێرەر مەبەستی ئەوەیە، غەریبی خەڵك و خاکی خۆی کردووە کە لە هەندەران بووە، بۆیە ئەم گوتنە بنەمای چەندێتی و چۆنیەتیشی بەزاندووە، چونکە شتی زیادە داوە.

**٣– (شەوانە تا خەو دەمباتەوە خۆم لەژێر تریفەی زیوینی مانگدا بشۆم.)ل ٢٢٣**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە، چونکە خۆشوشتن بە ئاو دەبێ، نەك بە تریفەی مانگەشەو، لێکەوتەکەش ئەوەیە کە تریفەی مانگەشەو وەکو خوازەیەك لە جیاتی ئاو بەکارهێنراوە کە لەژێر تیشك و ڕۆناکیدا ڕۆح و ویژدانی خۆی خاوێن و ئاسوودە بکا.

**٤– ( هاوڕێکانم دەیانترساندم و دەیانووت: ئەوەندە خۆش خەیاڵ مەبە... گەر شتەکانیش نەگۆڕابن، تۆ ئەو کوڕەی جاران نیت و بینینی ئەمڕۆکەت بۆ شتەکان هی دوێنێ نییە، بەڵام کەسیان نەیان دەزانی کە لەناو مندا، لە شوێنێکی پەنهانی ڕۆحمدا، من هەر هەموو کەس و شوێن و زەمان و کۆی ڕووداوەکانم هەڵگرتووە، )ل٢٢٤**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای دووەم

زانیاری زیادەی داوە بەوەی کە هەموو یادوەرییەکانی لەیادە و لای خۆی هەڵیگرتووە، لەدێڕی کۆتایی ئەم دەقەش (ئەوان نەیاندەزانی لەناو مندا منداڵێك هەیە و هەرگیز گەورە نەبووە و نابێ.) لێرەدا بنەمای پەیوەندی بەزاندووە، بەلأم ئەو مەبەستییەتی بڵێ من هەرچەندە گەورەبووم بەلأم لە ڕووی هەست و سۆزەوە هیچ نەگۆڕاوم و هەر وەکو سەردەمی منداڵی خاوەنی هەمان هەست و سۆزم، هەر ئەمەش لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەیە.

**٥- (لەو هەموو شاخ و داخەی کە من بۆنی یەکەمین ساتە وەختی خەلیقەتی لێ دەهات، دڵم پڕ دەبوو لە گریان، ناشزانم بۆچی ئەوەندە سکم بە درەختە تەنیاکانی لاڕێگاکان دەسووتا، دەتووت چەند هەتیوێکی ڕووتی بەر هەتاو و بارانن،....) ل٢٢٤**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای دووەم

لێرەدا بنەمای چەندێتی بەزاندووە و هەندێ سیفەت و وشەی زیادەی بەکارهێناوە، بەلأم واتای دەقەکە ڕوونەو بەشێکە لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی. چەند وێنەیەکی میتافۆری تێدا بەرجەستە کراوە وەك دڵ پڕ بوون لە گریان و سکسووتان بۆ درەخت.

**٦-(جاران کە هێشتا هەرزە و خوێنگەرم بووم وام هەست دەکرد زوورگ و گردۆڵکەکان سینەو مەمکی ڕووتی چەند ژنێکی ڕاکشاون........ درەختەکانیش قژی پەخشی ئەو ژنە ڕاکشاوانە، ڕێ ڕێی تەلانە لووسەکانیش کە درێژ دەبوونەوە هەر کتومت دەتوت قۆڵ و باسك و قاچی ئەو ژنە شۆخانەن. دەکرێ خەیاڵم ئەوەندە و خراپتر و شەیتانی تر بووبێ.) ل ٢٢٤**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

لێرەدا نووسەر (قسەکەر) باسی لە سروشت و جوانی وڵاتەکەی دەکا بەجۆرێك کە هەموو ئەو دیمەنانەی کە لە سروشتی وڵاتەکەیدا هەبووە کە جاران بینیویەتی وێنەیەکی خەیاڵی وای لێ دروستکردووە کە بە دیمەنی ژنێکی جوان و قەشەنگی ڕاکشاوی بچوێنێ، کە لە خۆشەویستیدا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی باوەشی پیا بکا وەکو ژنێکی قەشەنگی ڕاکشاو.

**٧– (ئەو سروشتەم لێدەبوو بە سەدەها ئافرەتی ڕووت و خەوتوو .... کەچی ئێستا ئەو سروشتە غەمگین و تەنیاو پەژموورده دەبینم، لەوە دەچوو سەدەها پیاوی دلڕەق و خەنجەر بەدەست ئەو ژنە زۆر شۆخانەی ناو خەیاڵی منیان لە شیرین خەودا لەتوکوت کردبێ، لەبەرچاوانم ئەو ژنانە تەپا و تلێ لە خوێنی کەسکی خۆیان دەگەوزین .....) ل٢٢٥**

– بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

دیارە بەپێی واتای نەریتی گوتنێکی نادروستە لەوەی کە سروشت وەکو ئافرەت ڕووت و غەمگین و تەنیا و پەژموورده دەبێ، هەورەها پیاوی دڵرەق و خوێنی کەسك ، بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لەم دەقەدا وەکو چەمکێکی میتافۆری پەیوەست دەکرێ بە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتی، لێرەدا لێکەوتەکە دروستە لە ڕووی میتافۆرییەوە .

لێرەدا لێکەوتەکە ئەوەیە کە نێرەر ئەوە نیشان دەدا کە لەناخیدا بوونی منداڵی خۆی هەر ماوەتەوەو گەورە نابێ، چونکە هەموو یادگارییەکانی سەردەمی منداڵی بیرماوە، بەتاسەوەیە بۆی.

سروشت و ئافرەت، سروشت و خوێنی کەسك، بە یەکەوەی چوواندووە، لەرووی زمانییەوە ڕەچاوی بنەمای هاریکاری نەکردووە، ئەو لێکەوتەیەی لێدەکەوێتەوە کە ژنێك لە خوێنی کەسك گەوزاوە، جا ئەمە لەگەڵ لۆجیك ناگونجێ. وەرگر لێکەوتەی ئەوە دەخوێنێتەوە کە نێرەر زۆر تامەزرۆی ژنە، بۆیە سروشتیش لای بۆتە ژن، سەیری وێنەی سروشت دەکا وەکو وێنەی ژنێکی ڕووت دێتە بەرچاوی.

**٨– (زۆر دەترسام شاخەکان وەك ئەوەی لە پەمۆ درووستبووبن، ڕەشەبایەك لەناکاو هەڵبکا و ڕووەو بیبانەکانی دونیا بیان گوێزێتەوە و جگە لە دەشتێکی ڕووت و قاقڕ هیچی تر بۆ ئێمە جێ نەمێنێ.....)ل٢٢٥**

– بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ــ میتافۆر

بەکارهێنانی سیفەتی پەموو بە شاخ لە سوکی و ئاسانی گواستنەوەدا وەکو میتافۆر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشەبای لەناکاو ئەو شاخانە بگوازێتەوە بیابانەکان ئەمەش وەکو واتایەکی نەریتی ناپەسەند و

نادروست، بەلاَم وەکو ئاخاوتنێکی نانەریتی پەیوەست بە مەجازەوە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە دانیشتوانی کوردستانی بەشاخ و بە ڕەشەبا چواندووە.

**٩- (.....دەمویست دەیەها چاوی دیکە قەرزبکەم، تاکە شتێك کە ئیلهامم دەکرد و ببووە کەڵکەڵەی ڕۆحی هیلاك و غەریبم... تاکە خولیایەك کە بە درێژایی ئەو چەند سەعاتەو چەندین ساڵی مانەوەم لەدەرەوە کە هەر هەموو خەیاڵی منی داگیرکردبوو ئەوەبوو، کە ئەگەر ببێ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە مەڵبەندی منداڵی، یەکەمین هەوار کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە لەبیرم نەدەچۆوە، سەر ئەو خەرەندە بوو.) ل ٢٢٥**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

لێرەدا رۆح هیلاك نابێ و غەریبیش نابێ، بۆیە وەرگر تێدەگا مەبەستی هیلاکبوونی ڕۆح نییە بەڵکو هیلاکی مەعنەوییە، لەڕووی چەندێتییەوە زانیاری کەمی بەخشیوە و لە ڕووی پەیوەندیشەوە، غەریبی بۆ ڕۆح نابێ ، بۆیە ئەو زانیارییە بنەمای پەیوەندی بەزاندووە. بەلاَم لێکەوتەکە ئاشکرایە کە مەبەستی ( هیلاکی مەعنەوییە).

**١٠- ( هەرچەندە من دەمزانی کە هیچ شتێکی ئەوتۆم نییە کەس سەرسام بکا، جگە لە جانتایەکی چکۆڵەی شان کە پڕ بوو لە خەم و تاسە و ئارەزوو لە قەهر و غوربەت هیچی دیکەم پێ نەبوو، ، دەتووت ڕۆحی من وا لەناو ئەو خەرەندەدا عاسی بووە بەر لە چوونەوە بۆ ناو کەس و کار مەرجە ئەو ڕۆحە هەڵدێراوەم بدۆزمەوەو ئەوسا خۆم بە خزم و خوێش پیشان بدەم، ڕۆحێکی ساوا کە لەو چەمە بەخوڕ و سەرشێتەی ناو خەرەندەکە خنکا، ڕۆحێك پڕ فیز و منداڵانە کەوەك بزنە شێتەکەم هەڵدێراو هەپڕوون بە هەپڕوون بوو.) ل ٢٢٥**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ زیادەڕۆیی

لێرەدا نووسەر مەبەستییەتی بڵێ کە لەو ماوەیەی لە غوربەتدا ژیاوە، نەیتوانیوە شتێك لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە کە خەڵك و نیشتمانەکەی دڵخۆش بکا، چونکە ئەگەر بەپێی دەوروبەری فیزیکی بەتایبەتی

کات و شوێنی کوردستان و ئەو سەردەمە، کاتێك یەکێك لەدەرەوە دەگەڕایەوە، خەڵك بە بەخشینی دیاری و خەلاّتی گرانبەها دڵیان خۆش دەبوو یان بڵێن کەسوکاریان چاویان لە دەست و دیاری ئەوان بوو، بۆیە ئەم ئاخاوتنەی بەپێی ئەم دەوربەرە ئەو لێکەوتە ئاخاوتەییەی لێدەکەوێتەوە کە ئەو ئەوتوانایەی نەبووە. جانتا بۆ هەڵگرتنی شتی بەرجەستەیە، بەلاّم ئەو بۆ شتی مەعنەوی بەکارهێناوە، لێرەدا بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، بەلاّم خوێنەر، ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە مەبەستی ئەوەیە کە غەم و غەفەتی زۆرە، بەلاّم هەڵگرتنەکەی لە ناخیدایە نەك لەنێو جانتادا، عاسی بوونی ڕۆح لەنێو خەرەند بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە ، هەروەها نەبوونی بەڵگەیە لە ونبوونی ڕۆحەکەی چونکە خۆی ماوە و هەناسە دەدا قسەدەکا، بۆیە ئەم وتەیەی بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە، بەلاّم لێکەوتەکە ئەوەیە کە، ئەو ئەگەر بەجەستە لەوێ نەبێ، بەلاّم خەیاڵ و خولیای لەگەڵیاندایە، واتای خۆشەویستی ئەو دەگەیەنێ بۆ ئەو شوێنەی کە لێی ژیاوە.

١١- ( ئەو خەرەندە لە هەموو خەونەکانمدا بانگی دەکردم ، کە تاپیر نەبووم و نەمردووم بێمەوە بۆ دواجار لەو ئەفسوون و سیحرە پڕسام و ترسەی ڕابمێنم.... هەرواشم دەکرد، چەندین گەراج و قەمەرەم گۆڕی، هەر دەتووت نامەوێ خیانەت لەگەڵ یەکەمین مەنزڵگای خۆم بکەم، دەمویست وەفادارانە ئەو قەرزە گەورەیە بدەمەوە.....) ل ٢٢٦

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ بنەمای یەکەم

لێرەدا مەبەستی نووسەر بەوە ئاشکرا دەبێ کە شوێنی لەدایکبوونی ئەوەندە خۆشویستووە، وای لێهاتووە لە خەویشدا، حەزی کردووە سەردانی ئەو شوێنە بکا، ئەم لێکەوتەیش بەهۆی بەزاندنی بنەمای شێوازەوەیە، چونکە ئەو بەئاشکرا پێمان ناڵی حەزم لە گەڕانەوەیە، بەلاّم بە شێوەی خەون ئەو حەزەی خۆی نیشان دەدا. هەروەها نێرەر دەیەوێ بڵێت مانەوەی لە دەرەوەی ولاّت خیانەتە، چونکە دەبێ مرۆڤ بەرانبەر بە ولاّتەکەی وەفاداربێ و وەکو هاولاّتیەك خزمەت بە ولاّتەکەی بکا نەك ولاّتی بێگانە، کاتێ باسی قەرزدانەوەش دەکا مەبەستی لەوەیە کە مرۆڤ دەبێ خۆی بە قەرزاری مەڵبەندی نیشتەجێبوونی بزانێ و بەوەفا بێ بۆ خاك و ئاو، چونکە ئەو لەسایەی ئەو خاك و ئاوە

ژیاوە و لەبەروبەرهەمی ئەو خاك و ئاوەی خواردووە، دەبێ ئەویش خزمەتی بکا و قەرزەکەی بداتەوە، ئەمەش لێکەوتەکەیە.

**١٢- ( لەپەنجەرەی قەمەرەکەوە بەهەردوو بەری جادەکەدا دەمڕوانی و دەیەها ئەسپی مردووم بینی کە لێرەو لەوێ سەگەل تێیان وروکابوون، ...........لە هەموو ژیانمدا بەو ژمارە زۆرە ئەسپی مردووم نەبینیبوو، لەهیچ فیلمێکدا، لە هیچ ڕۆمانێکدا... لە هیچ شوێن و وڵاتێکدا.... دڵتەنگ و نیگەران لە شۆفێرەکەم پرسی:**

**"کاکی شۆفێر ئەو هەموو ئەسپانە بەچی مردوون؟"**

**.................. دواجار بەتەوسەوە وتی:**

**"ئەسپ نامرێ مامۆستا.... ئەسپ دەتۆپێ... بۆ جەوابی سوعالەکەشت، کەس نازانێ ئەم دەردە ئەسپە چییە لەو وڵاتەی مە بڵاوبوویتەوە...) ل ٢٢٦**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ توانج
- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

قسەکەر بەتەوس و توانجەوە باس لەمردنی ئەسپەکان دەکا، کە لە هیچ شوێنێ و لە هیچ فیلم و ڕۆمانێکدا شتی وانەبووە و ڕووینەداوە.

لەم گوتەیەش (ئەسپ نامرێ مامۆستا ..... ئەسپ ئەتۆپێ) بنەمای پەیوەندی بەزاندووە، گۆڕینی بابەتێك بە بابەتێکی دیکە، کە ئەسپ نامرێ، بەڵکو دەتۆپێ. بەکارهێنانی وشەی ئەسپ وەکو میتافۆر لەبری (مرۆڤ)، بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆری بەزاندووە، بەڵام لێکەوتەکە لێکەوتەیەکی ئاخاوتەیی نانەریتی نیشاندەدا، کە لە ڕێگای میتافۆرەوە مەبەستەکەی دەربڕیوە.

**١٣- (چەندین پایتەختی قەرەباڵغی دنیا، چەندین شار و گوندی ........ چەندین باڵەخانەی زۆر خۆش ...... سەدەها شاخ و کێو و ........چیاکانی ئەلب، هیمالایا، ڕووباری دانووب، تایمز،**

**ڕاین... ئەو خەرەندەو ئاسمان و ئاوەی لە خەیاڵی من دەرنەکرد. دەیەها کچی قەشەنگ و ....... نەیانتوانی شێوەی شیرینی (شیرین)م لە زەین کوێریکەنەوە.) ل ٢٢٨**

– بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم

ئەم دەقە هەرچەندە بەزاندنی بنەمای دووەمی چەندێتییە واتە زانیاری زیاد و ناپێویستی داوە، چونکە دەیتوانی بڵێ هیچ شتێك نەیتوانیوە، شێوەی شیرینم لەبیر بباتەوە، یان خەرەندم لەبیر بباتەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵێك دەستەواژەی ڕیزکردووە، کەواتە لێکەوتەی ئاخاوتەیی ئەم گوتنە ئەوەیە کە ئەو هەموو جوانییەی لە وڵاتانی غەریبیدا لە باڵەخانە و چیا و ڕووبارەکانییەوە، ناتوانن یەکەم خۆشەویست و شوێنی گەورەبوونی لەبیرو یادوەری ئەودا دەربکەن.

**١٤– (من هاتمەوە تاوەکو حەسارە تۆکمە و دامەزراوەکەی جاران ببینمەوە، حەسارێك گومانم هەبوو بەفر و بارن و هەتاو دایبڕزێنن، حەسارێکی بنیاتنراو لە بەردی شاخان، گومانم هەبوو بوومەلەرزەش لێی بدا برمێ، کەچی ئەوەی بینیم بەتەنها بناغەی هەڵتەکیوی حەسارەکە بوو کە لە هەندێ شوێن بستێك و لە هەندێ شوێنی دیکە دوو بست لە زەوییەکە بەرزببۆوە.) ل ٢٢٩**

– بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم

لێرەدا دەتوانین دوو جۆر لەو لێکەوتەیە بەدی بکەین، لێکەوتەیەك کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتییە، مەبەستی ئاسایی وێرانبوونی حەسارەکەی سەردەمی منداڵییەتی، لێکەوتەیەکی ئاخاوتەیی نانەریتیش کە چواندنی حەسارەکە بەوڵاتەکەیەتی کە پێشتر ئاوەدان بووە، بەڵام ئێستا لەلایەن دوژمنانەوە وێران کراوە و دێهاتەکان ڕووخێنراون و نیشانەی ئاوەدانیان پێوە دیارنەماوە، هەرچی بەزاندنی بنەماکانیشە لەهەردوو لێکەوتەکە بەزاندنی بنەمای چەندێتییە.

**١٥– (تۆ بۆدۆزینەوەی هێلکەیەکی ناو هێلانەکەی باوەشم ملی خۆت دەشکاند.) ل ٢٢٩**

**(هەر لێرەبوو نەنکت تەشی دەڕێست و دایکەش بەدەم خەمێکی هەمیشەو پەنهانەوە دەگریا.) ل٢٢٩**

– بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

ئەمەیان بەزاندنی بنەمای پەیوەندی و چەندێتییە، لە ڕووی پەیوەندییەوە وەرگر نازانێ هێلانە بۆ لەباوەشیەتی هەروەها لە ڕووی چەندێتیشەوە زانیارییەکان بایی ئەوە ناکەن کە وەرگر لە واتاکە بگا، دۆزینەوەی لێکەوتەکەش هێندە ئاسان نییە بۆیە دەبێ بۆ دۆزینەوەی وەرگر پشت بە دەوروبەر ببەستێ سەرەتا دەوروبەرە زمانییەکە وەربگرین، ئەگەر نا دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و دەروونییەکە، تا بزانرێ لە ڕووی دەروونییەوە نێرەر بۆ ئەو دەربڕاوانەی بەکارهێناوە. بۆ زانینی نیشانەی کەسی (تۆ) دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەیامەکە کە لەگەڵ کێ لە ئاخاوتندا بووە، کە مەبەستی ئەوەیە (تۆ) خۆیەتی کەسی نێرەر( خەرەندەکەیە) هەروەها گوتنەکەی خوارەوەش کە وتویەتی نەنکت، لێرەدا ئاشکرابوو، ئەو ئاخاوتنەی خۆیەتی لەگەڵ خەرەند، لێکەوتەکە ئاشکرا دەبێ کە مەبەستی نێرەر ئەوەیە بڵێ تۆ لەو کاتەی کە لێرە دەژیای دایکت خەمی هەبووە و بەیەکەوە لەگەڵ نەنکت خەمی خۆیان هەڵڕشتووە، سەبارەت بە هێڵکەی هێڵانە مەبەستی لە هێڵانەی باوەشی خەرەندەکەیە، لێکەوتەکە ئەوەیە کە بە منداڵی ئەو زۆر چەقاوەسوو بووە و دەستی خستۆتە ناو هێلانەکانی خەرەندەکەوە جا ئەو هەوڵەی ملشکاندنیشی لەدوا بوایە.

**١٦- (بەدوای دارهەنجیرەکەدا دەگەڕام کە بەتەنها دوو بست بەقەدی بڕاوی لە زەوییەکەوە هەڵتۆقیبوو، بەشەرم و ترسەوە لەنزیك ڕەگەکەیەوە چرۆیەکی تازەی دەرکردبوو، گەرەکی بوو وەك یادگارییەکانی من سەرلەنوێ دەنێو حەسارێکی واخاپووردا سەوزبێتەوە.)ل ٢٢٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

نووسەر لەگەڵ ئەوەی بینی ولاتەکەی بەوشێوەیە کاول و وێران بووە، بەڵام تروسکاییەك لە ئاوات و ئومێدی بەدیدەکرد، بەوەی کە بزووتنەوەی چرۆیەکی تازە - شۆڕشێکی تازە- سەری هەڵداوە وەك ئەوەی کە (نووسەر) لە خەیاڵیدا بووە کە سەرلەنوێ لە نێو وڵاتە خاپورکراوەکەی ئەو بزووتنەوە تازەیە گەشە دەکاو سەوز دەبێ، ئەمەش لێکەوتەی گوتنەکەیە.

**١٧- ( هەر بە مەزەندە چوومەوە سەر خاکی تەویلەی ڕماو، لەپاشماوەی قشپل دەگەڕام، لەخۆشترین ولآتانی دنیا دەچوومە گوندە دوورەکانی و دەکەوتمە دوا مەڕ و بزنەکان تاوەکو بۆنی قشپل بکەم کەمن بەدلّ ئارەزووم دەکرد، بۆنی قەرسەقول، بۆنی خوری مەڕ و تیسکی بزن و ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار باران لێی دەدا، لەو گەڕانەمدا، ئەو بۆنە کتوپڕ کەللەمی پڕکرد و لەڕۆحمدا غوربەتێکی قوولّ دەیگریاندم و دەیبردمەوە ئەو ڕۆژنەی کە شوانێکی زۆر چکۆلّە بووم.) ل ٢٣١-٢٣٢**

بۆن و بەرامەی ولآتەکەی لە بۆنی ـ پشقل و خوری مەڕ و تیسکی بزن.... تاد، دەبینیٚ بەجۆرێك ئەو بۆنە بە مندالّی گیرۆدەی ببوو کە هەمیشە حەزو ئارەزووی ئەو بۆنەی دەکرد، تەنانەت لە ولآتی غەریبیدا وێلّی ئەو بۆنە ببوو و بەدوایدا دەگەڕا، هەرکە ئەو بۆنەی بەسەردا دەهات، لەناخیدا هەست و سۆزی غەریبی هەلّدەستا و ئەو ڕۆژانەی بەیاد دەهاتەوە کە بە مندالّی وەکو شوانێك ئالّوودەی ئەو جۆرە بۆنە بووبیٚ.

**١٨- (هەر هەموو کوچەو کۆلآنەکانم پشکنی، هەر لەخۆوە بەکەمێك ترس و شەرم و گومانەوە دەستم هەلّدەبڕی و سلآوم لەو خەلّکە دەکرد کە لەوە دەچوو تازە بەتازە وەك من هاتبنەوەو کەلاوەو خانووە ڕووخاوەکانیان بخەنەوە سەرپیٚ، بەدەم نووشتانەوەو هەستانەوە، پاچ وەشاندن، قوڕگرتنەوە، ئارەقە سڕینەوە بەدەم کوفرو جوێنەوە،سکالآو گلەیی، نەفرەتکردن لەشەیتان.......... خودا هاوار هەردەتوت بومەلەرزەیەك لەو شارۆچکەیەی داوە و خاپووری کردووە، هەرکەسەو بەپەلەپەل دەیەویٚ کەلاوە ڕووخاوەکەی بخاتە سەرپیٚ.) ل ٢٣٢**

لێرەدا گەر بگەڕێینەوە بۆ دەوربەری زمانی لەم دەقەدا و دەوربەری فیزیکی، لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەو شوێنە دوای ڕاگوێزران و چۆلّکردنی، جارێکی دیکە خەلّکەکەی گەڕاونەتەوەو دەیانەویٚ شوێنەکەی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، هەر بەپێی ئەم دەوروبەرانە ڕووندەبێتەوە کە ئەم شوێنە بەزۆر دەرکراون لە شوێنی خۆیان نەك بەئارەزووی خۆیان بیٚ، چونکە پەلەپەل دەکەن لە ئاوەدان کردنەوەی، ئەم ئاوەدان کردنەوەیەش لەخۆیەوە نەبوو بەلّکو لە ئەنجامی گۆڕانێکی ناسروشتییە نەك سروشتی .

**١٩- (ئیدی من خەمم بوو بۆ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر ئەو خەرەندەی کە بەقەد ڕۆحی من قوڵ و ترسناك و پەنهان دەنوێنێ.) ل٢٣٢**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

لێرەدا بەپێی ئەم دەوربەرە زمانییە، نێرەر ئاماژەی بەوە نەکردووە، کەی ئەو خەرەندەی بەجێهێشتووە، بەڵام بەشێوەی نائاشکرا لێکەوتەی ئەوەی دەردەکەوێ کە لە خەرەند جیابۆتەوە چونکە باسی لە جێهێشتن نەکردووە، بەڵام باسی لە کاتی گەڕانەوە کردووە، واتە گەڕانەوەش بەبێ جێهێشتن نابێ، بەزاندنی بنەماکەش بنەمای چەندێتیە، لێکەوتەکەش پێشگریمانەییە کە لەو ئاخاوتنەی نێرەر بەدی دەکرێ.

**٢٠- (دوای ئەو هەموو ساڵە کۆڵانەکان دڵڕەقانە خیانەتیان لێ کردم.) ل٢٣٢**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر
- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

لێرەدا بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە، چونکە کۆڵان دڵڕەق نییە، ناشبێ، هەرچەندە ئەمە واتای خوازەیی هەیە، لێکەوتەکەش ئەوەیە مەبەستی کۆڵانەکە نییە بەڵکو خەڵکەکەیە، کە نایناسنەوە، نێرەر مەبەستی ئەوەیە خەڵکی ئەم شوێنە ئەویان لەبیر نەماوە و خیانەتیان لێکردووە، گەیشتن بەو لێکەوتەیە بەپێی دەوروبەری زمانییەوە ئاشکرا دەبێ ، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ گوتنەکانی پێشوو، چونکە لێرەدا بنەمای چەندێتی بەزاندووە، چونکە بەئێمەی نەوتووە، سەرچاوەی ئەم خیانەتە چییە لەم دەوروبەرەدا، بەڵام بەهۆی دەوروبەری پێشووی گوتنەکانی ئەم لێکەوتەیەش بەدی دەکرێ.

**٢١- (............... لەمەرگ وەئاگا هاتم) ل ٢٣٣**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتیی ـ میتافۆر

ئەم ئاخاوتنە بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە، چونکە لەمەرگ بەئاگا نایەینەوە، بەڵام بەپێی دەوروبەرەوە دەزانین مەبەستی لەمەرگ خەوە، لێکەوتەکە دەردەکەوێ ، کە بە مەجاز بەکاری هێناوە.

**٢٢- (............ خەونێكی بابردوو......... سۆزێكت لەكوێ دۆڕاندووەو چی بەسەر هاتووە؟) ل ٢٣٣**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

لێرەدا بەپێی دەوربەرەوە ڕوون دەبێتەوە مەبەستی لە خەونی بابردوو، ڕەنجی بابردووە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە، چونكە خەون و بابردن پەیوەندییان بەیەكەوە نییە لە لێكدانەوەی واتایی و لۆجیكیدا، بەڵام لە لێكدانەوەی پراگماتیكیدا لۆجیك دەور نابینێ، بۆیە دەبێتە لێكەوتەی ئاخاوتەیی و دەزانرێ مەبەستی ڕەنجە.

**٢٣- ( لەو ڕۆحە ڕووناكەوە زرینگانەوەیەك لە ترس و شەرم هەوای چوار دەورمی دەخستە سەر گێژەڵووكە......) ل ٢٣٤**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ لێڵی
- بەزاندنی بنەمای  پەیوەندی

لەم ئاخاوتنەدا بەزاندنی بنەمای شێوازە،  چونكە جۆرێك لە تەمو مژ لەم ئاخاوتنەدا هەیە، هەروەها بنەمای  پەیوەندیشی بەزاندووە، بەڵام لێكەوتەكە دەبێ بەپێی دەوروبەرەوە بزانین لەم ئاخاوتنەدا لە چ دەوروبەرێكی فیزیكیدایەو كەسەكان بناسینەوە، ئینجا مەبەستەكەی دەردەكەوێ، چونكە نێرەر زۆر پەنای بردۆتە بەر واتای شاراوە، كە لێكەوتەی ئاخاوتنەكانە، بەڵام وەرگر بەئاسانی ناگاتە لێكەوتەكان گەر ئاگاداری ئاخاوتنەكانی پێش و دواوەی نەبێ.

**٢٤- ( دەنێو كوێربوونی خۆمدا هەمیشە ئەو تارماییە ڕۆشنەم دەبینی كە ڕۆحی جوان و شیرینی ئەو بوو، ڕوویەكی ڕووناك  كە دووو مرواری ڕەش لە باق و بریقی خۆیاندا نواڵەیەكیان لەدەوری سەریدا ڕەسم دەكرد،...) ل٢٣٥**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ یەكەم
- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەكەم
- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لێرەدا تەم و مژ لە وتنەکەی هەیە کە بەزاندنی بنەمای شێوازە ، هەروەها لە چۆنیەتی و چەندێتیش زانیارییەکان بەپێی پێویست و پەیوەندار نین، بەڵام ئەم گوتنە هەواڵیە وەسفییە، بەپێی ئەو دەوربەرە دەروونییەی کە لە کەسایەتی نێرەر هەیە، ڕووندەبێتەوە کە باسی جوانی خۆشەویستەکەی دەکا، مەبەستی لەوەیە خۆشەویستەکەی زۆر پاك و ڕۆح شیرین بووە لە ڕووی ناخەوە، ئەگەر لە تاریکترین شوێنیش بێ ڕوناکی ڕوحی ئەو ناکوژێتەوە، واتە ڕوحی ئەو زۆر پاك بووە بەرانبەر بەو پاکییەکەی بەهیچ شتێك ناشاردرێتەوە، ئەمەش لێکەوتەکەیە.

**٢٥- (............ لەمنی کلۆڵ ڕادەما و خەندەیەکی خوار لە گۆشەی لالێویەوە دادەکەوت و وەك خوناو دەڕژایە ناو گوڵاوەکەو ڕۆحی ئاوەکەی شپرزە کرد.) ل ٢٣٥**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ یەکەم
- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

لێرەدا گوتنەکە جۆرێك لە تەمومژی تیایە و پەنای بردۆتە بەر مەجاز، بەپێی دەورەبەرەکان ئەو ئاخاوتنە لەنێوان ئەو خۆشەویستەکەی بووە، بەڵام لێکەوتەکە پێشگریمانەیی دەردەچێ و پێمان دەڵێ کە ئەو خۆشەویستێکی هەبووە و بەیەکەوە لەدیار گوڵاوێك سەرنجیان گۆڕیوەتەوە. دەقێکی وەسفی گێڕانەوەییە.

**٢٦- (نەنێ گیان ئەو پەرییەی تۆ وەسفی دەکەیت، چەند لە شیرینی دراوسێمان دەچێ! ئەو پتر زەندەقی دەبردم:**

**"منالێ مەبەو مەکەوە دوای..... وامەزانە خەونە و لێی وەئاگا دێی.... گەر یەکجار بکەویە دوای تارمایی ئەو پەرییە و فریو بخۆی ئیدی لە توخمی ئادەمییان دەتۆرێی!"**

**وازی لە ترس و تۆقاندنم دەهێناو بەزەیی و سۆزی دەجوڵاندم:"تۆ نەنێی خۆت بۆکێ جێدێڵی؟ من ئیدی حیکایەت بۆ کێ بگێڕمەوە تۆ پیرە باوکت بۆ پەرییەکی نەزان جێدێڵی،............. خۆ بەو خوای وا لەبان سەری هەر هەمووومان لەدوای تۆ بەسك دەدەین و دەمرین!"**

**ئەو دەیترساندم و کەچی هەموو شەوێك پەرییەك دەهاتە خەونم، منیش دەبووم بە کوڕەکەچەڵی ناو حیکایەتەکانی نەنکم........) ل ٢٣٦**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ یەکەم
- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لێرەدا لەگەڵ نەنکی لە ئاخاوتندایە بەپێی ئەو ئاخاوتنەی نێوانیان کە بەزاندنی بنەمای شێوازە چونکە تەمومژ بە قسەکانیانەوە دیارە، بەلاّم لێکەوتەی ئاخاوتنەکەیان ئەوەیە کە ئەو لە خۆشەویستی خۆشەویستەکەی وای لێهاتووە وەکو شێتی لێ بێ و بە کێو و چیا کەوتووە، خۆشەویستەکەی لێ بۆتە تارمایی هەمیشە لەبەرچاویەتی ، ئەوانەی بەم شێوەیەش هەڵس و کەوت بکەن دوور دەکەونەوە هەڵسوکەوتی مرۆڤی ژیر. هەرچەندە لەو ئاخاوتنیەی لەگەڵ نەنکی بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی و شێوازی تیایە، بەسکدان و مردن، بەکارهێنانی خوازەییە، چونکە مەبەستی مردنی ڕاستی نییە، لێکەوتەکەش ئەوەیە لە دەڤەری ئەو و لەسەردەمەدا خۆشەویستی کردن قەدەغە بووە، ئەو مەبەستی کوشتنی بووە کە دەڵی پیرە دایکت بۆ کێ جێدێڵی.

لێکەوتەیەکی دیکەی ئەم ئاخاوتنە ئەوەیە، کەوا نووسەر حەزوو ئارەزووەکانی لە ولاّتانی رۆژئاوا ــ هەندەران ــ دا دەبینی، کە هەمیشە وەك پەرییەك دەهاتە بەرچاوی و بەردەوام ئارەزووی دەکرد بەدوای بکەوێ، چێژو خۆشی حەزەکانی لەوێدا بمرێنێ، هەرچەندە نەنکی ــ لەوانەیە مەبەستی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی بێ ــ ئامۆژگاری دەکرد کە نەکا ئەو پەرییە فریوی بدا و لە نیشتمان و ولاّتەکەی دووری بخاتەوە، دیارە هەر بەدوای حەزو ئارەزووەکانی کەوتووە و کەس و کار و نیشتمانەکەی بەجێهێشتووە.ئەمەش بەپێی ئەو دەوروبەرە زمانییەی کە لەدەقی دواتر دێ زیاتر ئەم مەبەستە ڕووندەکاتەوە.

**٢٧– (..... چەندە سەیرە... چەندە لەوە دەچێ من ئێستاکەم درێژکراوەی خەونێك بێ لەو خەونانەی تیایدا تا ئەبەد بزربووبم. لەوە دەچێ هەر هەمان سزابێ، سزای ئەوەی بەگوێی نەنکم نەکردووەو لەخەونێکمدا کەوتبێتمە دوای پەریزادەیەکی فریودەر، هەر بۆیە هاتوومەتەوە سەر**

**شارۆچکەیەکی وێران.... بەناو قوڕاودا ڕێ دەکەم و ناگەمە هیچ شوێنێك نەکەس دەناسم نەکەس دەمناسێ، کوان خوشك و براکانم؟کوا گۆڕی دایك و باوکم......... خۆمن لە خەودا نەمدی شێوەی شیرینی دولبەرێك.... کچێکی جوان پەری پەیکەرێك..) ل ٢٣٧**

– بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم

لێرەدا نووسەر سەرسامی و پەشیمانی نیشان دەدات لەوەی کە چۆن بەدوای ئەو پەرییە کەوتووە، ئێستا کە تێیدا دەژیت، ژیانێك کە هەتا هەتایە لەناویدا بزربووە و خۆی تیا نابینێتەوە، ئەم کارەشی کاردانەوەی ئەوەیە کە بەقسەی نەنکی نەکردووە، سزاکەی ئەوەیە کە هاتۆتەوە سەر ولاَتێکی وێران و کەس نایناسێ و نازانێ خوشك وبراکانی چییان بەسەرهاتووە، سەرسامی و پەشیمانییەکەی بەرادەیەك بوو کە لە خەون و ئاواتەکانیدا هیچ کچێکی جوان و پەیکەر ڕێکوپێکی نەدیوە وەکو شیرینی خۆشەویستی تەمەنی هەرزەکاری خۆی بێ. لێکەوتەکەش ئەوەیە ژیانی ئێمە، هێندە کارەسات و ڕووداوی ناسروشتی بەسەرداهاتووە، کتومت لە حیکایەتە ئەفسانەییەکان دەچێ و لای ئەو وەکو ئەوە وایە درێژکراوەی حەکایەتەکانی نەنکی بێ.

**٢٨– ( چ ونبوونێکە کەسێك نییە پێت بلّێ :**

**" ئا کابرا، فەرموو لادە.... کۆتکە دۆیەك.... جامە ماستاوێك"**

**یەکێکی دیکە لێت بپرسێ:**

**"ئەرێ ناکرێ گەورەمان کەی؟ خۆ جگە لەنانو پیاز و تەماتەش هیچی دیکەمان نییە..."**

**یەکێکی دیکە هەڵیداتێ:**

**جا قوربان میوانی ناوەخت نانی لەسەر خۆیەتی!"**

**ئاه... چەندە لەمیوانێکی ناوەخت دەچم، چەندە بەدو ناشیرین و ئێسك گرانم.) ل ٢٤١**

– بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ توانج

توانج لەو کەسانەی کە ئێستا وەکو جاران نەماون. لێرەدا نووسەر دەیەوێ ئەو دیمەنە نیشان بدا کە وەکو کەسێکی وێڵ و سەرگەردان هاتۆتەوە چ جیاوازییەك بەدیدەکات لەنێوان مرۆڤەکانی پێشوو و ئێستادا، بەتایبەتی لە ڕێزگرتن و میهرەبانی و هەڵس و کەوت و ڕەفتاری پیاوانەیان...تاد، ئەوە دەردەخا ئێستاکە پاش گەڕانەوەی ئەو دابونەریتەی پێشوو گۆڕاوە و نەماوە، هەر بۆیە گلەیی و گازاندە لەخۆی دەکا و خۆی بە کەسێکی نامۆو میوانێکی ناوەخت دەدەنێ، سەرباری ئەوەی کە کەسێکی خراپ و نالەبار و ئێسك گرانە. ئەم بەراوردکردنەش لێکەوتەی ئاخاوتنەکەیە.

**٢٩- ( ڕاستە کۆڵانێکی تەنگەبەر منی گەیاندە سەر مەزارەکەی"چاکی پەڕۆ"... سەیرە... لەدوای ئەو هەموو خەراباتە دواجار گەیشتمە شوێنێك وەکو خۆی مابۆوە، ئەو مردووەی ناوگۆڕەکە هەر کەسێك بێ، چ دزو چەتە، پیر و پیاو چاك.... بەچرپەوە پێی دەوتم کە لە هەموو ئەو پیاوانە زیندووترە کە پاچ و پێمەڕە دەوەشێنن، بەڵگەش نەڕمانی ئەو گومەزەیە وا بەسەر سەرییەوە.)ل ٢٤٤**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

لەم ئاخاوتنەدا لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە مرۆڤەکانی پێشوو کەسی سادە و ساویلکەبوون باوەڕیان بە گۆڕی پیاوچاك و پیر هەبووە و پەڕۆیان لەسەر گۆڕەکانیان دادەنا، بۆیە ئەو گۆڕە ناونراوە (چاکی پەڕۆ)، هەروەها لێکەوتەیەکی دیکە ئەوەیە ئەو خەڵکە بێ ئەوەی بزانن ئەو گۆڕە هی کێیە و خاوەنەکەی چ جۆرە کەسێك بووە، گرنگ بەلایانەوە ئەوە بووە، گۆڕەکەی پەڕۆی پێوەکراوە، کە نیشانەی پیاوچاکان بووە، لێکەوتەیەکی دیکە ئەوەیە، کە ئەو پیاو چاکە خاوەنی موعجیزە بووە، ئەوانەی پاچ و پێمەڕەیان بەدەستەوە بووە نەیانتوانیوە گومەزەکەی بڕوخێنن و لەوان بەهێزتر بووە، مەبەستیشی لەمە ئاماژە کردنە بەشۆفل و بلدۆزەری سەردەمی ڕژێمی پێشووە کە دێهاتەکانیان وێران کردووە، بەڵام نەیان توانیوە شوێنە پیرۆزەکان تێك بدەن.

**٣٠- (....( لەعلی خان ): چ ژنێکی مەندو لەسەرخۆ ، شاعیر و بەندبێژ، لاوانەوەی لەسەر مردووەکان بەردی دەتواندەوە.) ل ٢٤٥**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لێرەدا نووسەر بنەمای چۆنیەتی بەزاندووە، لە بەکارهێنانی لاواندنەوە بۆ تواندنەوەی بەرد، بەڵام لێکەوتەکە ئەوەیە، ئەو کەسایەتیە کەسێکی هێندە بەسۆز و کاریگەر بووە لە شین و لاواندنەوەدا تەنانەت هەست و سۆزی ئەو کەسانەشی بزواندووە کە بە دڵڕەق ناویان دەرکردووە.

**٣١- ( .... وەك لە حەکایەتەکانی نەنکم ڕوودەدا، ببمە ئەو فەرهاد-ەی کێوی بێستوون کون دەکا و ڕووبارێك بەدیاری بۆ ئاوایی خنکاو دێنێ....) ل ٢٤٦**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

ئەمە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی نیشان دەدا کە حەزی کردووە ببێتە پاڵەوانی چیرۆکەکانی نەنکی، بەڵام لەو ئاخاوتنەی ئاماژە بە چیرۆکی فەرهاد و کێوی بێستوون، ئاماژەیە بۆ بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی و وشەی (ڕووبار)ی بەکارهێناوە وەکو دیارییەك دەیبا بۆ ئاواییەك کە بێ ئاو و خنکاون. مەبەستی نووسەر ئەوەیە ولاتەکەی ئەویش پێویستی بە فەرهادئاسایەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕووبارەیان بۆ بهێنێ کە بەخوازە بەکاریهێناوە.

**٣٢- (.... دایکم دەیوت" چیقن ساڵ بەساڵ لەبری ئەوەی گەورە بێت... دەچی بەناخی ئەرزدا.... هەر دەڵێی لێت دەگرنەوە ! ")ل ٢٤٦**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لەم گوتنە( دەچێ بەناخی ئەرزدا) بەکارهێنانێکی میتافۆرییە، لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەی درێژنەبوونی بالأیەتی لەماوەی چەند ساڵێکدا. هەروەها لێکەوتەیەکی دیکەی ئەوەیە کە دایکەکە پێی ناخۆشە کوڕەکەی بەو شێوەیە وردیلە و بچووکە و چاویان لەوەبووە کوڕەکەیان زوو بەزوو باڵابکا و گەورەبێ.

**٣٣- ( وەلێ لەو دەیەها خەونە خۆشەی نەنکم لەرۆحما دەیچاند، یەکێکیان نەهاتەدی) ل ٢٤٦**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لەم گوتنەدا، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەری زمانی کە ئەو خەونە خۆشانە چین، ئەگەر نا دەبێتە هۆی بەزاندنی بنەمای چەندێتی چونکە، نازانین خەونە خۆشەکە چییە، بۆیە وەرگر گەر نەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری زمانی پێشتری دەقەکە کە باسی لە خەونەکان کردووە، ئەوسا لەمەبەستەکەی دەگا، لێکەوتەکە لێکەوتەیەکی نەریتییە، واتایەکی ئاساییی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو میتافۆرەی کە بەکاری هێناوە لە چاندنی خەون، دیسان بنەمای چۆنییەتی میتافۆری بەزاندووە، لێکەوتەکەش ئەوەیە ئەو نەخشەو ئاواتانەی لەگەڵ نەنکی بۆخۆی داینابوو بێتەدی، هیچیان نەهاتۆتەدی.

**٣٤- ( خوا بتگرێ نەنێ گیان ... حەکایەتەکانی تۆبوون کە ملی منیان شکاند، تا ئەمڕۆکە و تا ئەبەد منیان فریودا، یەکەمین حەکایەتی عیشق و سەفەری تۆ کەللەی منی پڕ خەیاڵ کرد و ....هەتا هەتایە دەستخەڕۆی کردم.) ل ٢٤٨**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

لێرەدا بنەمای چۆنییەتی بەزاندووە و میتافۆری بەکارهێناوە لە ملشکاندنی بەهۆی حیکایەتەکانی نەنکییەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ بەلاڕێبردنی. مەبەست لەم دەقە ئەوەیە قسەو حەکایەتەکانی نەنکی وایان لێکردووە کە فریوبیدەن و سەفەر بکاو بەرەو وڵاتی غەریبی بڕوا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی ئەو سەفەرەش هیچ لە ئاواتەکانی بەدی نەهاتووەو ڕەنجبردەو دەستخەڕۆبێ، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەو لێکەوتەیە دەبێ پشت بەدەوروبەری زمانی ببەستین بۆ ئەوەی بزانین ئەم حەکایەتانە چی بوون، هەروەها دەوروبەری کۆمەڵایەتی، تاوەکو بزانین پەیوەندی نێوانیان چۆن بووە، بۆ ئەوەی بزانین پەیوەندییەکەی بەو شێوەیە بووە، کە نەنکی باسی عەشقی بۆ بکا، واتە جگە لەنەنکی هاوڕێیەکی نزیکیش بوون، بۆیە نەنکی چەند حەکایەتی عیشقی بۆ گێڕاوەتەوە.

**٣٥- ( هەموو جارێك کە چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە هۆن هۆن دەگریا.**

**من دەمپرسی:"نەنێ بۆچ لە کۆتایی هەر حیکایەتێك ئەوەندە دەگریت..!" هەر ئەوەندەی دەوت کە عیشق جگە لە گیرۆدەبوون و دەردەدڵ هیچی دیکە نییە...) ل ٢٤٨- ٢٤٩**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

وەڵامنەدانەوەی بەپێی پێویست، واتە زانیاری پێویست لەبارەی پرسیارەکە نەدراوە، واتە بنەمای هاریکاری چەندێتی ـ یەکەم بەزێنراوە، لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەی ئەوەیە کە کەسێك عاشقی کەسێکی دیکە بێ جگە لە ناخۆشی و دەردەسەری و نەهامەتی هیچی دیکەی لەدواوە نییە.

**٣٦- ( دەمپرسی: "نەنێ گیرۆدەبوون چییە!"**

**نەی دەزانی چۆن کەللەپوتێکی وەك من حاڵی بکا ... دوای دەیەها جار لە پرسیارکردن وتی: وەك ئەوە وایە بزنە شێتەکەی تۆ لە ڕاستەڕێ لابداو بگاتە سەرهەڵەمووتێك، شوێنێکی زۆر عاسێ دەها گیرۆدە دەبێ کە نەتوانێ بگەڕێتەوە ناو مێگەلەکەت، خۆ ئەگەر بشیەوێ بجوڵێ و بڕواتە پێشێ بکەوێتە ناو خەرەندەکە و هەڵدێرێ.) ل ٢٤٩ ــ ٢٤٨**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

زانیاری زیاتر دراوە لەوەی کە پێویستە، بێئەوەی لە پرسیارەکەدا داوای ئەو زانیارییەی لێ بکرێ.

کەواتە لێرەشدا بەزاندنی بنەمای چەندێتییە، بەڵام زیاتر لە پێویست بووە نەك وەکو پێویست، لێکەوتەکەش ئەوەیە کەنەنکیشی عاشق بووە، هەروەها کەسی عاشق وەکو شێتی لێ دێ و سەری لێ دەشێوێ و لە ڕاستەڕێ لادەدا، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی فەوتان و لەدەستدانی ژیانی خۆی.

**٣٧- ( دیسانەوە دەمپرسی:**

**"نەنێ گیان عیشق و گیرۆدەبوون و عاسێ بوونی بزنە شێت کەی وەکو یەکن." دەیووت:**

**" با ، کەسی عاشق چ پیاو بێ چ ژن، وەك بز شێتەکەی تۆ وایە.. جاری وا هەیە چڵەگیایەك لەسەر دوندێك، کۆتایی کوێرەڕێیەك فریوی دەدا. دەکرێ تۆ بزنەکەبیت و هەموو دەوروبەرت سەوزە گیابێ، مێرگی تەڕوپڕ، کەچی تەماعی چڵەگیایەکی لەعنەتی لە جێگایەکی زۆر عاسێ بتبات،...) ل ٢٤٩**

-بەزاندنی بنەمای چەندێتیی ـ دووەم

– بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

پێدانی زانیاری زیاتری لەوەی کە پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە. لەم گوتنەدا، ئەو مەبەستەی لێدەکەوێتەوە کە کەسی عاشق وەکو شێتی لێ دێ، بەجۆرێك کە بەری چاوی کەسی تر نابینێ، ئەگەرچی دەیان کەسی جوان و ناسکی دیکە لەدەوروبەریدا هەبێ، تەنیا هەر ئەو کەسە دەبینێ، کە عاشقی بووە، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێ، ئەو کەسە بەرەو ئاوات و هیوایەکی نادیار دەیبا.

**٣٨– ( بە فیزی منالێکەوە دەموت:**

**" بەڵام نەنێ .... من دەزانم ئەوە هەڵدێر و هەڵەمووتە... بەس بزنەکە نازانێ." .......**

**" ئێ خۆ دەزانم تۆ لە بزنەکە عاقڵتری ... بەڵام ئەی لەخۆت ناپرسی ئەو بزنە هارەی تۆ بۆچی لە ڕاستە ڕێ لادەدا و ئەو هەموو سەوزەگیایە بەجێ دێڵێ و ملی خۆی بۆ چڵە گیایەك دەشکێنێ کەلەسەر بەردێك روواوە.؟!") ل ٢٤٩– ٢٥٠**

– بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ توانج.

لەم گوتنەدا (ئێ خۆ دەزانم تۆ لە بزنەکەعاقڵتری)، لێرەدا ئەو و بزنەکەی لەیەك ئاست داناوە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای چۆنییەتیە، بە توانجەوە ئەم قسەیەی کردووە، چونکە نابێ بەراوردی ئەو لەگەڵ ئاژەڵێك بکرێ، وەکو گاڵتە پێکردنێکیشە، کە ئەمە ڕاستیەکە بەیەکەوە بەراوردبکرێ، هەروەها ئەو پرسیارەش نابێ بکرێ، چونکە ئەوە ئاژەڵە و نازانێ مەترسی چییە، بۆیە ئەو کارە دەکا. ئەم گوتنە لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە دەزانم تۆ لە بزن عاقڵتری، بەڵام کەچی تۆش وەکو ئەو تەنیا بەدوای ئەو کچە دەکەویت، کە دەشزانی زۆر ئاستەمە وەکو ئەوە وایە گیایەك لەسەر بەرد ڕووابێ و لە شوێنێکی زۆر ئاستەم بێ کەچی بەدوایدا ویڵی و ئەگەر چی دەشزانی لەوانەیە ئەنجامەکەی ملشکانی تیابێ وەکو بزنەکە.

**٣٩– ( کە من دەموت: " نەء.... نازانم!"**

**نەنکم بەلاقرتێوە دەیوت:" چونکە کوێرایی داهاتووە!")** ل ٢٥٠

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ ئاماژە
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

ئەم دەقە پەیوەست بەدەقی پێشوو واتە بۆ دەوروبەری زمانی بگەڕێینەوە، بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییە، چونکە وەڵامی پرسیارێکە لەبارەی لەلاڕێ لادانی بزن، بەڵام ئەو وەڵامەکەی کوێرایی بوونیەتی، ئەم وەڵامە لە بنەمای چۆنیەتی لایداوە، چونکە بەڵگەی تەواوی نییە کە ئەو وەڵامە ڕاستە یان پەیوەندی بەر پرسیارەکەی ئەوەوە هەیە. هەروەها لەبنەمای پەیوەندیش لایداوە، چونکە لێکەوتەکەش مانای ئەوەیە کە هەر بوونەوەرێك کە ببێتە هۆی لەناودانی خۆی، وەکو ئەوە وایە کوێر بێ و بەلاڕێ بڕواو بکەوێتە چاڵێکەوە، کە مەبەستی لە مرۆڤی بەتەماعە و تەماع چاوی کوێر دەکا، واتە کوێرایی هاتووە و چاوی هیچ کەسێکی دیکە نابینێ و کوێرانە بیر دەکاتەوە، کەلەوانەیە ئەنجامێکی خراپی هەبێ.

**٤٠– (هەمیشە لەوم دەبیست کە شوانەکان یان عاشقی گەورەیان لێ دەردەچێ یاخود دەبنە شاعیر ..... دەمپرسی:**

**"بۆچی وایە نەنێ؟"**

**دەیوت:"شوانەکان هەمیشە بەتەنیان، چ لەبیابان بن و چ لەناو شاخ و داخان، ئەوان وەکو مە پیس نابن، دوورن لە درۆ و دەڵەسەو فڕوفێڵ، شوان کوڕی ئاو و گڵە، یەکەم کەسە خۆری لێ هەڵدێ و ... لێی ئاوا دەبێ، لەزمانی حەیوانەکانی خۆی حاڵی دەبێ..." ل ٢٥٠ ــ ٢٥١**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم
- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ دووەم

لێرەدا زیاد لە پێویست وەسفی شوانەکانی کردووە، واتە زیادەڕۆیی لە وەسفی کەسایەتی شوانەکان کردووە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای چەندێتییە بە پێدانی زانیاری ناپێویست، هەروەها بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی، ئەو زانیارییانەی کە داویەتی بەڵگەی تەواوی نییە، دروستن یان نا.

ئەم گوتنە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە کۆمەڵگاکە پیس بووە و ئەوەی بەتەنیا و دوور لە کۆمەڵگا بژی، بە پاکی دەمینێتەوە، جا ئەوانە شوان بن، یان هەرکەسانێکی دیکەبن، واتە ئەوانەی لەگەڵ سروشت ئاوێزانن دوورن لە خراپە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن کە تێکەڵ بەیەکتر دەبن، دڵ و دەروونیان پیس دەبێ.

**٤١– ( دەمویست بزانم ئەو کە باشترین حەکایتخوانی چیرۆکەکانی عیشقە بەحەزلێکردن شووی بە باپیرم کردووە...دەیووت:" ببڕێتەوە ڕۆڵە...... لەدوای مردووان قسەی خێر باشترە... باپیرت پیاوێکی خەراپ نەبوو") ل ٢٥١**

– بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە چونکە لە وەڵامەکەدا هیچ زانیارییەکی دەستنەکەوتووە، هەروەها وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە، بەڵام دەبێ وەرگر بەرێگایەکی دیکە، بزانێ کە نێرەر مەبەستی لەوە چییە، هەرچەندە نێرەر دەیەوێ خۆی لەو وەڵامە بدزێتەوە، بەڵام ، ئەم گوتنە (لەدوای مردووان قسەی خێر باشترە) ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ، ئەگەر زیندوو بوایە شتێکی تری باس دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی مردووە، باقسەی خێری بۆبکەین، بۆیە ئەوکەسەی کەبەشداری ئاخاوتن دەکا، دەبێ شارەزایی هەبێ و بتوانێ ئاخاوتنەکان شی بکاتەوە و وەڵامی دروست بەدەست بهێنێ، ئەگەر وەڵامی ڕاستەوخۆش نەبێ، بەشێك لە وتنەکان دەکرێ وەڵامەکەی لێ هەڵێنجێنین، کە دەشڵێ( باپیرت پیاوێکی خەراپ نەبوو) واتە ئەو عیشقە لەگەڵ ئەو نەبووە کە باسی دەکا، چونکە ئەم جۆرە قسانە ئەوەی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی مەبەستیشی نەبێ، بەڵام بەگوێرەی ئەو وەڵامە هەر ئەوەی لێدەکەوێتەوە.

**٤٢– ( حیکایەتی ئەو خۆ شێتکردنەم بۆ گێڕایەوە...... پێی وتم:**

**"باوکی شیرین پێی بزانێت بەیەك گوللە سەرت هەڵدەگرێ... خۆت دەزانی چ پیاوێکی دڵڕەقە!") ل ٢٥٥**

– بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ دووەم

بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە، چونکە وتنی ئەم هەواڵە مەرج نییە ڕاست بێ، هەروەها دڵنیاش نییە، کە دەیکوژێ یان نا، ئەمە ترساندنە، بەڵام لێکەوتەکەی ئەوەیە کە ئاگای لەخۆی بێو دوور بکەوێتەوە لە شیرین، چونکە دەزانێ کە باوکی شیرین دڵڕەقە و خراپی بەسەر دەهێنێ. نووسەر لێرەدا مەبەستێکی دیکەی هەیە، ئەوەیە کە لەو دەڤەرەی ئێمە عیشق خۆشەویستی ئەنجامەکەی کوشتنەو خۆشەویستی بۆ کچان شتێکی قەدەغەکراوبووە لەو سەردەمەدا.

**٤٣- ( پەلاماری گورگم دەکرد بەبیانوو، دەنێو قاو و قیژ و ترس لە گورگی لەعنەتی باسکم لەناو قەدییەوە وەردێناو بەیەکەوە ئەو ناوەمان گێرەدەکرد و من بابەخولەم بەشیرین دەکرد.) ل ٢٥٦-٢٥٧**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییەو بەکارهێنانی وشەی(گێرەکردن) لەبری سووڕانەوە، ئەم وشەیەش بۆ مرۆڤ بەکارنایەت، بەڵکو بۆ وڵاخ بەکاردێ. ئەم گوتنەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەسەکە(پاڵەوانەکە) یاریکردنی گورگ و مەڕی بەهەل قۆستۆتەوەو باوەشی بەخۆشەویستەکەیدا کردووە و بەئارەزووی خۆیان سووڕاونەتەوە.

**٤٤- ( "ئەها پۆلەکەمان دەڵێی گولزاری بەهەشتە !**

**زراری ئیبلیس دەیووت: نا ... نا گوڵزاری گووە !") ل ٢٦٠**

-بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ ئاماژەکردن

لادانە لە بنەمای چۆنیەتی، ئاماژەکردن، بەکارهێنانی گوڵزاری بەهەشت بۆ پۆل، بێگومان پۆلیش نابێ بە گوڵزاری بەهەشت، ئەمەش بۆتە پەستبوون و تووڕەبوونی (زرار) لەو گوتنە نادروستە، بۆیە بە گوتنێکی هەڵەش وەڵامی داوەتەوە کە (گوڵزاری گووە). لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەپێی دەوربەری کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەروەها فیزیکیش، گوتنی( گوڵزاری بەهەشت) مانای ئەوە دەگەیەنێ ئەو دڵی خۆشە و دڵی بە پۆلەکەش خۆشە، ئەویش لەبەرئەوەی (شیرین)ی تێدایە، بۆیە ئەو پۆلەی لا

خۆشەویست بووە، بەلاّم بەلای (زرار)ەوە، چونکە پۆلەکەی پیّ خۆش نییە وەکو ئەو بۆیە لای وەکو (گولّزاری گوو) وایە، هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییە، بەلاّم ئەویش لێکەوتەی ئەوەیە خاوەن گوتنەکە، دلّی خۆش نییە، هەر شوێنێك گولّزاریشی لیّ بیّ لای ئەو ئەم بایەخەی نییە.

**٤٥– (هاتووم شیرین لە ئێوە بخوازم ... ئەوانیش هەرهەموو ... بەباوکی شیرین ـ یشەوە، پێم بلّێن: " پیرۆزە و... حەلاّلّە") ل ٢٦١**

–بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

بەزاندنی بنەمای چەندێتییە، چونکە زانیاری تەواو و پێویستی نەداوە، ئەم گوتنەیە ئەوە نیشاندەدا کە ئەو مەبەستی لە هاوڕێیەتی کردنی شیرین ئەوەبووە، کە گەورە ببیّ بچێتە خوازبێنی و باوکیشی ڕازی بیّ لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە.

**٤٦– ( ئەو ڕازە شەرمنانەم لە دلّما دەشاردەوەو نەبا پێم پیّ بکەنن، شەوانەش بەدزییەوە دەمبردنە ژێر لێفە شڕەکەم ) ل ٢٦١**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتیی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی سیفەتی(شەرم) بۆ ڕاز و نهێنییەکانی و شاردنەوەی لەناو دلّیدا، هەروەها بردنی ڕازەکانی بۆ ژێر لێفە، ئەم گوتنە مەبەستی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەو کەسە هێندە شەرمن بووە نەیتوانیوە ڕازەکانی بدرکێنن ئەویش ترس بوو لە گالّتە پێکردن، واتە ئەو کەسایەتی بەهێزی نەبووە و هەستی بەلاوازی خۆی کردووە بەرانبەر بە دەوروبەرەکەی، بۆیە بەشێوەیەك بووە شەوانەش بە دزییەوە بردوویەتییە ژێر لێفەوە و بۆخۆی لەدلّی خۆیدا گێڕاویەتیەوە، هەرچەندە ئەم گوتنە بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییە، بەلاّم لێکەوتەیەکی دیکەی ئەوەیە کە کەش و هەوای ئەو مالّەی ئەوان هێندە گونجاو و تەبا نەبووە، یانیش هاوڕێیەتی نەبووە و هەمیشە لەتاکەکانی نێو خێزانەکەی ترساوە کە ڕازەکانی بدرکێنیّ، واتە لەو مالّەدا هاوڕیّ و هاوخەمێکی نەبووە، مەگەر نەنکی نەبیّ.

**٤٧– ( وەکو ئەسپێکی ماندوو لەغاردا هەردوو پەڕەی ئەستووری لووتی بە لەرزە لەرز کەوتن، پرسی:**

**" سەگباب..... تۆ شوانی چەند مەڕ و بزنانی؟"**

**بەدەم هەنسکەوە وتم " شەست.. پەنجا... چل .... سی... نە بوەستە مامۆستا ... بە بزنە شێتەکەوە چل و چوار .... یان چل و پێنج..."**) ل ٢٦٢

– بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ یەکەم

– بەزاندنی بنەمای شێواز ـ ناڕێکی لە گوتن

بەزاندنی بنەمای چەندێتییە، هەروەها بەزاندنی بنەمای شێوازیشە بەهۆی ناڕێکی لە گوتندا، لێرەدا زانیاری ناتەواو و نا پێویست دراوە، هەروەها ناڕێکی لە گوتنەکانیدا بەدی دەکرێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەسەکە لە ترس و شپرزەییدا بەرانبەر بە تووڕەبوون و هەڵچوونی مامۆستاکەی وای کردووە وەڵامەکەی وەکو پێویست نەبێ، لێرەدا نووسەر دەیەوێ وەسفێکی مامۆستاو خوێندکاری سەردەمی منداڵی ئەومان بۆ بکا، کە مامۆستا چ ترسێکی لەناو دڵی خوێندکار چاندووە، هەروەها جوێنیش لەولاوە بوەستێ، هەتا کارگەیشتۆتە جوێن بەباوکیش بوترێ، هەروەها مامۆستا لە وانەی بیرکاری هۆکارەکەی بەکارهێنانی مەڕو بزن بووە لەبری هۆکاری دیکە، لێکەوتەیەکی دیکە ئەوەیە، خوێندکارەکەش مامۆستاکەی خۆش نەویستووە، چونکە ئەو وەسفە بۆ کەسێکی بێزراوەکاتێ دەڵێ( پەڕەی ئەستووری لووتی) واتە مامۆستایەکەی کەسێکی لووت ئەستور بووە، ئەم جۆرە وەسفەش ناتەبایی و ناخۆشەویستی لەگەڵ مامۆستاکەی نیشان دەدا.

**٤٨– (شێتانەتر پرسی:**

**" چل و چوار .......... یان چل و پێنج؟"**

**شپرزەتر و داماوتر وتم:**

**" چل و هین........ چل و هین! " ل ٢٦٢**

– بەزاندنی بنەمای شێواز- لێڵی

لێرەدا بنەمای شێواز بەزێنراوە، وشەی (هین) لێڵە و ژمارەکەی دیارنییە، ڕوونی نەکردۆتەوە کە مەبەستی ژمارەکە چەندە. لێکەوتە ئاخاوتەییەکەش هەمان لێکەوتەی دەقی پێشوو نیشان دەدا بەتایبەتیش بە بەکارهێنانی وشەی (شێتانەتر) واتە لەجاران تووڕەتر و توندتر بووە، بۆیە هەمان لێکەوتەشی لێدەکەوێتەوە.

**٤٩– ( تفێکی لێکردم ویستم بیسڕمەوە.........**

**" چل و گۆڕی باوکت... نەکەی... ئەو تفە نەسڕیتەوە.... حەیوان.... ئەو بزنە شێتە بۆ جیادەکەیتەوە؟"**

**شەپازللەیەکی لەناکاوی سراواندە ناو دەمم ..... لەترساناو بەدرۆ وتم:**

**" چل و پێنج")ل ٢٦٢–٢٦٣**

– بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

لێرەدا قسەکەر بابەتەکەی گۆڕیوە لە بابەتی ژمارەوە بۆ بابەتی جنێودان ئەمەش هەڵچوون و تووڕەبوونی قسەکەری لێدەکەوێتەوە و مەبەستێتی وەڵامی دروستی دەست کەوێ.

**٥٠– ( ..... بێباکانە پرسی:**

**" لەماڵەوە چەند کەسن؟"**

**بەدەنگێکی نووساوەوە، دیسان ژمارەکانم تێکەڵ کردەوە:**

**"حەوت.. نە..هەشت .... بەمنەوە نۆ....... نەنکم ..... ")ل ٢٦٣"**

– بەزاندنی بنەمای شێواز ـ ناڕێکی لە گوتن.

قسەکەر بەشێوەیەکی نارێك و تێکەڵکردنی ژمارەکان وەڵامی داوەتەوە.

وەڵامدانەوە بەو شێوەیە و شپرزەبوون ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەر دەیەوێ ڕزگاری بێ لەو حاڵەتەی کە تێیدایەتی بەهەر شێوەیەك بێ، مامۆستاکەی تووڕە نەبێ و لێی نەدا.

**٥١- ( زۆری نەخایاند تا پرسی:**

**" ئەگەر ئەو چل و پێنج سەر مەڕ و بزنە بەسەر هەر تۆ کەسەکەی ماڵی خۆتاندا دابەش بکەی.. هەر یەکەتان چەند حەیوانی بەردەکەوێ...؟"**

**وەها شپرزە و سەرلێشێواوبووم...... پێم وت:**

**" مامۆستا..... هین ...... دابەش ناکەین ....... هی خۆمانە" )ل ٢٦٣**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ لێڵی.
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

قسەکەر وشەی (هین)ی بەکارهێناوە کە وشەیەکی تەمومژاوی نادیارە و نازانرێ ژمارەکە چەندە. هەر لەهەمان گوتندا (وەڵامدانەوە) گۆڕینی بابەتەکە بەدیدەکرێ، بابەتی دابەشکردنی ژمارەی گۆڕیوە بە بابەتی ئەوەی کە هی خۆیانەو پێویست بە دابەشکردن ناکا.

لەم گوتەیەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەر لەبابەتی ماتماتیکدا لاوازە و هیچ نازانێ، بۆیە ئەو جۆرە وەڵامەی داوەتەوە، تاوەکو ڕزگاری بێ بە هەرجۆرێك بێ لە تووڕەبوون و لێدانی مامۆستاکە.

**٥٢- ( بێباکانەتر لەجاران وتی: " لەبزنەکەت شێتتر وا بزانە هەریەکەو چەند مەڕو بزنێك دەباتە لەوەڕێ!"**

**وامزانی ڕزگارم دەبێ گەر بڵێم:**

**" مامۆستا .... ئاخر نایەوێ ... چونکە دوای مەکتەب خۆم دەیانلەوەڕێنم!") ل ٢٦٣**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

لەبەرئەوەی قسەکەر وەڵامی دروستی پرسیارەکە بە ژمارە نازانێ، بابەتەکەی گۆڕیوە، بەوەی کە وەڵامی پرسیارەکە بە ژمارە بداتەوە، بەجۆرێك کە ئەو دابەشکردنە پێویست ناکا و خۆی دەیانلەوەڕێنێ.

ئەم گوتنەش ئەوە دەردەخا، کە قسەکەر کۆڵەوارە لەبابەتی ماتماتیك و دابەشکردنی ژمارەکان، هەروەها خۆدزینەوە لە وەڵامی پرسیارەکە، بەجۆرە وەڵامێك وەڵامی داوەتەوە کە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە.

**٥٣- ( ویستم لە گریان ژێری بکەمەوە... بۆیە پرسیم:**

**"نەنێ ....؟ نەنێ بەقوربانت بێ!"**

**"ڕاستە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لەسەر سێو خواردنێك کە خودا لێی حەرام کردوون لەبەهەشت دەرکراون؟".**

**" سێوی حەرامی چی ڕۆڵە... کێ ئەم درۆیەی بەناوی خوداوە پێ وتی؟".**

**"مامۆستای ئایینەکەمان...نەنێ".**

**"نەء رۆڵە....ئەوەندەی من بزانم و لە مەلاکانم بیستووە... ئادەم و حەوا لە گوڵە گەنمەکەیان خواردووە ! ")ل٢٦٤-٢٦٥**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

قسەکەر لە وەڵامدانەوەدا بابەتەکەی لە خواردنی سێوی حەرام گۆڕیوە بۆ خواردنی گوڵەگەنم، کە کەسی بەرانبەر (گوێگر) زانیاری پێشووی لەسەر خواردنی گوڵەگەنم نەبووە.

**٥٤- ( "بۆچی لێی حەرام کردوون؟"**

**"حیكمەتی خۆیەتی") ل ٢٦٥**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای یەكەم.

نەدانی زانیاری تەواو و پێویست وەكو وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارەی كە كراوە.

ئەم گوتنەش ئەوەی لێدەكەوێتەوە كە ویست و ئیرادەی خودا خۆیەتی، خۆی نەبێ كەس لە نهێنی ئەو حەرامكردنەدا، نازانێ.

**٥٥- (" حیكمەت چییە ...... نەنێ؟ "**

**.... زۆر بە نەرمونیانی میهرەبانترین نەنك لە دونیادا وەڵامی دامەوە:**

**"خودا هەردووكیانی ئینتحان كردووە ... مامۆستا چۆن بزانێ تۆ باشی یان خراپی گەر ئینتحانت نەكا") ل ٢٦٥**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای یەكەم.
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

نەدانی زانیاری پێویست و گۆڕینی بابەتی (حیكمەت) بۆ بابەتی تاقیكردنەوەو زانینی لایەنی باشە و خراپی كەسەكان. هەرچەندە هەردوو بابەتەكە لێكجیان، بەڵام بەشێوەی شاراوە پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، گوێگر بەخشكەیی لە واتای گوتنەكە تێدەگا.

**٥٦- ("راستە نەنێ ... گەر ئەو گوناهە نەبووایە ئێستا ئێمە لەبەهەشت دەبووین و... هەرگیز نەدەمردین..."**

**" ڕۆڵە شیرینەكەم وایە ... ژان و ژووری ژنانیش بەدەم منداڵبوونەوە هەر لەپای هەمان گوناحە... پیاوان كە ڕیش و سمێڵیان هەیە هەر هەمان سزایە..." ) ل ٢٦٤**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

گۆڕینی بابەتی گوناھ و تاوان بە بابەتی ژانی ژنان لەکاتی منداڵبووندا، هەروەها سزادانی پیاوانیش بەوەی کە ریش و سمێیان لێ هاتووە، سەرەڕای دڵنیانەبوونی لەوەی کە دەیڵێ ڕاستە و نەبوونی بەڵگە.

ئەم گوتنەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئادەم و حەوا تاوانیان کردووە، ئێستا ئێمە سزاکەی دەدەین، ژانی منداڵ بوون و هاتنی ڕیش و سمێل لای پیاوان.

**٥٧- ("نەدەبوو خوا دەری کردبان؟"**

**"نەء....ڕۆڵەکەم...نەء... چونکە دوای گوڵەگەنمەکە ئادەم و حەوا لەو بەهەشتە پاکەی خوا پیسایيان کرد...") ل ٢٦٥**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای دووەم

لێرەدا وەڵامدەرەوە وەڵامێکی ناڕاست، یان بێ بەڵگەی داوەتەوە، چونکە ئەم وتەیەی سەبارەت بە گوڵەگەنم هیچ بەڵگەیەك نییە، ڕاستی ئەمە بسەلمێنێ ، هەروەها سەبارەت بە زانیاری دووەمیش، ئەویش بێ بەڵگەیە، چونکە بەپێی شیکارە ئاینییەکان، مرۆڤ دوای دابەزینی لە ئاسمان، شوێنی دەرچوونی پاشماوەی خواردنی نەبووە، دواتر فەرمانی دروستکردنی دراوە.

ئەم گوتنەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە، مرۆڤ حەز بەوە دەکا لەبەهەشت بوایە و ئادەم حەوا ئەو هەڵەیان نەکردبووایە، هەروەها حەزنەکردنە بەسزادان، چونکە قسەکەری یەکەم پێی ناخۆشە دەرکراون، بەڵام لە ئاخاوتنەکەیان ئەوە دەردەکەوێ، هەموو هەڵەیەك ، ئەنجامەکەی پەشیمانییە و دەبێ سزاکەشی وەربگرێ.

**٥٨- ( دەمووت:**

**" شیرین خەم مەخۆ ... و مەگری ... ڕۆژێك دێ من و تۆ گەورەبین ... بەیەکەوە لەگەڵ بزنە شێت لەو شاخە بەرزە دەپەڕینەوە... دەڵێن ئەودیو شاری زۆر خۆش و ڕازاوەی لێیە... من ڕقی دونیام لە مەکتەبە...!) ل ٢٦٦**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

خواردنی خەم ـ میتافۆرە

بەوەی لە گوتنەکەدا باس لەبابەتی ڕۆیشتن و پەڕینەوەیان بۆ ئەو دیو سنوور کردووە، لەپڕ بابەتەکە دەگۆڕێ بە بابەتی ئەوەی کە ڕقی لە دەوامکردنە لە مەکتەب.

ئەمەش ئەوە دەردەخا کە قوتابییەکی تەمبەڵە و ئارەزووی دەوامکردنی نییە، هەروەها ئەو ژیانە کە ئێستاکە هەیەتی لێی بێزارە و ئاواتەخوازە کە گەورەبوو، لەگەڵ ئەوانەی خۆشیدەوێن، سەرهەڵبگرن و بڕۆن بەئومێدی ژیانێکی خۆشتر.

**٥٩- (هەمیشە دوای هەر لێدان و کوتانێك ڕاست دەبوومەوەو ... بزنە شێتە خۆت بگرە واهاتم... باوکم پڕ بە دڵ دەیوت:**

**" خودابکەم خوێنی تۆ و بزنەکەت تێکەڵ بێ! ") ل ٢٧٠**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ توانج

توانج لە کوڕەکەی دەدا، بەوەی کە ئەویش وەکو بزنەکەی شێتە ئەمەش ئەو مەبەستەی لێدەکەوێتەوە، کە حەز بەمردنی کوڕەکەی و بزنە شێتەکە دەکا، دوعای ئەوە دەکا هەردووکیان لەسەر شاخ هەڵدێرێن و پارچەپارچە بن و خوێنیان تێکەڵ ببێ.

**٦٠- (... ئاخر نەدەکرا چیتر درۆی زلی بۆ بکەم و بڵێم :**

**" من ئەمڕۆکە هێلکەیەکی حەوت ڕەنگم لە هێلانەیەکدا دۆزیوەتەوە ! " ئەویش دڵپاکتر لە هەموو دنیا و سادەتر لە تەمەنی خۆی دەیوت:**

**" دەستی لێ مەدە با پیس نەبێ...با مەلێکی حەوت ڕەنگ هەڵبێنێ. ")ل ٢٧٢**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ بنەمای چوارەم ـ ناڕێکی لە گوتن

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ درۆکردن

لێرەدا قسەکەر بنەمای شێوازی ئاخاوتنی بەزاندووەو ڕێکی لە گوتنەکەیدا نییە، چونکە هیچ هێلکەیەکی حەوت ڕەنگ نییە، قسەکەر بەئەنقەست ئەم قسەیەی کردووە و خۆشی دەڵێ درۆم بۆ کردووە کەواتە هاوکات بنەمای چۆنییەتی ئاخاوتنیشی بەزاندووە، چونکە شتی ناڕاستی بە گوێگر وتووە، لەبەرانبەریشدا دیسان گوێگر وەڵامەکەی ئەگەر بە نەزانینی بێ، ئەم قەسەیەی کردبێ، ئەوا بەزاندنی بنەمای شێوازە، چونکە بوونی مەلی حەوت ڕەنگ بەهۆی هێلکەکەوە نییە کە حەوت ڕەنگ بووە، ئەگەر بە ئاگاداریشەوە ئەم قسەیەی کردبێ دەچێتە ناو خانەی گاڵتەکردن و توانج لێدانەوە.

ئەم گوتنەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە دونیا و خەیاڵی منداڵ پڕە لە شتی ڕەنگاوڕەنگ و گاڵتەو توانجیشیان ڕەنگاورەنگە.

**٦١- (باوکم پڕ بە حەوشەکە هاواری دەکرد... کەو و کۆترەکانی خۆی دەترساند و دەی وت:" سمێڵم بتاشن ئەگەر مەکتەبەکەشی تەواوکرد".**

**دڵڕەقانە بە دایکمی دەوت:**

**" خۆزیا لە بارت دەچوو ... ئەو کوڕە تۆ هەتە یان تڕی کەرەکەمە..!) ل ٢٧٤**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ توانج

قسەکەر توانج لە کوڕەکەی دەداکە هیچ نازانێ و هەروەکو تڕی کەرەکە وایە، کە سوودی بۆ کەس نییە.

ئەم گوتنەش ئەوە نیشان دەدا، کە باوکەکە هیچ دڵی بە کوڕەکەی خۆش نییە، خۆزگەی ئەوە دەخوازێ، ئەو کوڕەی نەبوایەو نەهاتبایە سەر دونیا.

**٦٢- ( شیرین لەوە ساواتر بوو بزانێ من من چ قوتابییەکی مایە پووچم کە ڕقی دونیام لەو سرروودە هیچانەیە کە بەشەق پێمی ئەزبەر دەکەن... چ شوانێکی ڕسوا... چ عاشقێکی لاڵ کە هەرگیز**

**وەك عاشقی ناو حەكایەتەكان قسەزان و زمان شیرین و دڵ لەسەر دەست و بوێر نیم... شیرین لەمن جوانتر و ئازاتر بوو.)ل ٢٧٤**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر
- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم

بەكارهێنانی دەستەواژەی مایەپووچ بۆ قوتابی وەكو خوازەیەك لەبری دەرنەچوون و مانەوە لە وانەكانیدا.

گوتنەكەش ئەو مەبەستە دەگەیەنێ، كە لە ئەزموونی ژیانیدا وەكو قوتابی و شوان و عاشق سەركەوتوو نەبووە.

**٦٣- ( بە چ ڕقێكەوە لانكەكەم ڕادەژەند... ژوور پڕ دەبوو لە زریكە... زریكەیەك بمترسێنێ لەوەی كە بنمیچەكە لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێ... ناچار ڕقەكەم لە دڵدا دەكوشت و نەرمتر لانكەكەم ڕادەژەند تا جاریكی تر كۆرپەكە خەو بیباتەوە.) ل ٢٧٥**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر.

بەكارهێنانی زریكە لەبری تەقینەوەی بۆمبێك كە بنمیچ هەڵبگرێ و هەڵیبتەكێنێ، هەروەها كوشتن لەبری دامركاندن و ڕەواندنەوەی ڕق و كینە لە ناخ و دەروونیدا.

گوتنەكەش ئەوە نیشان دەدا كە خۆشی بە كۆرپەكە نەهاتووە، هەروەها پێی ناخۆش بووە، دایكی هەموو ساڵێك منداڵی دەبێ و ئەم بەخێوی دەكا.

**٦٤- (..." ئەرێ نەنێ گیان من زۆرتر دەژیم یان بزنە شێت؟"**

**بە ترسی پیرێژنەكەوە زمانی تەتەڵەی دەكرد و پێی دەوتم :**

**" بەلاگێڕت بم خودا گەورەیە و عومری بیست بزنی داوە بەتۆ...") ل ٢٧٦**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم.

قسەکەر لێرەدا زانیاری ناپێویستی داوە لەوەی کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە.

**٦٥- ( ... بە چ خەم و عەزرەتێکەوە دەمخواست هەتا زوو گەورە بم و باڵا بکەم، دەست و بازووم وەك فەرهادـ ی سەنگتاش ئەستوور بێ، ڕیش و سمێڵم بێ، بەڕووی باوکمدا هەڵشاخێم و بەبەر چاوی ئەوەوە هەموو کتێب و دەفتەرەکان بدڕێنم ) ل ٢٧٨**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی.

درێژدادڕی لە لە باسکردنی گەورەبوونی خۆی.

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر.

وشەی هەڵشاخانی بەکارهێناوە لەبری هەڵگەڕان و ڕووبەڕوونەوەی باوکی.

لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەم پەرەگرافەدا ئەوەیە کە قسەکەر لەبەر ئەو زوڵم و غەدرەی کە باوکی لێی کردووە، دەیەوێ زوو گەورەبێ و بە ڕووی باوکی بوەستێ و کتێب و دەفتەرەکانی وەکو تەحەدایەك لەبەرچاوی ئەودا بدڕێنێت، کە ئارەزووی خوێندن و دەوام کردنی قوتابخانەی نییە.

**٦٦- ( بە ڕقی شەیتانێکی کوێرەوە دڵم لە هەموو دونیا تۆرابوو، بەتەنها یەك کلاوڕۆژنە لە شێوەی پەنجەرەیەکی شووشەبەند و تەلبەنکراو تروسکاییەکی شەرمن و مردووی لەگەڵ هات و هاواری منالآنی کۆلآنی بۆ دەهێنام.) ل ٢٧٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی تۆران بۆ دڵ، سیفەتی شەرمن و مردوو بۆ تروسکایی لەبری کز و لاواز.

قسەکەر لەم گوتنەدا ئەوە نیشاندەدا کە هیچ خۆشی و ئومێدێکی بە دونیا نەما، هەموو دونیای لێ تاریك بووە، تەنیا ئومێدێکی زۆر لاواز و کزی ماوە کە بتوانێ بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدا.

**٦٧- ( بەمن چی گەمەی بردنەوەو دۆڕانی مندالآنی کۆلآن کە من خۆم شوانێکی مایەپووچ و قوتابییەکی دۆڕاویم.) ل ٢٧٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی مایەپوچ بۆ شوان لەبری سەرنەکەوتوو و بێ تواناو لێنەهاتوو.

هەروەها وشەی (دۆڕان)ی بەکارهێناوە بۆ قوتابی لەجیاتی دەرنەچوو یان سەرنەکەوتوو.

مەبەستی قسەکەر لەم وتەیەدا ئەوەیەکە لە دوو کارو پیشەدا نەیتوانیوە وەکو مرۆڤێکی بەتوانا و لێهاتوو سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

**٦٨- ( ... بەیانییەکی تاریك و ڕوون کە سیامەند هات... مێگەڵ لە تەویلەکە دەربێنێ و ڕای دا ... پێم وت:**

**" سیامەند ... گوناهت دەگاتێ ... بۆ وا لە بزنە شێت دەکەی؟"**

**... بە فیزی شوانێکەوە کە هەر هەموو خێڵەکەمان شانازی پێوە بکەن پێی وتم:**

**" جوان قسە بکە... سیامەند کێیە؟ بڵێ کاکە سیامەند ... خۆ من لەتۆ نەبوویمە... پاشان ئەوەتا خۆت دەڵێی ـ بزنە شێت ـ گەر تۆ شوانێ شێتوێت بویت و شێتی بزنە شێت و تەگەی هاریت... ئەوە من وەك شوانێکی عاقڵ کە دەبێ نانی خۆم حەڵاڵ بکەم ...) ل ٢٧٩-٢٨٠**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ زیادەڕۆیی.

زیادەڕۆیی لە وەڵامدانەوە و سەرزەنشتکردنی بەرانبەرەکە و ستایشکردنی خۆی.

گوتنەکەش ئەو مەبەستەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەر دەیەوێ، ئامۆژگاری بەرانبەرەکەی بکا، بەوەی کە چۆن ڕێزی کەسێکی گەورە لەخۆی بگرێ. هەروەها واز لەو شێتییە بهێنێ و وەکو ئەو عاقڵ بێ و کارەکەی بەباشی بکا.

- ( نان حەڵاڵ کردن) بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر.

**٦٩- ( ... تکا لە سیامەند بکەم بۆ یەك دووجار لەگەڵ خۆی بمبا ..... وەك شوانێکی بێ باك و سەرکەوتوو کە هەرگیز وەك من خۆی سووك و ڕسوا ناکا... پێی وتم:**

**"خەراپ ناکەی... دەتبەم ... بزنە شێتەکەشت ببینە چۆن کردوومە بە بزن مشك ... بمبینە و فێربە ... بزانە شوانی چۆنە ڕۆڵە نەبا مەکتەبەکەت پیێ تەواو نەکریێ...!") ل ٢٨٠–٢٨١**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ توانج

توانج لە بەرانبەرەکەی دەدا و گاڵتەی پێدەکا بەوەی کە چۆن بزنە شێتەکەی کردووە بە بزن مشك.

مەبەستی قسەکەر لەم گوتنە ئەوەیە کە بەرانبەرەکە چاو لەئەو بکا و بەباشی فێری لەوەڕاندنی مەڕوماڵات بیێ، نەوەك لە مەکتەب سەرکەوتوو نەبیێ، ئەم لێکەوتەیە ئەوەیە کە شوانەکە دەزانیێ، ئەم کوڕە مەکتەبی پیێ تەواو ناکریێ، بۆیە پێشنیازی فێربوونی شوانی بۆ دەکا.

**٧٠– ( لەوە بیێ دەسەڵاتتر بووم لێی هەڵگەڕێمەوە ..... قسەڕەقەکانی لە دڵی دەدام...) ل ٢٨١**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی وشەی (ڕەق) بۆ قسە لەبری ناخۆش و کاریگەر.

گوتنەکەش ئەو مەبەستە دەگەیەنیێ، کە لەگەڵ باوکیدا نێوانی خۆش نەبووە و هەمیشە باوکی قسەی ڕەقی پێوتووە، کە ئەگەر لەتواناو دەسەڵاتیدا بوایە لەسەر ئەو قسە ناخۆشانەی لێی هەڵدەگەڕاوەو ڕووبەڕووی دەبووەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی نەبووە.

**٧١– ( سیامەند بۆ دەغەزرار کردنی من بە باوکمی دەوت:**

**" مامە گیان خەمی پیێ مەخۆ .... ئەجەلی هاتبوو... ئیدی دەروازەی خێر و بەرەکەتمان لیێ دەکرێتەوە".**

**باوکم بیێ باکانە دەیوت:**

**" قوربانی خۆمان بیێ... هەر خۆم بەتەمابووم سەری ببڕم، چاوی سوور ببوو") ل ٢٨٥**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی (خواردن) بۆ خەم، هەروەها سووربوونی چاو. لێرەدا ئەو مەبەستە دەردەخا کە قسەکەر دڵنەوایی بەرانبەرەکە دەدا، هەروەها مردنی بزنەکە کە نەگبەت و خێری لەچاواندا نەبووە، بەقەزاو قەدەر و ئەجەل هاتن ئاماژەی پێدەکا و لەوانەیە ئەمەش ببێیتە هۆی خێروخۆشی و بەرەکەت بکەوێتە ناو ئەو ماڵە.

(چاوسوربوون) لە وتەکانی باوکیدا ئەوە دەردەخا، کە ئەو ئاژەڵە بەری چاوی گیراوە و شێت و هار ببوو، کەڵکی ئەوە نەبوو وەکو ئاژەڵێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، بۆیە نیازی سەربڕینی هەبووە.

**٧٢– ( من دەترسام ئەو لەمن ئازاتر بووبێ و مردبێ ، ئیدی بڕیارم دا لە سێ ژەم زیاتر بخۆم، شیر و هەنگوین و ژاژی و پەنیری سەرخوانی بەیانیان، نەوسنانە، بماڵمەوە، هەرچی میوەی دونیا هەیە بیخۆم.. تا زووتره چاك ببمەوە و بەدوای شیریندا بگەڕێم..) ٢٩٦**

– بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ دووەم

زانیاری زیاتر دراوە لەوەی کە پێویستە، گوتنەکەش ئەوەی لێدەکەوێتەوەکە ئەو وایزانیوە (شیرین) لەو ئازاتر بووە و مەرگی خۆی پێش خستووە، بەڵام کە پاشان زانیوییەتی لە ژیاندا ماوە، ویستویەتی بە خواردنی زۆر و باش وزەو توانای بۆ بگەڕێتەوە، تاوەکو بتوانێ بەدوایدا بگەڕێ.

**٧٣– (چیدیکە باوکم نەبینیەوە، نیوەشەوان لە شوێنێکەوە نا... بەڵکو لە دەیەها شوێنەوە: لە هەیوانەوە، لەئاودەستخانەکەوە، لە هەموو ژوورەکانەوە، لەسەربانەوە لە تەویلەکەوە .... لەمزگەوتەوە دەکۆکی و قرخە قرخ بەڵغەمی ڕۆ دەکرد و شەیتانی بەنەفرەت دەکرد،...) ل ٢٩٦**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ زێدەڕۆیی

زێدەڕۆیی لە باسکردنی ئەو شوێنانەی کە باوکی لەناو ماڵدا دەبینێ و دێتە بەرچاوی.

ئەم گوتنەش ئەوە نیشان دەدا، کە چیتر باوکی نابینێتەوە لەو شوێنانەی کە ئاماژەی بۆ کردوون، تەنیا لە خەون و خەیاڵیدا نەبێ.

**٧٤- هێدی هێدی کازیوەی دەدا، خۆر گرانتر لەمن دەجولا و هیلاکتر لە من چاوانی هەڵدێنا، دوای ئەم هەموو شەو و تاریکییە یەکەم جاربوو هەتاو ببینم، لەوە دەچوو چاوەکانم لەدوای ئەو حەمامە گەرمە ڕۆشن بوو بێتەوە، لەو دیو چیاکانەوە هەتاوێکی شەرمن دەڕژا و کوچە و کۆڵانەکانی ڕووناکتر دەکردەوە...) ل ٢٩٨**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

ئەم گوتنە درێژ دادڕی تیاکراوە و بنەمای شێوازی بەزاندووە، دەتوانین بیخەینە چوارچێوەی جووتە گوتنێکەوە :

- ئێستاکە چۆنی؟
- دوای حەمامەکە چاوم رۆشن بۆتەوە.

کەواتە حەمامەکە کاریگەری لەسەر چاکبوونەوەی هەبووە، بەلاّم گەر نەگەڕێینەوە بۆ دەورو بەر نازانین حەمام چ پەیوەندیەکی هەیە، بۆیە لێرەدا بنەمای پەیوەندی بەزاندووە گوێگر دەبێ لێکدانەوەی بۆبکا، و بەگوێرەی هەنگاوەکانی شیکردنەوی ئاخاوتن لەم گوتنە تێدەگا، کە پێش حەمامکردنەکە زۆر نەخۆش بووە، بەلاّم دوای حەمامکردنەکە تەندروستی باشتر بووە.

**٧٥- ( لە نەنکم داوادەکرد:**

**" نەنە با ئەو بەیانییە شیرین ببینم!"**

**دەتوت دیوار دەدوێنم، دەتوت ئیدی دوای ئەو حەمامە و هەڵسانە سەر پێیەم کەمەکێ زیندوو بوومەتەوەو نامرم، ئیدی لەوانەیە بەرگەی مەرگێکی دیکە و دڵشکان و لێکدابڕانێکی دیکە بگرم،...)ل٢٩٨**

- بەزاندنی بنەمای چەندێتی ـ بنەمای یەکەم
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی
- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی

لەم دەقەدا دەتوانین چەند دیالۆگێك دروست بکەین، دیالۆگی یەکەم قسەکەر بەشێوەی پرسیار فەرمانێکی بەڕێزی داوە بە گوێگر، بەلاّم گوێگر هیچ وەلاّمێکی نەداوەتە، ئەمەش لێکەوتەکەی ئەوەیە ڕازی نیم لەسەر ئەم پێشنیازو فەرمانەت، واتە بەگوێرەی پێویست هاوکاری قسەکەری نەکردووە، هەرچەند لەڕێگای ئەم بێدەنگییە قسەکەر وەلاّمەکەی وەرگرتۆتەوە، نیشانەی وەلاّمنەدانەوەکەشی ئەم ڕستەی (دەتوت دیوار دەدوێنم)ە ئەمەش ئەگەر بیکەینەوە بە پرسیار و وەلاّم، بلّێین:

- وەلاّمی دایەوە ؟
- دەتوت دیوار دەدوێنم.

ئەمەشیان بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە، لێکەوتەکەشی ئەوەیە کە هیچ وەلاّمێکی نەداومەتەوە.

دیالۆگی سێیەم: ئێستا لەگەلّ نەخۆشییەکەت چۆنی؟

لەم دیالۆگەدا دوو جۆر بەزاندن هەیە، یەکێکیان بنەمای پەیوەندییە، دووەمیش بنەمای شیواز ـ درێژدادڕی، وەلاّمی یەکەم، دوای حەمامەکە زیندوو بوومەتەوە، لێکەوتەکەی ئێستا لەجاران باشترم، لێکەوتەی دووەم ئەوەندە باش چاك بوومەتەوە لەوانەیە بەرگەی مەرگێکی دیکەش بگرم، کە دەشلّی مەرگێکی دیکە واتە ئەم نەخۆشییەی هێندە گەورە بووە بە مردنێك هەیە.

**٧٦– (نەنیّ چیدیکە حەکایەتی بۆ نەدەکردم ... کە لێم پرسی:**

**" نەنیّ بۆ وەك جاران حەکایەتم بۆ ناگێڕیتەوە ؟"**

**بەدەم گریانەوە وتی:**

**زێدەجەرگم .... حەکایەتەکانی من بوون تۆیان نەخۆش خست.) ل ٢٩٨**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی.

ئەگەر ئەم جووتە گوتنە کورت بکەینەوە:

–نەنیّ حەکایەتم بۆ بگێڕەوە.

– حەکایەتەکانم تۆیان نەخۆش خست.

لێرەدا بنەمای پەیوەندی بەزاندووە، چونکە نەخۆشکەوتن و حەکایەت چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر دەزانین، کە پێشتر قسەکەری یەکەم بەهۆی گێرانەوەی حەکایەتەوە نەخۆش کەوتووە، لێرەدا خوازەش هەیە چونکە حەکایەتەکان ئەویان نەخۆش نەخستووە بەڵکە ئەو ڕووداوانەی کە لە حەکایەتەکاندا هەبووە، هۆکاربوونە، یان هاندەر بوون بۆئەنجامدانی ڕەفتارێك، لەئەنجامی ئەم ڕەفتارەوە نەخۆشییەکەی ئەو پەیدابووە، واتا هۆکارێکی ناڕاستەوخۆیە،ئەمەش لێکەوتەکەیە.

**٧٧– ( .... دەیەها ژن و پیا و منالّ ڕژانە بەردەرگای حەوشەکەمان و نەنکمیان لەمن دزی، من و پرسیارە مردووەکەمی لە ژوورەکەدا بە تەنیا جێهێشت...) ل ٢٩٩**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی
- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی
- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

ئەگەر ئەم گوتەیە بکەینە پرسیار – نەنکت چی لێهات؟

وەڵامەکەی کورت و پوخت نییە، دریژدادڕی تێدا کردووە، کەواتە بنەمای شێوازی بەزاندووە، لێکەوتەکەش ئەوەیە نەنکی زۆر خۆشویستووە بۆیە بردنی نەنکی یان جیاکردنەوەی نەنکی وەکو دزینێك وایە و خەمی زۆر بۆدەخوا چۆن مرۆڤ ئەگەر دزی لیّ بکریّ خەم لە شتە دزراوەکەی دەخوا، ئەویش جیاکردنەوەی نەنکی بەم شێوەیە خەمی بۆ خواردووە، هەروەها لێکەوتیەکی دیکە ئەوەیە ئەو زیاتر لە دایکی نەنکی خۆشویستووە. کۆتایی گوتنەکەش ئەگەر بکەین بە پرسیار و وەڵام (– وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە) وەڵامەکە ئەوەیە منی لەگەڵ پرسیارەکەم بەمردوویی جێهێشتووە، دیسان

بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە، چونکە نەیوتوە وەلآمی پرسیارەکەمی نەداوەتەوە ، بەڵکو وتویەتی بەمردوویی جێیهێشتووە.

**٧٨- ( هەڵگرتنی قاپ و قاچاغ و پیاڵە و کتڵی و قۆری و کۆکردنەوەی وردە نان و لابردنی سەماوەرەکە زۆری خایاند، پێچانەوەی خوانەکەش زۆرتر. ) ل ٣٠٠**

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی/ بنەمای سێیەم

لێرەدا پێچەوانەی بنەمای (کورت بڕبە) قسەی کردووە، دەیتوانی ئەم دەقە کورت بکاتەوە و بڵێ (هەڵگرتنی کەرەسەکان زۆری خایاند)

**٧٩- ( دەنێو هەرا و هۆریای خزماندا کە دەیانویست دڵنیابن کە کەس لە کاروان جێ نەماوە.... گوێم لە نەنێ بوو دەیوت:**

**" تاوەك گوێزی ساغت لێ نەیەت نایەینەوە، قەولە لەوێ باشترین حەکیم بتبینێ.") ل ٣٠١**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

ئەمە وەلآمی ئەو پرسیارەیە کەی دێینەوەیە، کە وەکو گوێزی ساغت لێ هات، بەزاندنی بنەمای چۆنیەتییە ـ میتافۆر، چونکی وەلآمەکەی پڕ بە پێستی خۆی نییە، بەڵکو لەوەلآمەکەدا پشتی بە میتافۆر بەستووە،بەشی دووەمیش وەلآمی ئەو پرسیارەیە(- چیم لێ دەکەن لەوێ؟) بڕیار وایە لەوێ باشترین دکتۆر بتبینێ، بەکارهێنانی حەکیم لەبری دکتۆر بەکارهێنانی خوازەییە، لێکەوتەکە ئەوەیە دەتبەینە باشترین دکتۆر و تاوەکو چاك چاکیش نەبیتەوە، ناتهێنینەوە.

**٨٠- (دەمویست لێی بپرسم ئاخۆ دێینەوە ئێرە یان نا... بەلآم دیسانەوە قوڕگم گیرا و فرمێسك دەکولآ...)ل٣٠٢**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر.

لێرەدا وشەی( کولآن)ی بەکارهێناوە لە جیاتی ئەو گڕو گەرمییەی کە لەناخیدایە، بەجۆرێك کە لە فرمێسکی چاوەکانیدا دێتە دەرەوە.

ئەم گوتنەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەر لەکاتی دوورخستنەوەی خۆشەویستەکەی دوودڵە و نازانێ دەگەڕێتەوە یان نا، بۆیە لە حەژمەتا قوڵپی گریانی هەڵدەستێ.

**٨١– ( چاوەکانم دەگێڕا .... چاوەکانم لەناو حەوشەکەدا، لەسەر بانەکەدا بەجێ مان.... ) ل ٣٠٤**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر.

بەکارهێنانی بەجێهێشتن و بەجێمانی چاو لەناو حەوشەکەدا وەکو میتافۆر کە هەموو تێڕوانین و بینینی لەو شوێنەدا چڕ کردۆتەوە و قەد لەبەر چاوی لاچێ.

لێرەدا قسەکەر دەیەوێ ئەوە بڵێ کە حەوشە و سەربانی ماڵی خۆشەویستەکەی وەکو وێنەیەکی هەمیشەیی لە دیدو بینینی ئەودا هەر دەمینێتەوە.

**٨٢– ( لەتاریکی بن هەیوانەکە ڕامام کە هەتاوی بەیانی نەیتوانیبوو ڕاوی بنێ.) ل ٣٠٤**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی کاری (ڕاونان) بۆ لابردن و نەهێشتنی تاریکی بەرهەیوان.

ئەو وتەیە ئەو مەبەستەی لێ بەدیدەکرێ، کە هەتاوی بەیانی ئەوەندە کز و لاواز بووە، نەیتوانیوە بەر هەیوانەکە رووناك بکا، بە ئومێدی ئەوەی خۆشەویستەکەی لەوێدا ببینێ.

**٨٣– (نازانم بۆچی لەو ئانوساتەدا پەلاماری شێتانەی گورگێکی بۆرم بیرکەوتەوە، کە بە منداڵی دیبوم لە ڕانەمەڕەکەمانی دا و زەندەقی بەرخێکی رژاند کە بێ ئاگا لە خۆی لەبەر گوانی دایکیدا هەر چوار پەلی شکاو.... کەوت و مرد، یەکەم جارم بوو بە زیندوویێتی چاوان گورگێك ببینم بەرخ بکوژێ... هەرگیز... لەیادم ناچێ...) ل ٣٠٦**

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

دەستەواژەی (زەندەقی ڕژاند)ی بەکارهێناوە وەکو مەجازێك بۆ ترس و تۆقاندنی لەناکاو و لە پڕدا، هەروەها دەستەواژەی (بە زیندوێتی چاوان) وەکو خوازەیەك بەکارهێناوە بەوەی کە خۆی لەپێش چاویدا وەکو شایەتحاڵێکی ڕووداوەکەی بینیوە.

ئەم پەرەگرافە ئەو مەبەستەی لێدەکەوێتەوە کە وەکو دیمەنێکی زۆر ناخۆش و نامرۆڤانە دێتە بەرچاوی و کە هەمیشە لە یادی ناچێ چۆن ئاژەڵی دڕندە و بێبەزەیی پەلاماری ئاژەڵی بەستەزمان و بێدەسەلآت دەدا و دەیکوژێ و دەیخوا

**٨٤- (...لە ناوەڕاستی حەکایەتەکان .. نەنکم هەراسان دەکرد و دەمپرسی:**

**"نەنێ گیان بۆچی دەبێ گورگ مەڕ بخوات؟"**

**هەر هەمان وەڵآمی ئامادەی پێبوو، کە هەرگیز من دڵم بەم وەڵآمە خۆش نەبوو ئەوەندەی تر تووڕە و بێ ئۆقرەتری دەکردم:**

**" زێدەجەرگم شێر و پڵنگ ئاسك دەخۆن، گورگ مەڕ دەخوا و مەڕیش گیا دەخوا."**

**وازم نەدەهێنا و دەمپرسی:**

**" بۆچی وایە نەنێ؟"**

**..... دەیویست لە پرسیارەکانم ڕابکا و قورتاری بێ:**

**" کوڕەکەم خودا کەڵبە و چڕنۆکی بەشێر و پڵنگ و گورگ بەخشیوە... ! "**

**مەحاڵ بوو دڵم ئاو بخواتەوە..... لە هەموو کاتێك زۆرتر دەمپرسی:**

**" ئەی بۆچی کەڵبە و چڕنۆکی نەدا بە مەڕ؟"**

**شپرزە و بەپەلە دەیویست.... حەکایەتەکەم بۆ تەواو بکات. من نەمدەهێشت:**

**"نەنێ گیان ... بەرخ و مەڕ و بزن کە ئەوەندە گوناهـ بن و بخورێن .... دەچنە بەهەشت یان جەهەننەم؟") ل ٣٠٦-٣٠٧**

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی
- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر.

بەزاندنی بنەمای پەیوەندی واتە گۆڕینی بابەتەکە بە بابەتێکی دیکە. لەم پەرەگرافەدا بەگشتی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا دیارە ئەوەی کە پرسیارکەر دەیەوێ بەدەستی ناکەوێ. واتە گۆڕینی بابەتەکە بە جۆرێك کە پەیوەندی بە ئەسڵی پرسیارەکەوە نییە، وەکو گۆڕینی بابەتە سەرەکییەکە ـ هۆکاری خواردنی گورگ بۆ مەڕ ـ بە بابەتێکی دیکە کە چ ئاژەڵێك ئاژەڵێکی دیکە دەخوا، دیسانەوە پاساوێکی دیکەی هێناوە بۆ گۆڕینی بابەتەکە، وەکو ئەوەی کە شێر و پڵنگ و گورگ خوادا کەڵبە و چڕنۆکی پێبەخشیون.

هەروەها گۆڕینی بابەتی چوونی مەڕ و بزن بۆ بەهەشت یان جەهەننەم ـ بە وەڵامدانەوەی بابەتێکی دیکە کە شەیتان، ئەو مەبەستانە دەخاتە ناو دڵییەوە، خودا خۆی زاناو پێزانە بە هەموو شتێك و تەنیا خۆی هۆکارەکان دەزانێ.

هەر لەم پەرەگرافەدا چەند دەستەواژەیەك لە شێوەی میتافۆردا خراوەتە ڕوو، (دڵم ئاو بخوات) بەکارهێنانی ئاوخواردن وەکو مەجاز بۆ دڵ، کە لێرەدا مەبەست لێی ئەوەیە کە دڵنیابی و بڕوای پێ بهێنێ. مەبەست لەم گوتنەش ئەوەیە کە خوا هەندێك ئاژەڵی بەهێزترکردووە لە هەندێکی تر و توانای ئەوەی پێداون کە نێچیری خۆیان بەدەستبهێنن بۆ بەردەوامبوونی ژیانیانن لەبەرانبەریشدا هەندێکی دیکە بێدەسەڵات دروستکراون بۆ ئەوەی ببن بە نێچیری بەهێزەکان، مەبەستە گشتییەکەش ئەوەیە مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوەن.

**٨٥– (ئیدی بەندی تەحەمولی دەپچڕاو ..... سوێندی دەدام کە ئیتر واز لەم جۆرە پرسیارانە بێنم و پێی دەوتم:**

**"مەهێڵە شەیتان بچێتە دڵتەوە... خوا خۆی حەکیمە و دەزانێ بۆ گورگ مەڕ دەخواو مەڕیش گیا.."**)ل٣٠٧

– بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

( بەندی تەحەمولی دەپچڕێ) وشەی (پچڕان) ی بەکارهێناوە بۆ تەحەمول لەبری (نەمان).

(شەیتان بچێتە دڵتەوە) لێرەدا وشەی (شەیتان) بەمەبەستی خەیاڵکردنی خراپ بەکارهاتووە، کە دەچێتە سۆز و هەست و دڵ و دەروونی کەسێکەوە.

ئەو لێکەوتەیەی لەم گوتنە دەکەوێتەوە ئەوەیە، نەنکی بێزاربووە بە پرسیارەکانی و خوا کە گەردوونی دروست کردووە، هەر بەخۆیشی یاسا و کاروبارەکانی بۆ ئێمە و بوونەوەرەکانی دیکەی سەر زەوی ڕێکخستووە، ئێمە سەرمان لەوانە دەرناچێ، بۆیە بێدەنگیمان باشترە، لەوەی بەهەڵە شتەکان لێك بدەینەوە.

**٨٦- ( هەردوو پەڕەی گوێم دابخەن و گوێم لە هیچ نەبێ، دەتوت کەللەی سەرم ئەشکەوتێکە لوورەی گورگێك تیایدا دەنگ دەداتەوە.) ل ٣٠٨**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

قسەکەر لەم دەستەواژەیەدا دەنگدانەوەی لوورەی گورگ لەناو ئەشکەوتدا وەکو خوازەیەك بەکاریهێناوە کە ئەو دەنگدانەوە لەناو مێشکی ئەودایە.

ئەم گوتنە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە قسەکەر دووچاری حاڵەتێکی دەروونی وابووە، هەردوو گوێی، کاس بووەو لە دونیای دەرەوە دابڕاوەو بەجۆرێك هیچ شتێك نابیستێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە لوورەی گورگ لەناو مێشکیدا دەنگ دەداتەوە.

**٨٧- (بەدەم ڕێوە ملم شکا ئەوەندە ئاوڕیدەمەوە و خۆم و نەنکم لەسەر هێسترەکە لاسەنگ بین، هێدی هێدی هەرا و زەنای کۆلاّن لە گوێمدا دەمرد و نەدەما، تادەهات چۆڵ و ناخۆشتر دەبوو.)ل ٣٠٨**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

وشەی (مردن) بەکارهێنراوە لەبری کپ و خامۆش بوونی دەنگی هەراو زەنا لەنێو کۆلاّندا.

ئەم وتەیە ئەوە دەردەخا کە قسەکەر هەر بە ئومێدی ئەوە بووە کە بۆ دواجار خۆشەویستەکەی ببینیٚ، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی کاروانەکەش نزمبوونەوەی دەنگە دەنگی ناو ناو کۆڵاَن و نزای کەس و کاری تا خامۆشبوونی دەنگەکان، ئەو ئومێدەشی نامینیٚ.

**٨٨- ( تەمومژەکە دەهات و دەکشا و ڕەزەکەی لەچاوانم دەشاردەوە، یەکە یەکەی ماڵەکانی گەڕەکی خواریٚ، تەمومژ میهری نواند و کەمەکیٚ خۆی گرانکرد، وەك ئەوەی گەمەیەکم لەگەڵ بکا.) ل ٣٠٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی - میتافۆر

دەستەواژەی ( نواندنی میهر) بۆ تەمومژ کە شتێکی بێگیانە - وەکو میتافۆرێك بەکارهێنراوە، ئەمەش زیاتر بۆ مرۆڤ بەکاردیٚ.

ئەوەی لەم گوتنەدا دەکەوێتەوە ئەوەیە کە دیارە وێڕای خامۆشبوونی دەنگەکان کەچی تا ئێستاش ئومێدیی ئەوەی ماوە گەر لە دوورەوەش بیٚ چاوی بە ماڵی یارەکەی بکەویٚ کە لەکاتی ڕەوینەوەی تەمەکە کەمێك ماڵەکان بەدەردەکەون، واتە هەر بە ئومێدەوە ژیاوە.

**٨٩- ( خودا هاوار .. شیرین - م نەدی... لە حەیبەتا... بەپەلە و شێتانە دووچاوی دیکەم قەرز کردو لە دار و دیوار ڕادەمام، لە دەرگا و پەنجەرە و قەنتەرەکان، لە قاڵدرمەکان کە دەچوونەوە سەربانەکان.) ل ٣١٢**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی - میتافۆر

(قەرزکردن) وەکو میتافۆر بەکارهێنراوە بۆ چاو کە مەبەست لێی زیادکردنی تین و تێڕوانین و بینینی شتەکانە.

مەبەستی قسەکەر ئەوەیە کە خەریکە تەواو دووردەکەوێتەوە کەچی خۆشەویستکەشی نەبینیوە، لەتاوا وەکو شێت چاوەکانی بەهەموو لایەکدا گێڕاوە بەئومێدی ئەوەی کە بۆ دواجار بیبینیٚ.

**٩٠- ( لە دەنگی مردووی نەنێدا زرنگانەوەی زەنگێکی ترسناکم بیست.**

**هالاَویَکی گەرم و هەناسەیەکی بۆگەن دایگرتم .....دەترسام بەبۆن بکەوم یان ئەو هالاَوە قورس و گەنیوە بمخنکێنێ..)ل٣١٢**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی وشەی (مردن) بۆ دەنگ لەبری کز و لاواز، هەروەها وشەی (ترسناك)ی بەکارهێناوە بۆ زرنگانەوەی زەنگ.

مەبەستی قسەکەر لەم گوتنەدا ئەوەیە کە شێوەی دەربڕین و دەنگی کز و لاوازی نەنکی ئەوەی لێ بەدیدەکرێ کە هەواڵێکی ناخۆش و ترسناك ببیستێ، هاوکات هالاَوێکی گەرم و بۆنێکی ناخۆش و بۆگەن بەسەریدا هاتووە بەجۆرێك ترساوە کە قورسی و بۆگەنییەکەی بیخنکێنێ.

**٩١- (دوور.... دوور.... چاوانم بەسەر پنتێکی زۆر چکۆڵەوە ڕوا بوو... کە هێدی هێدی دەبوو بە خاڵێکی ڕۆشن و گەورە... دوعام دەکرد و دەپاڕامەوە کە بەرلەوەی بگەینە ئەو پێچە، کتوپڕ ...... شیرین دەربکەوێ، گوڵەکەی بۆ هەڵبدەم و ..... ماڵئاوایی بکەم.) ل ٣١٢**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

ڕواندنی چاو بەسەر پنتێکی چکۆڵە وەکو خوازە بەکارهاتووە لە جیاتی چڕکردن و سەیرکردنی بەردەوام لەو پنتکەدا.

لێکەوتەکە لەم گوتنەدا ئەوەیەکە قسەکەر لەو مەودایە دوورەوە دیدو تێڕوانینی چاوەکانی لەسەر پنتێکی زۆر بچووك چڕکردۆتەوە دواتر بەرەبەرەئەو پنتە لەبەرچاوی بووە بە ئاواتێکی گەورە و ڕۆشن، کە دوا ئومێدی لێ بەدیدەکرد، لەگەڵ پاڕانەوە و نزاکردنیشدا خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە لەناکاو شیرین دەرکەوێ و گوڵەکەی بۆ هەڵبداو ماڵئاوایی لێ بکا.

**٩٢- ( هەموو دەنگەکان لەڕۆحمدا دەمردن، هەموو ڕەنگەکان لە چاوانما دەکوژانەوە، کەللەم کاس زرنگەی دەهات، ورتە ورتی نەنێ بەدەم خوێندنی ئایەتول کورسییەوە هەراسانی کردبووم....**

**تەمەکەش هەردەهات و دەکشا و چڕتردەبوو، خۆی لە دیوارەکان، دەرگاکان، درەختەکان، مەردوومەکان هەڵدەسوو...) ل ٣١٢–٣١٣**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

( مردنی دەنگ) وەکو خوازە بەکارهاتووە، لەبری کپبوون و نەمانی دەنگ لە ناخیدا، هەروەها کوژاندنەوەی ڕەنگ بەکارهاتووە، لەجیاتی سڕینەوە و نەمانی ڕەنگ لە چاوەکانیدا.

**٩٣– ( هەستم دەکرد من وام لەژێر گرانایی ئەو هەموو حەکایەتە زۆرانەی وان لە ناو کەللەسەری نەنێدا، لەژێر قورسایی ئەو هەموو پاڵەوانانەی جارێك دەبەزن و جارێك سەردەکەون، ئەو هەموو تەلیسمانەی ناشکێن، ئەو هەموو دێوانەی کە دەکوژرێن خوێنیان جۆگەڵە هەڵدەبەستێ، ئەو هەموو شارانەی پڕن لە دز و چەتە و پیاوکوژ و جوامێر، ئەو هەموو عاشقانەی دەمرن و ناگەن بە وەسڵی یار...)ل ٣١٨**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی هەردوو دەستەواژەی( لەژێر گرانایی) و (لەژێر قورسایی) وەکو میتافۆر لەڕووی مەعنەوییەوە کەوتۆتە ژێر بارێکی زۆر قورس و گرانی ئەو هەموو حەکایەت و هەموو پاڵەوان و هەموو دێوانە و هەموو شارانە...تاد.

- بەزاندنی بنەمای شێواز ـ درێژدادڕی

باسکردن و خستنەڕووی بابەتەکە بە درێژی بێئەوەی پێویست بەو ڕوونکردنەوە زیادانە بکا.

لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەم پەرەگرافەدا ئەوە دەردەخا، قسەکەر کەوتۆتە ژێرباری قورساییەکی یەکجار زۆر لەو خەون و خەیاڵانەی کە لەمێشکیدا جەنجاڵ و سەرقاڵیکردوون لە حەکایەتەکانی نەنکی و پاڵەوانەکان و کوژرانی دێوەکان و ئەو خەڵکانەی لەشارەکان دەژین بەباشی و خراپیانەوە، ئەو عاشقانەی دەمرن و ناگەن بە خۆشەویستەکانیان.

**٩٤- ( ئەو هەموو ساڵ و ڕۆژ و مانگانە ... ئەو هەموو کەلاوە و کۆشکانە ... من دەمزانی سینەی نەنکم گەلێ لەوە تەنگترە جێی ئەو هەموو مەملەکەتانەی تیاببێتەوە.) ل ٣١٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی ـ میتافۆر

وشەی (تەنگ) ی بەکارهێناوە بۆ سینەی نەنکی وەکو خوازەیەك کە شوێنی ئەو هەموو مەملەکەتانەی تیانابێتەوە.

مەبەستی قسەکەر لەم گوتنەدا ئەوەیە کە باسکردنی بەسەرهاتی خۆی بەدرێژایی هەموو ئەو ڕۆژگار و مانگ و سالأنە لەگەڵ ئەو هەموو کۆشك و کەلاوانەی کە لە مەملەکەتەکەتانی دونیا بینیویەتی، هەموو ئەمانە نەنکی بڕوای پێ نەکاو بە نادروست و سەیری بزانێ و لەعەقڵ و لێکدانەوەی ئەودا نەبێ.

**٩٥- ( هاژە هاژی چەمەکەی ناو خەرەندیش لەهەردوو گوێمدا دەمرد و ... دەخنکا ... خۆیشم بەدەم قوڵپی هەنسکەوە هەناسە بە هەناسە ... دەخنکام و ... لەناو تەمدا بزردەبووم...!)ل ٣١٩**

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆر

بەکارهێنانی وشەکانی (مردن و خنکا) وەکو خوازە بۆ کپبوون و نەمانی دەنگی هاژەهاژی چەمەکەی ناو خەرەندەکە.

لەم گوتنەدا نائومێدی قسەکەر(پاڵەوانەکە) نیشاندەدا، پاش دوورخستنەوەی لە خۆشەویستەکەی بەدەم هەنسك و گریانەوە هەست بە خنکان و وێڵبوونی لەناو تەمێکدا دەکا، کە نازانێ دواڕۆژی بەچی دەگا.

# ئه نجام

# ئەنجام

نامەکە بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- کردەی ئاخاوتن بەیەکێك لەو مەبەستە پراگماتیکیانە دادەنرێ، کە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لەنێو ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، واتە هەر کردەیەکی ئاخاوتن گریمانەی ئەوەی لێدەکرێ کە مەبەستێکی لە پشتدایە، ئەو مەبەستەش بە ڕێژەیەکی زۆر لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا (تەمی سەر خەرەند) بەرجەستەکراوە.

٢- ئەو نموونانە(دەقانە)ی کە لە ڕۆمانەکەدا وەرگیراون بەگشتی زیاتر ڕەهەندێکی پراگماتیکییان هەیە، بەتایبەتی ئەو مەبەستانەی کە لێکەوتەی ئاخاوتنیان تێدا بەدی دەکرێ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوە دەربڕین و گفتوگۆیانەی نێوان کەسایەتییەکان، کە نووسەر لە دەقی ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناون.

٣- میتافۆر وەکو مەبەستێك لەسەر بنەمای گرنگیدان بە واتای شاراوەو ناڕاستەوخۆ لە گوتندا بەکاردەهێنرێ، بەو پێیەی بەکارهێنانی میتافۆریش دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی و ناوەندی لە لێکدانەوەی پراگماتیکدا، چونکە مەبەستی سەرەکی پراگماتیك دۆزینەوەو دیاریکردنی واتای شاراوەو ناڕاستەوخۆی گوتنە. بۆیە بەکارهێنانی میتافۆر لەنێو دەقەکانی ڕۆمانەکەدا ڕێژەیەکی زۆر و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانەکەدا بەدیدەکرێ، بەتایبەتیش لە لادان و بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی ـ میتافۆردا.

٤- ژمارەی لێکەوتە ئاخاوتەییەکان کە لەکۆی ئەو (٩٥) دەق و گوتنانەی هەڵهێنجراون، بریتین لە (١٠٠) لێکەوتەی ئاخاوتەیی.

٥- ژمارە و ڕێژەی بەزاندن لە بنەماکانی هاریکاری لەکۆی گشتی ئەو دەقانەی کە لە ڕۆمانەکەدا وەرگیراون و دەستنیشانکراون، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوتە ڕوو:

خشتەی بەزاندنەکان

| ڕێژە | ژمارە | جۆری بەزاندنەکان | ژ |
|---|---|---|---|
| ٪٣٧ | ٤٦ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای یەکەم ـ خواستن(میتافۆر) | ١–أ |
| ٪٢ | ٢ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای یەکەم ـ ئاماژەکردن | ب |
| ٪٥ | ٦ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای یەکەم ـ توانج | ج |
| ٪٢ | ٣ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای یەکەم ـ زێدەڕۆیی | د |
| ٪١ | ١ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای یەکەم ـ درۆکردن | هـ |
| ٪٢ | ٣ | بنەمای چۆنیەتی ـ بنەمای دووەم | و |
| ٪٢٠ | ٢٤ | بنەمای پەیوەندی | ٢ |
| ٪٩ | ١١ | بنەمای چەندێتی ـ بنەمای یەکەم | ٣–أ |
| ٪١٠ | ١٣ | بنەمای چەندێتی ـ بنەمای دووەم | ب |
| ٪٤ | ٥ | بنەمای شێواز ـ یەکەم ـ ناڕوونی | ٤– أ |
| ٪٢ | ٣ | بنەمای شێواز ـ دووەم ـ لێڵی | ب |
| ٪٤ | ٦ | بنەمای شێواز ـ سێیەم ـ درێژدادڕی | ج |
| ٪٢ | ٣ | بنەمای شێواز ـ بنەمای چوارەم ـ ناڕێکی لە گوتن | د |
| ٪١٠٠ | ١٢٦ | | |

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی


- ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف (٢٠١٣) ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- ئاوات ئەحمەد صالح،(٢٠٠٩) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاّحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
- باباڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ (٢٠١٣) شیکردنەوەی دەق، نوکتە بەنموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، کۆیە.
- بەکر عومەر عەلی – ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠٠٩) پەیوەندی سیمانتیکی و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشیB ،ژمارە(٢٦).
- بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠) میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، سلێمانی.
- ـــــــــــــ (٢٠١٤) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر
- بەهار زایر محمد (٢٠٠٩) زمان و یاسا کۆمەلاّیەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
- بێری یاسین حسین (٢٠١٢) هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان((ماکرۆپراگماتیکی فراوان)) لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە–زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.
- بیستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢) کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- تالّیب حسین علی (٢٠١١) واتاسازی، چاپی یەکەم، هەولێر، کوردستان.
- ـــــــــــــ (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر.
- تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨) مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، سلێمانی.
- دارا حەمید ( ٢٠١٠) واتاسازی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

- ــــــــــــــ (٢٠١٢) شیکاری رستەی ئاڵۆز لە روانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی پەروەردە، کەلار.
- ڕەحیم سورخی (٢٠٠٨) پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری، دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر.
- سازان رەزا موعین (٢٠٠٥) واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە- زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.
- سروە فیصل عزیز (٢٠١٠) بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە- زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.
- شێرازاد سەبری عەلی (٢٠١٣) ڕازیکرن دگوتارا ڕامیاریدا، ڕێڤەبەریا چاپ و بەلاڤکرنێ ـ دهۆک، چاپخانا پارێزگاها دهۆک، دهۆک، کوردستان.
- ــــــــــــــ (٢٠١٤) پراگماتیك، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
- شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١١) تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی،چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
- شیلان عوسمان عەلی (٢٠٠٩) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان، دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- چۆلی ئەسعەد، ( ٢٠١٣) زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، سەنتەری مارگرێت و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
- طالب حسين علي (٢٠٠٥) تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ- زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ زانکۆی سەلاحە دین، هەولێر، ژمارە ٢٥.
- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللاّ، شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١١) زمانڤانیا تیۆری، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدولواحێد موشیر دزەیی (٢٠٠٩)، کاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ــــــــــــــ (٢٠١١) زانستی پراگماتیك، چاپخانەی پاك، هەولێر.
- ــــــــــــــ (٢٠١١) شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی چرا، هەولێر.

- عەبدولوەهاب خالید موسا، ( ٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، کوردستان.
- عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٩) سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زمان، کۆیە.
- محەمەد مەحوی ( ٢٠٠٩) زانستی هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١) زمانەوانی، ئەکادیمیای کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- نایف خرما (٢٠١٣) چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و: شهاب شێخ طیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
- نەوزاد ئەنوەر عومەر (٢٠١٤) هەندێ لایەنی کۆمەلأیەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.
- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

## ٢- بە زمانی عەرەبی:

- أحمد مختار عمر (١٩٨٢) علم الدلالـة، ،ط١، الكويت.
- اسماء احمد معيكل (٢٠١٠) نظرية التوصيل في الخطاب الروائي العربي المعاصر، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية.
- أوستين ( ١٩٩١) نظرية أفعال الكلام العامة ، ت: عبدالقادر قينيني، دار افريقيا الشرق، الدار البيضاء.
- برهان شاوي (٢٠٠٣) مدخل الى نظريات الصحافة والاعلام والاتصال اللغوي، دار الكندي، عمان.
- بيرجيرو(١٩٨٨) علم الاشارة السيميولوجيا، ترجمة عن الفرنسية: منذر العياشي، ط١،دار طلاس، دمشق.
- بيرغيرو (١٩٩٩) سيميائيات التواصل الاجتماعي، ت: محمد العماري، مجلة علامات، العدد ١٢، مكناس، المغرب.

- بيير باولو جيجليولي (٢٠٠٧) اللغة والسياق الاجتماعي، ت: محيى الدين محسب، مجلة الخطاب الثقافي، العدد الثاني، جامعة الملك سعود، الرياض.
- تمام حسن (١٩٩٤) اللغة العربية معناها و مبناها، دار الثقافة، مطبعة النجاح الجديدة، دار البيضاء، المغرب.
- جيفري ليتش (٢٠١٣) مبادي التداولية،ت: عبدالقادر قنيني، افريقيا الشرق، المغرب.
- حسن بدوح(٢٠١٢) المحاورة، ط١، عالم الكتب الحديث، ط١، اربد ، الاردن.
- خليفة الميساوي (٢٠١٢) الوصائل في تحليل المحادثة،عالم الكتب الحديث، ط١، اربد، الاردن.
- دليل محمد بوزيان والاخرون (٢٠١٠) اللغة والمعنى، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط١، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت، لبنان.
- رضوان القضماني (٢٠٠٧)نظريَّة التَّواصل المفهوم والمصطلح، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية _ سلسلة الآداب والعلوم الإنسانية المجلد (٢٩) العدد (١) .
- رعد رفعة محمد مولود (٢٠١٠) مكونات الخطاب، گۆڤارى زانكۆى كۆيه، ژماره ١٦.
- رومان ياكبسون (١٩٨٨) قضايا الشعرية، ت: محمد الولي و مبارك حنون، دار توبقال للنشر، دار البيضاء.
- زهوة عشور (٢٠١٤) الاستلزام الحواري في ارشاد الفحول الى تحقيق علم الاصول الشوكاني، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة مولود معمري- تيزي وزو، الجزائر.
- سحر كاظم حمزة الشجيري (٢٠٠٢) نظرية التوصيل في نقد الادبي العربي الحديث، رسالة ماجستر، كلية التربية، جامعة بابل.
- الطاهر الجزيري ( ٢٠١٢) الحوار في الخطاب، مكتبة افاق،ط١،الكويت.
- الطاهر بن حسين بومزبر (٢٠٠٧) التواصل اللساني والشعرية، دار العلوم العربية و ناشرون،ط١،الجزائر.
- طه عبدالرحمن ( ١٩٩٨) اللسان والميزان أو التكوثر العقلي، المركز الثقافي العربي، ط١،الدار البيضاء.
- عادل فاخوري (٢٠١٣) محاضرات في فلسفة اللغة، دار الكتب الجديد المتحدة، بنغازي.

- عبدالقادر عبدالجليل (٢٠٠٢) علم اللسانيات الحديثة، دار الصفاء للنشر، ط١، عمان.
- عبدالله ابراهيم و سعيد الغانمي و عواد علي ( ١٩٩٦) مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، بيروت.
- عصام سليمان الموسى (١٩٩٧) المدخل الى الاتصال الجماهيري، مكتبة الكتابي للنشر والتوزيع، ١٩٩، الاردن
- العياشى أدراوي، (٢٠١١) الاستلزام الحواري في التداول اللساني، ط١، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت.
- فرانثيسكو يوس راموس (٢٠١٤) مدخل الى الدراسة التداولية،ت: يحيى حمداي، دار نيبور للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، ديوانية.
- فليب بلانشية (٢٠١٢) التداولية من اوستن الى غوفمان،ت: صابر الحباشة و عبدالرزاق الجمايعي، عالم الكتب الحديث ، ط١، اربد.
- فندريس (١٩٥٠) اللغة، ت: عبد الحميد الدواخلي ومحمد القصاص،مكتبة الانجلو المصرية ـ القـاهرة.
- كادة ليلى (٢٠٠٩) ظاهرة الاستلزام التخاطبي في التراث الساني العربي،مجلة علوم اللغة العربية وادابها، معهد الاداب واللغات، المركز الجامعي بالوادي، عدد١، مارس، الجزائر.
- لطفي بو قربة (٢٠٠٣) محاضرات في اللسانيات الاجتماعية، معهد الاداب واللغة جامعة بشار، الجمهورية الجزائرية الدمقراطية الشعبية.
- محمد الزليطني (٢٠٠٧) المقاربة التداولية (قضية لغوية)، جامعة الملك سعود، السعودية.
- محمد محمد يونس علي (٢٠٠٤) مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب،ط١، دار الكتب الجديد المتحدة، بنغازي.
- محمد نظيف (٢٠١٠) الحوار والخصائص التفاعل التواصلي ، افريقيا الشرق، دار البيضاء.
- محمود احمد نحلة ( ٢٠٠٢) افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر،دار المعرفة الجامعية.
- محمود احمد نحلة (١٩٩٩) نحو نظرية عربية للافعال الكلامية، مجلة الدراسات اللغوية، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الإسلامية، المجلد الاول، العدد الاول، الرياض.

- محمود السعران (١٩٦٢ ) علم اللغة مقدمة للقارىء العربي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
- محند الركيك (٢٠٠٥) نظرية التواصل في ضوء اللسانيات الحديثة، مجلة علامات، العدد ٢٤، المغرب.
- مراد حاج محند ( ٢٠١٢) السياق و دوره في استنباط الاحكام النقدية التراثية، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة مولود معمري– تيزي وزو، الجزائر.
- نورالدين اجعيط (٢٠١٢) تداوليات الخطاب السياسي، ط١، عالم الكتب الحديث، اربد.

## ٣- به زمانى ئینگلیزى

- Anna Verbuk (2009) Proceedings of the 3rd Conference on Generative Approaches to Language Acquisition North America.
- Chris Potts ( 2012) Conversational implicature: an overview, Ling 236, April ,Stanford University.
- Cockcroft, S. (1999). Investigating Talk. London: Hodder & Stoughton.
- Cummings, L. (2005) Pragmatics: A Multidisciplinary Perspective. L. Erlbaum Associates.
- Elizabeth Koutoupis-Kitis.M.A. (1982) problems connected with the notion of implicature, University of Warwick.
- Gazdar, Gerald (1979) Pragmatics, Implicature, Presupposition and Logical Form. Florida Academis Press. INC
- Grice, H.Paul (1975) Logic and Conversation. New York: Oxford University Press.
- Grundy, P. (2000) Doing Pragmatics. London: Arnold
- Janet dean (1997) Semantics: Theories of Meaning in Generative Grammer, New York: Crowell.
- jef verschueren(1999) understanding pragmatics. London.

- Leech, G. & J. Thomas, (1990) Language, meaning and context: Pragmatics. In N. E. Collinge (Ed.), An Encyclopaedia of Language. London: Routledge
- Leech, G. (1983)The principles of pragmatics. Longman and new York.
- Levinson, Stephen. (1983) Pragmatics. Cambridge: Cambridge University Press
- Matthew Schoolfield(2007) A Thesis on Grice's Theory of Conversation.The University of Edinburgh
- McCarthy, M. (1991)Discourse Analysis for Language Teachers. Cambridge: Cambridge University Press.
- McCarthy, M. & R. Carter. (1994)Language as Discourse: Perspectives for Language Teaching. London: Longman.
- Mey. J. L. (1993) Pragmatics: An Introduction. Oxford: Blackwell.
- Nofsinger, R. E. (1991) Everyday conversation. Newbury Park: Sage.
- Nolasco, R. and L. Arthur. (1987) Conversation. Oxford: Oxford University Press.
- Roman Jakobson (1987 ) Language in Literature , USA
- Schutz. A. and T. Luckmann (1974). The structures of the life world. London, Heinemann.
- Wolfson, N.(1983) 'Rules of speaking' in J. Richards and R. Schmidt (eds.) Language and Communication . London: Longman.
- Yule, G (2000) pragmatics, oxford, oxford university press.

## ٤- پێگە ئەلیکترۆنییەکان:

أ- بە عەرەبی:


http://www.djelfa.info/vb/archive/index.php/t-232402.html

- رخرور أمحمد، التداولية ومنزلتها في النقد الحديث والمعاصر، 29-12-2009، الجزائر.
- عادل الثامري( ٢٠٠٩) التداولية واللسانيات http://www.doroob.com
- عبد القادر عواد، آليات التداولية في تحليل الخطاب الخطاب الأدبي أنموذجا https://wikileaks.org/.../128989_%3F%3F%3F%3F%3F%20%3F%3F%3F...
- محمد داود، نظرية السياق http://www.mohameddawood.com


ب- بە ئینگلیزی:


- http://link.springer.com/book/10.1007%2F978-94-007-7954-9
- https://bahanajarmanpkp.files.wordpress.com/.../convers...
- https://en.wikipedia.org/wiki/Jakobson's_functions_of_language
- https://www. Jacques Moeschler,Conversational and conventional implicatures, Department of linguistics, University of Geneva
- https://www.biblioteca.unirioja.es/tfe_e/TFE000347.pdf
- https://www.gsid.nagoya-u.ac.jp/oshima/...2012-2013/.../Prag...
- httpweb.mit.edu24.954wwwfilesvanrooy.implicature.pdf

# خلاصة الدراسة

تعنى هذه الاطروحة الموسومة، ب(الاستلزام الحواري في الرواية الكوردية) بدراسة الجانب التداولي من خلال مبدأ التعاون ل(غرايس) و كيفية خرق هذه المباديء ضمن اطار الاستلزام الحواري و تطبيقه على الرواية الكوردية ( تەمی سەر خەرەند) لشيرزاد حسن.

و جاءت الدراسة في ثلاث فصول تسبقها مقدمة و تختم بنتائج البحث.

يضم الفصل الاول ثلاث المباحث: المبحث الاول فيعنى بتوضيح عملية الاتصال مع بيان اهم الوظائف وخصائص الاتصال. المبحث الثاني ويضمن مفهوم السياق مع السياق اللغوي و غير اللغوي.

ويقع الفصل الثاني في خمس مباحث: يضم المبحث الاول عرض ملخص لنظرية افعال الكلام ل(اوستن وسيريل)، المبحث الثاني فيتناول موضوع الاستلزام و انواع الاستلزام الحواري، المبحث الثالث فيختص لبيان مبدأ التعاون لدى(غرايس)، المبحث الرابع فخصص لبيان اهم المباديء الاحترام لدى (ليتش)، اما الفصل الثالث وهو الجانب التطبيقي للبحث، وخصص لتطبيق المباديء على النصوص المأخوذة من الرواية الكوردية.

وبيان نوعية المبدأ الذي خرق فيه و الاستلزام الحواري لكل نص.

وختم البحث بعرض ماتوصل اليه من نتائج في عدد من النقاط، وتصفف المصادر هو الخاتم البحث.

// Abstract

This research is entitled (Conversational Implicature in Kurdish novel), as subject of semantic at the level of pragmatic which focuses on Grice’s cooperative principles. These linguistic inconsistencies will obtain as a result of exceeded of principles and how to apply it in Kurdish novel. The novel of (Temi Ser xerend ) for novelist Shirzad Hasan, has chosen as an example. This research is followed the analytical method in samples analysis.

This research consists of three chapters and its results, which shows following:

Part one: This part consists of three main sections. Section one is discussed of the communication process, which is included, Types of communication process, function of communication process, how to apply the communication process and its own characteristics and races of communication process. Section two is talked about parties and types of parties. Regarding to section three is about conversation and its rules. Moreover, this section talks of conversation analysis and the stages of conversation analysis. Then, this section focuses on internal and external race which are contributed to the conversation, as well as, the conversation analysis styles is showed.

Part two: this part is included some sections. Firstly, the process of Conversation appears. Then, the conflicts and its types are focused, as well as, Grice’s cooperative and respect principles is discussed. And then, how overlapping those principles are analyzed which examples. At the end of this part the relationship between “Metaphor” and conversation reflecting is mentioned.

Part three: this part is a practical part of this research. Firstly, the personality of writer of this novel is focused. Then, the summary of

this research is explained. And then, the focus is about how to identify examples. After that, section four is about inconsistency and conflict Grice's cooperative principles. Each example of the text in the novel which is chosen is selected with its kind of conflict and those conversations interference which optioned as a result of inconsistency of the principles. Finally, all of them are devised and analyzed.

Finally, the results of this research that have gotten are mentioned within some points.

The sources that used in this research are taken serially at the end of this research.

حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالي و البحوث العلمي
جامعة السليمانية
فكولتي العلوم الانسانية
سكول اللغات

# الاستلزام الحواري في الرواية الكوردية

رسالة

مقدمة الى مجلس سكول اللغات، فكولتي العلوم الانسانية، في جامعة السليمانية،
جزء من المتطلبات نيل على شهادة دكتورا في اللغة الكوردية.

من قبل
**بدرخان سليمان علي**

المشرف
**أ. د. طالب حسين علي**

٢٠١٥ م ٢٧١٥ ك

**Kurdistan Regional Government-Iraq**
**Ministry of Higher Education & Scientific Research**
**University of Sulaimani**
**Faculty of Languages and Humanities**
**School of Language**

# A Conversational Implicature in the Kurdish Novel

A Thesis
Submitted to Council of School of Language, Faculty of Humanities at University of Sulaimani
In Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Philosophy Doctorate in Kurdish Language

By
**Badrkhan Suleiman Ali**

Supervised by
**Professor Dr. TalIb Husain Ali**

2015 A.D 2715 K